
# ژیانی فەقێیاتی لە کوردستان دا
## لەسەدەی ١٣ و ١٤ی کۆچی دا

مەلا محەمەد عەلیاوەیی



د. فوئاد مەعسوم
پێشەکیی بۆ نوسیوە

ئامادەکردن و ڕێکخستنی
د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی

مەلا محەمەد عەلی عەلیاوەیی

# ژیانی فەقێیاتی لەکوردستان دا

## لەسەدەی ١٣و ١٤ ی کۆچی دا

د. فوئاد مەعسوم

پێشەکیی بۆ نوسیوە

ئامادەکردن و رێکخستنی

دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی

سلێمانی ٢٠٠٣

❖ ژیانی فەقێیاتی لەکوردستاندا لەسەدەی ١٣و ١٤و کۆچیدا

❖ نووسینی: مەلا محەمەد عەلی عەلیاوەیی

❖ ئامادەکردن و ڕێکخستنی: دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی

❖ چاپی یەکەم ٢٠٠٣

❖ پیتچنین: ڕۆژگار مەعروف، سازان عومەر، هێمن نورەدین

❖ مۆنتێر: شۆڕش ئەحمەد

❖ ژمارەی سپاردن (٣٧٧)ی ساڵی ٢٠٠٣.

## پێشەکی

مزگەوت لەکوردستاندا، مەڵبەندی خوێندەواریو رۆشنبیری بوە، زانایانو شاعیرانو نوسەرانو کەسایەتیە ناودارەکانی کورد لەمزگەوت پێگەیشتوون، کە بەمێژوی کورددا دەچین دەبینین سەرکردەکانی شۆڕشەکانی کوردستان، لەحوجرەی مزگەوتەوە هاتوون، ئەمەش وەنەبێ تایبەتمەندیەکی تەنیا کوردستان بووبێ، بەڵکو تا چەند دەساڵەیەك لەچەرخی رابردوو، لەوڵاتە ئیسلامیەکان هەر بەهەمان شێوە بوو، رۆشنبیرەکانی میسر کەکاریگەریەکی دیاریان لەسەر وڵاتانی دەوروبەری خۆیان هەبوو، بەعیراقو کوردستانیشەوە.. لەئەزهەر دەرچوون، تەنانەت کەئاوڕ لەمێژوی زانکۆکانی ئەوروپا دەدەینەوە.. دەبینین خوێندنگاکانیان سەر بەکەنیسە بوونە، تەنانەت لەزۆر لەو زانکۆیانە ئێستاش پارێزگاری لەهێندێ نەریتو تەقالیدی ئەوسایان دەکەن، بەڵام لەو وڵاتانەدا توانیان ئەو قوتابخانەو خوێندنگایانە بەرەوپێشەوە ببەن، بەوەندە رازی نەبوون هەر ئەو خوێندنانەیان تێدابێ کە راستەوخۆ خزمەت بەخودی ئایین دەکات بەڵکو جغزی خوێندنیان فراوان کردو دوایی زانکۆو کەنیسەو مزگەوت لێك جیاواز کرانەوە. زانکۆی زەیتونە لەتونسو زانکۆی (الازهر) لەمیسر لەتەك کۆلیجە ئاینیەکان دەیان کۆلیجیان تیاکراوەتەوە کەپەیوەندیان بەئایینو مزگەوتو کەنیسەوە نیە.

بەڵام لەکوردستان ئەمە بەدی ناکرێ، ئەویش دەیان هۆی سیاسی هەبوە وایکردوە خوێندنگا بەناوبانگەکانی وڵاتی کوردەواری نەگەنە ئەو رۆژەی گەشە بکەنو ناویان بمێنێ. لەکوردستان، بەتایبەتی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان، خوێندنی مزگەوت روو لەکزی بوو، دوای جەنگی دوەمی جیهان ئەم کزیو لاوازییەی پتر پێوە دیاربوو دواتر لەپەنجاکانو بەتایبەتی لەشەستەکانا بەرەو نەمان رۆیشت. ئیمرۆ فەقێیاتی تاك وتەرا لەهێندێ شوێن ماوە، بەڵام ئەویش هەر

بەناوە، ناوەڕۆکی نیە. نەئەو مامۆستایانە ماون، نەئەو خوێندکارە لەخۆبوردوانەی مەبەستیان هەر علم بێ.. هەن.
سیستمی خوێندنی مەلایەتی لەمزگەوت، وەنەبێ یاساییکی نوسراوی هەبووبێ، خوێندکار پابەندی بێ، ئەگەر لەتاقیکردنەوە دەرنەچوو لەفوتابخانەکە وەدەربندرێ، دورخرێتەوە، بەلام نەریتی خۆی هەبوو کەرەچاوکراوە، گەیشتوەتە ئاستی یاسا، بێ ئەوەی دەسەلاتێك هەبێ ئەو یاسایە جێبەجێ بکات.
فەقێ بەهەموو ئەو کەسانە گوتراوە لەمزگەوت دەخوێنێ، بێ رەچاوکردنی پلەیان، کەئەوانیش لەناو خۆیاندا چوار قۆناخیان هەبوو:
١-سوختە، بەوانە دەگوترا لەئاستی خوێندنی سەرەتاییدا بوون کە لە ١٢-١٥ سالیەوە دەست پێدەکات، بەلام هەبوو وەك کوڕە مەلا لەلای باوکی خوێندویەتی، یاخود لەمالی باوکی خۆی بوو نەچوەتە حوجرەو رۆژانە چوەتە لای مامۆستا بۆ دەرس خوێندن، ئەوانە لە ٨-١٠ سالیدا دەستیان بەخوێندن دەکرد.
٢-مقدمات خوێن. کەئەمە لەئاستی ناوەندی ئێستا بوو.
٣-ناسکە موستەعید کەئەویش لەئاستی دواناوەندی بوو.
٤-موستەعید لەئاست خوێندنی زانکۆ.
موستەعید کەخوێندنی تەواو دەکرد ((ئیجازە))ی پێ دەدرا، وەك ئیمڕۆ کە لەزانکۆ دەردەچێ لیسانس یا بەکالوریۆس وەردەگرێ.
فەقێ ئازادبوو لەچ شارێك، لەچ گوندێك، لەلای چ مامۆستایەك بخوێنێ، فەقێ دەیتوانی، هێندێ کتێب هەیە کەنەریت وابوو بخوێندرێن، لەجیاتی ئەوانە کتێبی کەی خوێندوەو مامۆستاش ئامادە بوە لەو کتێبە دەرسی پێ بلێ. هێندێ فەقێی زیرەك هەبوو لەهەر کتێبێك چەند دەرسێکی خوێندوە بۆ ئەوەی تر پشتی بەخۆی بەستوە، پێویستی بەمامۆستا نەبوە بەلکو چوەتە سەر کتێبێکی تر، ئەویش بەهەمان شێوە دوای چەند دەرسێك بەجێی هێشتوە بۆ کتێبێکی بالاتر، دیارە ئەوانە فەقێ زۆر زیرەکەکان بوون کەویستویانە خوێندن زوو تەواو بکەن.

لەناو مەلاو فەقێیان دەزاندرا کام مەلا لەو عیلمەدا بالآدەستە بۆیە فەقێ شانازی بەوە دەکرد ئەو کتێبەی لای فلآن مامۆستا خوێندوە کە لەو عیلمەدا زۆر شارەزا بوە، بۆ عیلمێکی تر چوەتە لای مامۆستایەکی تر کەئەویش لەوبوارەدا ناوی هەبوە.
کوردستان بەشێوەیەکی گشتی پڕ بوە لەمەدرەسەو زانایانی گەورەو ناودار کە لەزۆربەی ولآتانی ئیسلامی‌یەوە روویان تێکردوونە، لەباوکم بیستوە کەخۆی (لەپێش جەنگی یەکەمی جیهان) لەمەدرەسەی باوکی (مەلا خدری هەورامی) لەکوڕی فەقێی دیوە لەبوخاراو سەمەرقەندەوە هاتوون بۆ خوێندن.
واتە فەقێ بەئازادی هاتوچۆی کردوەو بەئازادی شوێنی خوێندنی خۆی هەڵبژاردوەو ئازادیش بوە لەوەی چ دەخوێنێ، بەمەرجێ مامۆستاکەی رازی بێ.
خوێندنی مەلایەتی وردەکاری‌و قوڵی‌یەکی زۆری تێدا هەبوو، وەنەبوو فەقێ هەر لەوەندە بوەستێ دانەری کتێب وای گوتوەو بیسەلمێنێ دەبا بزانی بۆ وای گوتوە، بۆچونی تر لەم مەسەلەیەدا چی‌یەو بەلگەیان چیە، کاتێك بابەتەکە کەپەیوەندی بەگرامەرەوە بوە، یاخود شەریعە، یا بەلاغە، دەگۆڕاو دەبوو بەبابەتێکی (منطق)و فەلسەفە، بەتایبەتی لۆجیکی ئەرستۆ بەسەر هەموو علمەکاندا زاڵ بوو، خۆ کە بابەتی لێکۆڵینەوە دەگەیشتە خودی (منطق)و فەلسەفە ئیتر ئەوکات دەکەوتنە دەریایەکی بێ قەراغ، بەگشتی مەلای کوردەواری ناسراوە کە لەبواری زانیاریە عەقلیەکان زیرەك‌و شارەزاو بەئاگاو لێهاتوون.
مەلای کورد گەیشتوەتە شەنگهای لەچین‌و بوخاراو سەمەرقەندو هیندو مەراکش‌و ئەفریقا، جگە لەمیسرو شام‌و حجازو ولآتانی رۆژهەلآتی ناوەڕاست.
فەقێ لەپێناوی خوێندن ژیانی سەختی بەسەربردوە لەشوێنی خۆی‌و کەس‌وکاری دورکەوتوەتەوە، هەر لەباوکم بیستوە، ئەویش لەباوکی کەبۆی گێڕاوەتەوە، جار هەبوە ٦ مانگ تامی گۆشتیان نەکردوە، سەفەری شاریان کردوە بۆ ئەوەی چەندجارێك بە بەردەم

کەبابخانەدا بێنو بڕۆنو بەڵکو بەبۆنی کەبابەکە سۆو تامەزرۆییان بشکێ، چونکە پارەی نانو کەبابێکیان نەبوە بیکڕنو بیخۆن.

بەڵام لەهەمان کاتیشدا مەلاو فەقێ هەوڵیان داوە خۆشی بخەنە ناو ئەو ژیانە سەختو پڕ هەژاریەیان، بۆیە لەناو فەقێو مەلادا نوکتە زۆر باوبوە. تەنانەت گۆشەیەکی نوکتەکانیان لەسەر جینسە.

مامۆستا مەلا محەمەدی عەلیاویم لەنزیکەوە ناسیوە، کەموستەعید بوو لەکۆیێ، لەلای باوکم دەیخوێند، دوایش کەبوو بەمامۆستا لەقوتابخانەی سەرەتایی‌و زۆرجار یەکترمان دەدیتو مەلا محەمەد لەکاتی خۆی ناسرابوو کەفەقێیەکی زیرەکی قسە خۆشو حازر جەوابو دەم بەپێکەنینە، ئەوەی بێتە بیرم هەر ئەو لەناو هەموو فەقێیەکانی کۆیێ کەژمارەیان زۆر بوو دەمانچەی هەبوو، تەنانەت شەوێك فیشەکی لەدەست دەرچوو دەستی خۆیو سوختەیەکی خۆی بریندارکرد.

لەو چەند لاپەڕەی نوسیویەتی باسی بەشێك لەژیانی فەقێیاتی‌و مەلایەتی دەکا، کەخۆزگە کتێبەکەی فراوانتر بکردباو دەشیتوانی فراوانتری بکا، باسی قۆناخەکانی خوێندنی مەلایەتی‌و کتێبو دانەری کتێبەکانی بکردابا.

مەلا محەمەد عەلیاویی وەنەبێ هەر شارەزایەکەی لەبواری مەلایەتی بووبێ، بەڵکو دەتوانم بڵێم زانایەکی کۆمەڵناسیش بوو. مامۆستا مەلا محەمەد دەرگایەکی تازەی کردەوە، پێش ئەو، وەك بزانم کەسێك وەها خۆی لێنەداوە.

د. عەبدوڵڵای کوڕی مامۆستا کارێکی باشی کرد کەئەم پەرتوکەی بەچاپ گەیاند، تابڵێی پەرتوکێکی خۆشو تەڕە، رات دەکێشێ بۆ خوێندنەوەی، تا تەواوی نەکەی ناتوانی دەستی لێ هەڵگری.

گیانی مامۆستا مەلا محەمەدی عەلیاویی خۆی بەسەرتا دەسەپێنێو رات دەکێشێ بۆ قسەکانیو لەگەڵیا پێدەکەنیو کەدەگەیە دوا لاپەڕە دەڵێی خۆزیا پتر درێژەی پێ بدابا.

**د. فوئاد مەعسوم**

# وتەیەک

لەساڵانی ١٩٧٦-١٩٨٠ ئەوکاتەی خوێندکار بووم لەزانکۆی مووسڵ، کە بەسەردان دەگەڕامەوە هەولێر، لەماڵەوە هەردەم باوکم دەدیت خەریکی خوێندنەوەو نووسین بوو، خەوی زۆرکەم بوو... لەهەمان کاتدا تووشی نەخۆشی دڵ هاتبوو، پزیشکەکان داوایان لێ دەکرد کە نابێت خۆی ماندوو بکات. بەڵام واپێ دەچوو ئەو دەیزانی کەنەخۆشییەکەی سەختە، لەبەرئەوە لەنووسین زۆر بەپەلە بوو. زیاتر لە (٢٠) دەفتەری (١٠٠) لاپەڕەیی لەقسەی نەستەق نووسی بۆوە... ئەو ڕووداوانەش زۆربەی بەسەرخۆی هاتبوو لەژیانی رابوردوی، یاخود بینیبووی یان بۆیان گێڕابۆوە.

لەساڵی ١٩٨٢ کەمامۆستابووم داوام لەباوکم کرد. شتێ لەسەر خوێندن‌و سیستمی فەقێیاتی لەکوردستان بنووسێتەوە، ئەویش داواکاریەکەی پەسەندکردو دەستی کرد بەنووسینی کتێبەکەو بەدوو قۆناغ تەواوی کرد... بەڵام پاش تەواوبوونی زۆری پێ نەچوو وەفاتی کرد. لەپاش خۆی زیاتر لە (١٠) دەستنووسی بەجێ هێشت. ئێمەش نەمان توانی بەچاپی بگەیەنین لەبەرهەندێ هۆی تایبەت‌و گشتی. بەڵام پاش وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرام لەسەر مێژووی کورد... دەستم کرد بەپاك نووسی هەندێکیان...و بابەتی فەقێیاتی لەکوردستان مایەوە تا بڕیارماندا لەگەڵ پرۆفیسۆر د. ئەرسن موسا سەرۆکی بەشی مێژوو لەکۆلیژی ئاداب، کەتوێژینەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین بەیارمەتی رێکخراوی یونیسێف‌و زانکۆی سەلاحەددین،

بەلاَم بڕیاریاندا کەبۆلای دوو شارەزای ڕەوانکەن بۆ نرخاندن یەکێك لەو شارەزایانە زۆر بەباشی لەسەری نووسی بوو کەدەبێ بەزووترین کات یارمەتی بدرێ بۆ بلاَوکردنەوەی پاش لێکۆڵینەوە... بەلاَم بەداخەوە ئەوەکەی تر دیاربوو کەشارەزایی لەمێژووی کورد نەبووە یاخود (لغرض في نفس يعقوب) زۆر بەناڕەوایی لەسەری نووسی بوو و داواشی کردبوو کەبۆ بلاَوکردنەوە ناشێو دژی هەستی نەتەوایەتیە...؟!

ئینجا منیش وام بەپەسەندزانی کەنووسینەکە وەکوخۆی بلاَوبکەمەوە، تاوەکو گوم نەبێ، چونکە ئەمە مێژووەو موڵکی میللەتەو خەڵك زۆربەی ئاگادارییان لەسیستەمی فەقێیاتی نییە لەم سەردەمەدا. حەیفە ڕۆشنبیرانی کورد بێ ئاگابن لەچۆنیەتی خوێندنی فەقێیاتی، ئەگەرچی لەسەرئەم بابەتەش شت بلاَوکرابێتەوە لەدوو سێ وتار زیاتر نیە.

**د. عبدالله علیاوەیی**

**۲۰۰۲/۸/۱۱ هەولێر**

## پێشەکی‌و پێش دەست

دەست پێدەکەم بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان‌و خاوەن بەزەیی بەهەموو گیاندارێك، سوپاس بۆ ئەو یەزدانەی کەوا تاکو تەنیایەو پەروەردگاری هەموو گیاندارێکە. درووود لەسەر هەموو نێردراوەکانی یەزدان بێ بەتایبەتی محەمەدی مەزن‌و هەروەها لەسەر ئالو ئەسحابەکانی‌و دوواکەوتوەکانی بێ تارۆژی قیامەت، بەتێکڕایی.

دەمێکە فەقێیاتی‌و مەلایەتی‌و چۆنیەتیان‌و رابواردنیان لەکوردستان نزیکە لەیاد بچێتەوە، کەئێستا ئێمە لەسەرەتای چەرخی (١٥)ی کۆچی دەژین، منیش ئێستا تەمەنم نزیکەی (٦٤) ساڵە، (٢١) ساڵ فەقێیاتیم کرد ئەوجا ئیجازەم وەرگرت لەشارۆچکەی رەواندوز، لەلای مامۆستای بەناوبانگ- مامۆستا عبدولکەریم ئەسعدە فەندی خەیلانی زادە لەساڵی ١٩٤٩ز (١٣٦٩ك)، لەکاتی فەقێیاتیم زۆر گەڕام لەکوردستانی عیراق‌و کەمێکیش لەکوردستانی ئێران. رابواردنی فەقێیایتم لەمەدرەسەی عومەدە (گەورە) بووە- لەلای مەلاچاکانی کوردستان، کە ئەوسا پەردە بۆ فەقێیاتی نەبوو لەنێوان کوردستانی عیراق‌و ئێران. نزیکەی (١٤) ساڵیشم مەلایەتی کرد- نەختێك لەرەواندوز لەسەر مزگەوتی باویلاغە بەیارمەتی قادر بەگی سەعیدبەگ‌و خزمەکانی، ئەمەکەی تریشم لەدێهاتەکان مەلایەتی کرد. لەدەشتی قەراج، هەندێکیش لەناو تالەبانی لەلای خوالێخۆشبوو شێخ فایق لەدەوروبەری شاری کەرکوکی کوردستان، ماوەکەی تریشم لەناو دزەیی مەلایەتی کرد لەلای ئاغای بەویقارو لێهاتوو ئیبراهیم حاجی ئەمین. هەرکات لەمەلایەتیم خاوەن مەدرەسە بوومە. لەساڵی ١٩٥٩ز (١٣٧٩ك) چوومە دەورەی مامۆستایەتی، لەساڵی ١٩٦٠ز بووم بەمامۆستا لەقوتابخانەکانی سەرەتایی میری. هەردەم لەکاتی مامۆستایەتیشم خاوەن فەقێ بوومە- ماوەیەك بەپیاوەتی‌و جوامێری مەلا بەهائەدین شێخ ئەحمەد

خەتێ- لەمزگەوتی سەخی بەناوبانگ حاجی سەید غەریب سەید فەرج لەگەڕەکی سێتاقان، ماوەیەکیش لەمزگەوتی حاجی فەقێ مراد بەیارمەتی شێخ عەبدوڵلا شێخ مەلا ئەحمەد ئەمین زێخانی... لەشاری هەولێر، خوا لەدنیاو قیامەت بەئامانجیان بگەیەنێ.

لەساڵی ١٩٨١ز (١٤٠١ك) تەقاویت کرام‌و دەستم کرد بەدەرس وتنەوەیی فەقێیان... من لەبابەت فەقێیاتی‌و مەلایەتی لەکوردستان زۆر شارەزامە، بیستوومەو پرسیارم کردوە لەکاتی خۆی لەمامۆستاکانی بەساڵاچووی، لەم کاتەی ئێستادا لەعیراق‌و کوردستان تابلۆی بەتۆزو گەردو تەنگوچەڵەمەیە بەهۆی جەوری ناڵەباران‌و زۆرداران.

بەڵام کوڕێکی ناو عبداللەم[1] هەیە زۆری هاندام بۆ نووسینی ئەم نامیلکەیە بۆ یادگاری‌و گوم نەبوونی فەقێیاتی‌و مەلایەتی لەکوردستان، ئەگەرچی پیری شڕی کردوومە!

حاجی قادری شاعیری کوردی بەناوبانگ وتویەتی:

"چاوەکەم تۆش پیرەبی ریشت دەبێتە گۆڕەوی گەر بفەرمووی من فلانم پێت دەڵێن توخوا هەوی"

دەبێ بشزاندرێ کە: ئەو مەلاچاکانەی لەکوردان هەڵکەوتووە لەچ تیرەو رەگەزی تر وا هەڵ نەکەوتووە... مەلاکانی کورد شتیان زانیوە بەرەگوریشەوە، لەهەموو جۆرە عیلمێك دەستێکی باڵایان هەبووەو هەیە.

مەلاکانی کورد خزمەتێکی زۆری ئایینی ئیسلامیان کردوە لەنووسینی تەفسیرو حەدیس‌و دانانی کتێب لەهەموو جۆرە زانستێك، لەو مەلایانە: ئیمامی رافعی، سەعدی تەفتازانی، ئیمامی بوخاری، قطب ئەدین رازی، سێبوەیهی جاراللە زەمەخشەری،... ئەمانە زۆربەی نووسینەکانیان بەزوبانی عەرەبی بووە. هەندێ ئەدەبیاتیان لەشیعرو شت بەزوبانی فارسی بووە جگە لەهەندێکیش بەزوبانی کوردی.

---

[1] مەبەست د. عبداللە علیاوەیی‌یە.

تاوەکو دوایی جەنگی یەکەمی جیهانیش زوبانی فارسی هەر باوبووە. بەلاّم کەئینگلیز دەستی بەسەر عیراقو کوردستاندا گرتو عوسمانی لەناوچوون، لەکوردستان خوێندن بەکوردی وردە وردە دەس پێکرا لەقوتابخانەکاندا، تاکو بەم رادەیە سکالاّو شت لەدائیرەکانیش بەکوردی دەنووسرا، کەچی لەکاتی عوسمانیەکان خوێندن لەقوتابخانەکان بەتورکی بووە، کەمێکیش بەعەرەبی.

لەپاش شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ی‌ز مەلەکی لەعیراق روخاو بووە کۆماری، میری بڕیاریدا: کوردو عەرەب هاوبەشن لەولاّت، برەودرا بەزوبانی کوردی لەقوتابخانەکان تاوای لێهات لەکوردستان هەرچی بنووسرایە زۆربەی بەزوبانی کوردی بوو، کەچی لەکوردستانی ئێران شت هەر لەسەردەقی خۆی مایەوە. زۆرکەس بەناهەق مەلاکان تاوان باردەکەن لەبابەت برەو پێنەدان بەخوێندنو نووسینی کوردی، بەلاّم ئەمە هەلّەیەو بەردی بێگانەیە ئەگینا مەلاو شێخ مەبەستیان خزمەتی ئایین بووە چی ترنا، دەبا چینی تر بەو خزمەتە هەلّستا بایانە، بەلاّم کوردەواری وتوویانە:

هەنجەتی ترِ نانی جۆیە/ ئەگینا ترِ لەکێو تەوور داس لەکێ؟ کوردستان لەژێر دەستی خوێن مژانی فارسو تورك بوو مەلای بەستەزمان چی بکا..؟ لەهەمان کاتدا کوردستان پاش جەنگی یەکەم ١٩١٨ز پارچە پارچەکرا بەرەسمی:

١-کوردستانی تورکیا- کوردستانی گەورە
٢-کوردستانی ئێران.
٣-کوردستانی عیراق.
٤-کوردستانی سوریا.
٥-کوردستانی عروس (سۆڤیەت).

کوردستانی عروس هەرناوی نەما- چ جای مەلاو فەقێو مزگەوت، تاکو بەم رادەیە حەج کردنیشیان قەدەغەکرد لەموسلّمانەکان. کەسیش لەسەریان

وەجواب نەهات- کوردستانی تورکیاش موستەفا کـەمال ئـەوەی کوشـتنیو ئەوەی زیندەبەچاڵی کردنو ئەوەی پێی بارکردن لەخۆرهـەڵات بـۆ خۆرئـاوا، تاکو بەم رادەیە زمانی خۆیان لێ قەدەغە کرا، ئەوەی بەزوبانی کوردی قسەی بکردبایە (٨) دۆلار جەزای بوو جگە لەبـەندکردنی، لەشـارەکانی تورکیـاش زۆربـەی مزگـەوتو تەکیـەو خانەقایـەکانی تێکـدا. بـانگی کـردە تورکـیو نووسینی قورعانی (قورئان) کردە لاتینی.. کوردی تورکیا قلەقلە فەقێیان دەهاتە عیراقو ئێران بۆ خوێندن (خۆم لەساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٣ فەقێیەکی کوردی تورکیام هەبوو ناوی ئەحمـەد بـوو) لـەپاش چونـەویان نابایـە بڵێـن: خوێندومانە ئەگینا لەناوی دەبردن. کوردسـتانی سوریاش هەروەتـە نـەختێ لەکوردستانی تورکیا چاك تربوو و بەڵام ئەویش فەقێو مەلایان نـەما... زۆر بەکەمی فەقێی کوردی سوریا لەعیراقو ئێران دەدیتران.

مەدرەسەی فەقێیان لەکوردستانی ئێرانو عیراق بەرەوپێش کـەوتن بـوو، کەم دێ هەبوو بێ مەدرەسەو فەقێ بایە، بەڵام دێهاتی بـێ مـەلاو مزگـەوت هەرنەبووە لەکوردستانی ئێرانو عیراق.

پاش شۆڕشی تەمموزی ١٩٥٨ی‌ز لەعیراق مەلاو فەقێو مەدرەسـە کەوتنـە باری کزی، لەکوردستانی ئێران هەر لەسەر حاڵی خۆی مایـەوە تـاکو سـاڵی ١٩٧٩ی‌ز کەشۆڕشـی ئـێران سـەرکەوتو پاشـایەتی لـەناوبرا، لـەوێش مـەلاو فەقێو مەدرەسە بەرەو نەمان ڕۆیشت، بووە شەڕی براکـوژیو تێـك بـەربوون، ئەمە جگە لەشەڕی عیراقو ئێران.

لەسـاڵی ١٩٥٩ی‌ز مـیری لـەعیراق دەورەی کـردەوە بـۆ خوێنـدەوارە ئایینییەکان بـەجۆرە مـەلاو فەقێیـەکی زۆر پـاش دەرچوونیـان لـەئیمتحان کران بەمامۆستا لەقوتابخانەکانی سەرەتایی میری.

ئەمە لەلایەك باش بوو بۆ ئیدارەو گوزەران کردن، لەلایەکیش خراپ بـوو کـەوا مـەلاو فـەقێ کـەم بوونـەوە. دەبـێ ئـەوەمـان لـەیاد نـەچێ کـەخاوەن دێهاتەکانو فەلاحو مسکێنەکان دەستێکی باڵایان هەبوو بۆ خزمەتی مەلاو

مەدرەسە.. لەشارەکان خەلکەکە قسوریان نەکردوە بۆ خزمەتی فەقێو مەدرەسە.

منیش بەیارمەتی خوا دەستم پێ کرد بەنووسینەوەی فەقێیاتی لەکوردستان بەکوردییەکی تێکەڵاوی تاکو هەمووکەس سوودی لێ وەربگرێ ئەگینا توانامان هەیە کەوا بەشێوەیەکی وەها بنووسین کەووشەی بێگانەی تیانەبێت، چونکە من نزیکەی (٢٠) ساڵم ڕێزمانی کوردی وتۆتەوە لەقوتابخانەکانی میری. جگەلەمەش شارەزاییەکی باشم هەیە لەئەدەبیاتی کوردی... بەڵام بەو شێوەیەی کەمن دەینووسم هەموو جۆرە کەسێك لێی تێ دەگات. تاکو چەرخی ١٤ی ك خوێندنی ئایینی چینی دەوڵەمەندو ئیش لەدەست پێی هەڵدەستان وەکو: کوڕە پاشاو کوڕی مەلیكو کوڕی توجاڕو کوڕی وەزیرو شێخەکانی تەریقەتو خاوەن دێهات... کەم وابووە چینی هەژار بین بەمەلا چاكو پێ هەڵستن- چونکە لەبەر هەژاریو دەس کورتی بۆیان نەدەکرا... لەلایەکی تریشەوە کاربەدەستانی دەوڵەت دەبوایە هەمووی مەلاچاك بن، کەواتە هەژار پێش هەڵستابایە زۆر سوودی دنیایی لێ بەدەست نەدەکەوت... نموونە زۆرن لەو کوڕە باوك باڵا دەستانە لەمانە: عصام کوڕی عەرەب پاشا بوو ئەوپەڕی مەلا چاکی بووە لەسەر هەر عیلمێك تەئلیفاتو تەعلیقاتی هەیە، لەعیلمی بەلاغەت کتێبی: ئەطوەلی نووسیوە لەسەر تەلخیص، شێخ مەعروفی نۆدەهیو مەولانا خالیدو شێخ ئیسماعیل ولیانیو شێخ نورەدینی بریفکی... شێخە ئیسلامەکانی دەوڵەتی عوسمانی هەمووی مەلا چاك بوونە، پاشاکان هەروا.. بەڵام کەبووە چەرخی (١٤)ی ك وردە وردە گەورەکان وازیان هێناو هەژارەکان چوونە ناوێ قلەقلە لەوانەی پێشوتیامانەوە وەکو جەنابی مەلا فەندی هەولێرو باوکی، جەنابی شێخ ئەبوبەکری هەرشەمیو شێخ مستەفای کوڕی (قدّس سرّهما)، جەنابی مەلای کۆیی جەلیزادەو باوکی، شێخی قەرەداغی، مەلا ئەسعەدە فەندی خەیلانیو

باوكو كوڕە زیرەكەكەی مەلا عەبدولكەریم... بنەماڵەی حەیدەری یەكان... هتد.

بەڵام پاش جەنگی یەكەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) خانەدانەكان بەزۆری وازیان لەخوێندنی ئایینی هێناو چونە قوتابخانەكانی میری... خوای مەزنیش نابێ ئەم دینە بپڕێنێتەوەو دەبێ مەلایەتیو فەقێیایەتی بەردەوام بن. جا چینی هەژار خۆیان هەڵ كردو پاڵەوانانە چوونە ناو خوێندنی ئایینیو تاكو لەئەنجاما مەلای چاكیان لێ هەڵكەوت جگە لەهەژاری نەبێ. پیاوە گەورەكانو خاوەن دێهاتەكان دەبایە هەمووی قورعان خوێن بنو خەتو سیوادیان هەبێو زوبانی فارسیو عەرەبیو توركی بزانن، هەریەكە لەمانە میرزایان هەبوو، معاشیان داوەتێ، كەمیرزا دەبوایە: عەرەبی، فارسی، توركی، كوردی بزانێ بەخوێندنەوەو نووسین، كاغەز خوێندنەوەو نووسین عائیدی میرزابوو ئەم قاقەزانەی دەشهات هەمووی لەیەك قایم دەكراو لول ئەدرا، ئەمەش پێیان دەووت: تۆمار میرزا قادری شەقڵاوە، میرزای میرانی قادرپێگ بوو. ئەم پیاوانەی پێشوو لەچینی بەگو میرو ئاغاو كوێخاو عەیان هەمووی قورعان خوێنو فارسی زانو قەڵەم دار بوون. كەدەڵێم فارسی- چونكە لەكاتی زوو كوردستان نووسینو شتی بەفارسی بووە، مەلاكان نەبایە نوسینی عەرەبییان باش نەدەزانی، شێوەی نووسینی كوردیش لەكاتی پێشوو شێوەی فارسی بوو، تابەم دواییینە لێك كراوە شێوەی نووسینی كوردی، ئەمەش بەزۆری ئاقرمەندەكانی سلێمانیو كۆیێو هێندێ لەناوچەی هەولێر ئەم هونەرییەیان كرد. ئەگەر ئەمانە پێ هەڵ نەستا بایانە كوردی نووسینو خوێندنەوە بەموهمەلی دەماوە، هەروەكو ئەگەر حەجاجی بن یوسف نەبایە قورعان بەزەحمەت دەزانرا لەبابەت نوختەو حەرەكاتو سەكەناتو شەددەو مەددەو شێوەی كاغەزی كۆن بەر لەجەنگی یەكەمی جیهان بەكوردی:

بۆ برای خۆم برای کوڕم کاك مەلا عبدالله سلامت لێدکم هوالّت دەپرسم اگرتوش دەم پرسی چاکم. سلام لە اهلی مدرسە دکم. برام تکام هیە کتیب شرح موافقم لۆ بنری دست پیدکم. کخلاصم کرد بوت دنیرموە.

الداعی برای بچوکت عبدالحمید

ئەمەی پێشو لەسەر دەستوری فارسی بوو بەکوردی، بەڵام دەستووری ئێستا کە:

بۆ برای خۆم برای گەورەم کاك مەلا عەبدوڵلا سەلامەت لیّ دەکەمو هەواڵت دەپرسم، ئەگەر تۆش دەم پرسی چاکم، سەلام لەئەهلی مەدرەسە دەکەم.

برام تکایە کتێبی شەرحە مەوافیقم بۆ بنێری دەست پێ دەکەم، کەخلاسم کرد بۆت دەنێرمەوە.

الداعی برای بچوکت عەبدول حەمید

ئینجا کەخوێندنەکە بەتەواوی پاش جەنگ کەوتە سەرشانی کوڕە هەژارو جوتیارو مسکێن، چینەکانی تر وازیان لەخوێندنی فەقێیاتی هێنا، زۆربەی بەم حاڵەش رانەوەستان کەوتنە دوا شکستەی خوێندنی فەقێیان کەدەیان ووت: ئەم خوێندنە تەوەزەلیەو بێکارەییە، فەقێ نفوسی زائیدەنە، بەچاوێکی سوك تەماشا دەکران بەتایبەتی لەلایەن زۆربەی کاربەدەستانو فەرمانبەرانی دەوڵەت، سەربازیان بەسەرا چەسپاندن.

بەڵام دەبێ بزانین کەوا: مەلاو مەلایەتی لەناو غەیری کورد زۆر بەحورمەتو بەرێز تربوون... دەبینین هێشتان لەرادیۆو تەلەفزیۆن جگە لەرادیۆی کوردی بەغداو تەلەفزیۆنی کوردی کەرکوك ناوی مەلاو شێخ بەسوکی نەهاتووە.

لەگەلّ ئەمەش ئەم مەلاچاکانەی لەچینی کورد هەڵکەوتووە لەهیچ چینێکی تر بڕواناکەم هەبێو هەبووبێ، دیانو جولەکە... چەند رێزی خوێندەواری ئایینی خۆیان دەگرن، تابەم رادەیە: دیانەکان بەقەشەی خۆیان دەڵێن: ئەبونا... شیعەکان چەند رێز لەئاخوندەکانی خۆیان دەنێن... کەچی

بەداخەوە هەندێ لەگەنجە کوردەکانی کەخۆیان بەئەدیبو رۆشنبیر دادەنێن بەزۆرەملێ، نووسینو وێردی زمانیان زۆربەی لەگاڵتەو گەپو بوختانو هەڵبەستە، بەپیاوە ئاینیەکانی کورد خەریك کردوە، بەتایبەتیش بەمەلاکان. بەداخەوە سەتجار بەداخەوە ئەم شاعیرو ئەدیبی لەمەوپێش هەڵکەوتووە هەمووی لەدەرچوانی مزگەوتو فەقێیاتی بووە، بۆ نمونە لەم زاتانە: مامۆستا قانع، ئەدیب، بێخود، نالی، مەلای گەورە، بێتوش، ئەحمەدی خانێ، ئیبن ئادەم، شێخ مەعروفی نۆدەهی، مەلا خەلیلی سنجاوی، مەلا خدری سنجاوی= دەشتی، شێخ نورەدین بریفکی شێخ عەبدولعەزیزی لەوەندی، سولەیماناغەی دزەیی،... حاجی قادری کۆییم هەرلەبیرە کەنووسی بووی بۆ مامۆستا عبداللە جەلیزادە:

بەیادت دێ کەهەردووکمان فەقێ بووین چوینە باڵەك بەپێ خواسیو نەکەوشن بوو نەکاڵەك. چەمیش بێ چەقەڵ نابێ.

دەڵێن لەکاتی عوسمانی تەعلیمی عەسکەری بەزوبانی تورکی بووە، وەکو ئێستا کە بەعەرەبی یە لەعیراق! گەنجێکی سلێمانی کرا بەسەرباز (زەبتیە) زابت تەعلیمی پێ دەکردن: بیر- ئیکێ، کورە گەنجەش فێرنەبوو هەردەی ووت: بیرکیر، زابتەکە شەقەزللەیەکی لەبن گوێی داو ووتی: کۆپەك ئوغلی کۆپەك (سەگی کوڕی سەگ)... گەنجەش ووتی ئەفەندی بۆچ لێم ئەدەی؟ بیرەکەم عەیبی نی یەو کیرەکەشم خاتری گۆڕی کاك ئەحمەد بێ، واتە کاك ئەحمەدی شێخ. کەواتە لەهەمووڵا جرو جامشت هەردەبێ- باخاتری کاك ئەحمەد بێ، واتە زۆربەی لەباشەکانن. هەر خوا بێ عەیبەو بەس.

بەڵام سەدجار بەداخەوە کەچینی مەلاو فەقێ لەچینی هەژارو کرێکارو جوتیار پەیدابووە ئەگینا بەخوا هێندە جەسارەتەیان بەسەرا نەدەکرا لەلایەن حەسودانو زۆر بلێ یان. خۆی بەچەند جۆر مووچە وەردەگرێ کەچی مەلا ئەگەر هەیبێ معاشێکی کەمی هەیە، هیچ کارو کاسبی تریشی نی یە کەچی بووینە سوبحانە اللهی مزگەوتانو تەهلیلەو خەتمەی تەکیەو خانەقایان.

مەلاو فەقێ کەوتنە کزی لەبابەت رێزو قەدر لەناو هەندێ جۆرەکەس. لەهەمان کاتدا ئەم ناخۆشیانەو دووبەرەکییەش تووشی خوێندەوارانی ئایینی هات:

١-نێوانی فەقێو دەروێش‌و سۆفیەکان بەرەو ناخۆشی دەچوو چونکە فەقێیەکان بەهەندێ کردەوەیان رازی نەبوون لەبێ شەرعی.

٢-نێوانی فەقێو تەلەبەی قوتابخانەی میری بووە ناکۆکی‌و شیعری بێ تامیان بۆ یەکێك هەڵدەبەست. لەکۆیسنجق‌و شەقڵاوەو سلێمانی نیوە جەنگێك لەنێوانیان رووی‌دا، ئەمەش هەر لەکوردستان وابو، ئەگینا لەناو میللەتەکانی تر ئەمە نەبوو، شێخ مستەفای قوتبی شام کەخەڵکی کانی ماران بوو- دەریان پەراند بەبوختان پێ کردن، چو لەشام مرد.

٣-لەنێوانی تاخمەی تازە پێ گەیشتو کەزۆربەیان دژی ئایین بوون لەگەڵ تاخمەی فەقێیان.

٤-ناکۆکی فەقێیان خۆبەخۆیان: ناکۆکی هەبوو لەنێوان فەقێی بەرزنوپشت رێ لەولاتی هەولێر لەنێوان فەقێ دەشتەکی‌و خۆشناو- وابوو جەنگەکی گەورە رویدا لەنێوانیان لەشەقڵاوە- لەگۆڕی ماوەران کەباخچەی مەدرەسە بوو، دەشتەکی‌یەکان بەسەرۆکایەتی مەلا رەزای عەوێنەو ئەحمەد گەروکی، دەشتەکی‌یەکان سەرکەوتن، سەرشکاو خەنجەر لێدراو زۆربوو ئەمەش لەدەوروبەری ساڵی ١٣٤٥ی‌ك ١٩٢٦ز. لەنێوان فەقێی کوێستان‌و گەرمیان- وابو شەرەکی گەورە رووی‌دا لەجەلدیان لەدەوروبەری (١٣٦٠ی‌ك) ١٩٤١ی‌ز. هەروەها لەکۆیسنجق لەساڵی ١٩٤٦، کوێستانیەکان شکان‌و هەڵاتن، لەجەلدیانیش هەر کوێستانیەکان شکان‌و داخەکەی گرانم لەنێو کوردان رقابەری پیاوی پاڵەوان‌و ناودارو زانا... پیشەیەکی کۆنە، هەر پاڵەوانێك‌و لاوچاکێك‌و مەلا چاکێك‌و شێخێك کە بەراستی شێخ بێ، یامیرو بەگلەرێك‌و یا کاربەدەستێکی راست‌و ئیشکەرو یاخود کوڕە هەژارێکی بەغیرەت- جۆرەها شتیان بۆ دۆزیوەتەوە لەبوختان‌و عەیب‌وعار، تاکو

لەئەنجاما زۆربەی ئەمانە هەر بەخۆیان لەناویان بردوە، یا خۆ جاسوسیان لەسەرکردوە بۆ بێگانە- تاکو لەناوچووە، نمونە:

١-سولەیمان بەگی هەریری کوردایەتی نەبێ چ عەیبی هەبووە- لەشکری ناپاك جاسوسی لەسەرکردو بەکوشتیدا بەدەستی بێگانە.

٢-سمکۆی شکاك چ عەیبی هەبووە هەندێ لەکوردی ناپاك رەگەل قازاخی عەجەم کەوتن بە تەڵەکەبازی لەناویان برد.

٣-شێخ مەحمودی نەمر چ عەیبی هەبوو کوردایەتیو تێکۆشان بۆ کورد نەبێ- ناپاکانی کورد بوونە جاشی ئینگلیزەکانو نەیان هێشت بەئامانج بگاتو کورد بکاتە کورد.

٤-مەولانا خالیدی شارەزووری کوردایەتیو چی نیەتی هەژاری نەبێ چ عەیبی بوو بەچەپلەی دەستان دەربەدەر کراو بەهەزار حاڵ لەمەرگ نەجاتی بوو- چوو لەولاتان وەفاتی کرد.

٥-سالح بەگی خۆرانی چ عەیبی هەبوو جگە لەدوژمنایەتی ئینگلیزی داگیرکەر نەبێ، دەربەدەریان کردو ماڵو گوندیان سوتاندو تالانیان کرد، هەرواشیان لەبرایماغەی بابیز کرد، گرتیانو خستیانە بەندیخانە.

٦-مەلا ئەحمەدی فورقانی رۆژبەیانی لەمەلاچاکانی کوردبوو لەخەودا گۆشاوگۆش سەریان بڕی. عەللامەی زەمانی خۆی بوو لەمەلایەتی، واتە باوکی مەلاجەمیلی رۆژبەیانی فەیلەسوف[٢] ئەمە تاکە شیعرێکی ئەم مامۆستایەیە کەدەربارەی رونکردنەوەی وشەی کورد- فەرمویەتی:

لاوە بزانن (کورد) لە (کورت) نیە
بەڵکو لە گورد)ە شایەت ئەمەیە:
خۆش خوو، خۆش رەوشت، نەبەردو دلێر. دڵسۆزن، ئازان، گورجن، جوامێر.

---

[٢] بەداخەوە ئەمیش هەر بەهەمان دەردی باوکی چوو لەبەغدا لەساڵی ٢٠٠٢ز؟!
د.عەبدوڵلا.

٧-جەنابی مەلای گەورە، مەلای کۆیی- جەلیزادە، بەحری عیلمیو ئەدەبو عەقرۆهۆش بوو- کەچی ناپاکان بەسوکی باسیان دەکرد دەیان وت: قشە سوورە. واتە لەکۆلانانو پاش ملە.

٨-مەلا فەندی هەولێر- کوچك مەلا- ئەبوبەکرە فەندی بەخۆی هەموو جۆرە زانستێك بوو، لەچەرخی ئەو زاتە مەلاو فەقێی هەموو کوردستان لەشەرەفدا بوون. نزیکەی ١٠٠ ئیجازەی بەفەقێیان داوە کردووینە بەمەلا هەزار جۆرە شتی پڕوپووچیان بەبوختان بۆ دەووت پاش ملەو لەپەنا دیواران هەربۆی مامۆستا رەشاد موفتی کەئێستا لەشوێنی ئەو دانیشتوەو کتێبەکان تەماشا دەکاتو عەللامەیە گوێم لێ بووە دەی فەرموو: هەرچی دەربارەی ئەفەندی وترابێو بگوترێ بەمانگەشەو رەوینە. وتەکەی راستە. لەچەرخی ئەم زاتە چ خاوەن دێیەك، کەسێك، کاربەدەستێك- دەیانتوانی پیاوێکی ئایینی- دلگیر بکاو سوکی بکات، نەخێر کەس نەی دەتوانی، یاخوا گۆڕی پڕ نووربێ.

٩-میری گەورە- میری سۆران- پاشای رەواندوز، مەلیخا کەمێژووی ئەم زاتەی هەموو تیا نووسراوە، لەهەرشوێنێك ناوی هێنابێ بەمیری بزرگ ناوی هێناوە، واتە میری گەورە- نووسینی کوردی کۆن وشەی گەورە- وا دەنووسرا: کور. لەبەختیارانی کۆنیشم زانیوە کەوامیری سۆران میر محەمەد کوێرە نەبووە، کەچی دوژمنان لەبەر چاوپێ هەلنەهاتویی نووسیویانە: میرکۆر محەمەد پاشا (الاعور)، ئەوان حەقیتیان وا بەسوکی ناوی دێنن. ئەمەش چاك بزانن هەر کوردە یەخەی میللەتی خۆی دەگرێو بەرهەلستی دەکاتو بەسوکی ناوی پالەوانانی کورد دێنن، مەلیك عەبدولعەزیزی کوڕی سعود- چاوێکی نوقسان بوە، وادەزانم کەس ئەمە ئنکار ناکات. بزانن لەمێژوەکی عەرەبی، گۆڤارێك رۆژنامەیەك، قەت عەرەب بەسوکی ناوی دێنن؟ هێناتیان؟ قەت نەیان وتوەو نالێن: (الملك عبدالعزيز) (الاعور)، نالێن عەزیزە کۆر

بێگانەکانیش ناویان بەسوکی نەهێناوەو نای نـن. ئالـەم روانگـەوە هـەزار ئافەرین‌و سلاو بـۆ نووسـەرو هونەرمـەندە عەرەبـەکان کـەوا نـاوی گـەورە پیـاوانی خۆیـان بەسـوکی نایـەنن، بـەلام بەداخـەوە بـۆ نـەزانانی کـورد کەخۆیان بەشت دەزانـن... کـەچی نـاوی پالـەوانانی کـوردو پیاوچاکـانی کوردو زانایانی کورد بەسووکی دەیەنن‌و دەیکەنە گالتە پێ‌کەر..

ئیتر بەپێویستی نازانم زیاتر نمونە بێنم بۆ ئـەم جۆرەشـتانە کـوردەواری وتویانە:

هەرکەسێ کەسە ئەلفێکی بەسە

مەلا محەمەد عەلی زاهر عەلیاوەیی

هەولێر / گەڕەکی سێتاقان

١٩٨٢

## سەرەتایی خوێندنی فەقێیاتی

منالْ کە بەچاکی بیزانیایە تاکو ژمارە (٢٠) بزانێ- سیپارەیان بۆ دەکڕیە:

یا فتاح- یا رزاق- یا الله- یا فتاح فەتحم بدەێ، یا رزاق رزقم بدەێ، یا الله تەوفیقم بدەێ

ا ب ت ث ج ح خ د ذ ر ز س ش ص ض ط ظ ع غ ف ق ك ل م ن و ه لا ی.

ئەم پیتانەیان چاك فێردەکردو پێیان دەناسی، کەوا هەریەك لەم پیتانە ناوی چییەو شکلی چۆنە چەند نوختەی هەیەو لەسەرە/ یان لەژێرە، کامەیان بێ نوختەیە؟ ئینجا فاتیحەو تەحیاتیان بۆ دەنووسیەوە، حەرەکاتو سەرو بەرو ژێریان بۆ دەکردن لەگەلْ زننەو شەددەو مەددەو هەلْکشاو داکشا. لەهەندێ ناوچە ئەمە پێی دەوترا سیپارە، لەهەندێ ناوچەی تریش پێی دەوترا: ئەلفو بێتکە. کەمنالْ دەستی دەکرد بەخوێندنی: الحمدو تەحیات جاری یەکەم بەحنجەییو جاری دووەم بەرەوانی منالْ لەگەلْ مامۆستاکەی هەریەکەو دەستی دەدا پۆشکەیەکی زلو درێژ بۆ دیارکردنی پیتەکانو سەروبەرو ژێرەکانیان:

حنجەیی: بسم الله: بێ لەژێربی سین زەنە بیس، میم لەژێرمی، بسم، لامەل فەلا، هێ لە ژێرهی بسم الله.

تا بەمحالە سیپارەکەی کۆتادەکرد بە: حنجەییو رەوانی، پیتەکانی بەجوولانەوە جوان فێردەبوو دەی ناسین، ئەو جا دەستی دەکرد بەجزمی عەممە ئەویش هەروا بەحنجەییو رەوانی، لەپاشان جزو بەجزو پێدادەچوو بەدەرس خوێندن، کە لەقورعان دەبۆوە مامۆستاکەی ختمەکی قورعانی لەگەلْ دەخوێند، بەمجۆرەیە چاك فێری قورعان دەبوو، دەوری دەکردەوە، هەر بۆیێیە ئەوەی بەمجۆرە قورعان فێرنەبێ تادەمرێ فێری قورعان نابێو نازانێ بەباشیو راستی بی خوێنێتەوە. بۆ زانین: هەندێ شوێن هەبوون لە: سیپارەو جزمی عەممەو قورعان دیارکرابوون ئەبوایە منالْ کەگەییشتە هەر شوێنێك لەم شوێنانە شتێکی (دیاری) بدایە بەمامۆستاکەی.

لەسیپارە کەدەگەیشتە: لامەل فەلایی: دەووترا لامەل فەلایی- سەرت بەکۆشی دایی- بینە تەبەقەی مامۆستایێ.
لەجزمی عەمە کەدەگەیشتە: ویمنعون الماعون دەووترا: بێنەقالبێك سابوونە- جلکی مامۆستای دڕونە کە دەگەیشتە وشە: فحدث: دەووترا. بێنە کاوڕێکی کوڕیس- بۆ مامۆستای لەڕوسیس کەدەگەیشتە وشەی رویدا- دەووترا: بیگرە بەدیواری دادا- هەتا شتێك بەمامۆستای ئەدا کە دەگەیشتە سورەتی یسین، دەبوایە زەیافەتێك بکات. کە لەقورعان دەبۆوە دەبایە زیافەتێکی گەورە بکاتو خەراتێکی مامۆستاکەش بکات، ئەمەش بەزۆری دەستێك جلوبەرگ بوو. کەمناڵ قورعانی ختم کرد- دەبایە وردەووردە خەریکی نووسین بایە کەئەمەش پێی دەووترا (مەشق)، هەندێ مەرەکەبی مۆریان بۆ دەگرتەوە لەناو قوتیەك، قەڵەمێکی قامیشیان بۆ دائەدا کەئەوسا هەر قەڵەمی قامیش هەبوو، قامیشی تایبەتی قەڵەم جیابوو لەگەڵ قامیشی تر، کە بەمیان دەووت قامیشە ساغە، بەمەکەی تریان دەووت قامیشی پووکە، قاقەزیان بۆ ئامادە دەکرد مامۆستا هەموو رۆژ لەسەری قاقەزەکە خەتێکی جوانی بۆ دەنووسی، کە بەمەیان دەووت: سەرمەشق. مناڵەکەش لاپەڕەیەکی لەسەر ئەنووسیو رەش ئەکردەوە بەنووسینو لاساکردنەوەی نووسینەکەی مامۆستاکەی. ئەو قەڵەمەی کەپێی دەنووسرا جیرەی لێوە دەهات.
نوکتەیەك: مناڵێك هەبوو بەرۆژ مەشقی نووسینی دەکرد، شەو کەدەخەوت بیلامانێ بای لێ بەردەبوو، دایکی دەی وت: بەقوربانی کوڕە فەقێ جوانەکەم بم لەخەویشدا هەر جیرەی قەرەمی دێت.
مناڵ لەپاش خوێندنی قورعان دەستی دەکرد بەخوێندنی هەندێ کتابی فارسیو لەبەری دەکردن بەماناوە وەکو: ئیسماعیل نامە- ناگەهان- ئەی شودە- بیاداود- سەنگ تراش- نانوماست، ئەمانە کتابی هوردەلە بوون، لەدوای ئەمانە دەستی کرد بە: پەندی عەتار- گولستان- بەم کتابانە زەینی زۆر رون دەبوو، دەکراوە. کەئەمانەی دەخوێند دەستی دەکرد بەکتابی ئەحمەدی[٣]- کەوەکو لوغەت وایە- عەرەبیو ماناکەی بەکوردی. مناڵ

[٣] شێخ مەعروفی نۆدەهی دایناوە بۆ کاك ئەحمەدی کوڕی واتە کاك ئەحمەدی سلێمانی.

ئەزبەری دەکرد، پێی فێری لوغەتی عەرەبی دەبوو تا رادەیێک. ئەمەش نمونەکەیەتی بەشێوەی کۆن رأس- سەرە/ عین- چاوە/ بدن- قالب/ إسم- ناوە/ إمش- برۆ/ تعال- وەرە/ إبل- ووشتر/ حمار- کەرە... هتد.

نوکتەیەك/ لەسەر کتێبی ئەحمەدی: سەعید سەلیم هەبوو لەگوندی دۆڵە بەکرەی سەر بەلیوای هەولێر ئەم پیاوە تابڵێی پیاوێکی عاقڵو چازانو زیرەكو شاعیر بوو، نەخوێندەواریش بوو، مەگەر عەلی بەردەشانی واشاعیربێ، شیعرەکانی زۆر بەتاموبۆ بووە، لەخۆیەوە چۆنی هەوەس باسە دەستی پێ دەکرد، تاوەکو ساڵی ١٩٥٠ی ز لەژیاندابوو بەداخەوە کورد بێ کەس بووە ئەگینا دەبایە شیعرەکانی ئەم پیاوە بەئالتون بنووسرێو هەڵ بگیرێ. مامۆستا مەلا ئیبراهیم کەپیاوێکی بەدینو مەلا بووە لەگوندی دۆڵە بەکرە، وردەوورده کتابی ئەحمەدی بەکوڕێکی خۆی دەڵێ بەدەرس، مام سەعید لای مامۆستا دادەنیشیو لەدەرسەکە ورد دەبێتەوە دەڵێ مامۆستا ئەم کتابە چییە تۆ بەکوڕی خۆتی دەڵێی؟ مامۆستا دەست بەمەدحو سەنای ئەحمەدی دەکاو مام سەعید تێدەگەیەنێ مام سەعیدیش دەڵێ: منیش دەتوانم ئەحمەدیەکی کوردی بۆ کوردی دابنێم بەنەزم گەلێ لەم ئەحمەدییە خۆشتر بێ. مامۆستاش دەڵێ ناتوانی- دا بزانم چۆن دەڵێی؟ مام سەعید دەڵێ مامۆستا گوێ بگرە بۆت بڵێم: هەلهەل سەیرە- خەرتەل تەیرە- کەم قۆر (قوڵ) چارە- بیرەو غەیرە- جەردە دزە- عەورەت قوزە- چەوری رۆنە- دوبرە قونە... هتد.

جا نزیکەی سەعاتێك بەسەردا دەڕوا، فەقێی ئەم ناوچەیە زۆریەی ئەحمەدیەکەی مام سەعیدیان لەبەربوو جارێك لەدیوەخانی حەمەدی پاشا لەگوندێ دەبێتە باسی زیرەکیو شاعیری مام سەعید، یارم خوێندەوارێك لەوێ دەبێو خەلکی ئەو گوندەش نابێ، دەڵێت شیعرەکانی مام سەعید کەچن، شیعر پێویستە قافیەکانی پیتی عەینو غەینو سینو سادی تیابێ، هینەکانی مام سەعید وانییە دەنێرنە دوای مام سەعید، ئەویش دێتو تێی دەگەیەنن، ئەمیش روودەکاتە کابراو دەڵێ ئەگەر ئەو پیتانەی تیابێ تەواوە؟ کابراش بەسالاچوو بوو پرچو سەری بەرەو سپییەتی دەچێت. دەڵێ بەڵی، مام سەعید دەسپێ دەکاو دەڵێت:

لەو جەنابی هاتو بات

سەرت بۆزەو سپی پات
(جاشکەك هاتو ئەتوگات عەینو غەینو سینو سات)

دەبێتە پێکەنین کابرا دەڵێ مام سەعید تسلیم بەڕاستی شاعیری چاکی- جا ئاغا چایە لێ دەنێ بۆ مەجلیسەکە. لەچەرخی مام سەعید تەها مامەر هەبوو ئەویش شایەری چاك بوو تا نزیکەی ساڵانی ١٩٧٠ لەژیانا بوو، جارێك لاوێك رالەخۆ پێشمەرگە دەبێو لەساڵی ١٩٦٢ی‌ز مام تەها دەبینێو مام تەها لێی دەپرسێ: بۆچ بوویە پێشمەرگە؟ ئەویش دەڵێ: تا حوکمی زاتی بۆ کورد وەربگرین، زۆری پێ نەچوو کابرای پ. م هاتەوە بووە جاش پۆلیس، مام تەها چاوی پێ کەوتو وتی: ها فلان بەخۆتو بەتفەنگی دیموکراتی دوو ترو نیوت تێ وەرپناو هەلاتی بەڕاستی وەرت گرت حوکمی زاتی هەروەها عەولاعود هەبوو لەتیرەی سیانومامە سێنی لەمام سەعیدو مام تەها کەمتر نەبوو لەشایەری، بەداخەوە کورد بێ خاوەن بووە ئەگینا شیعرەکانیان بنووسرابایەوە وەك زێڕ وابوو.

وەفەقێ بەر لەکتابی ئەحمەدی یاخود پاش کتابی ئەحمەدی- ئاقیدەی کوردیشی دەخوێندو ئەزبەری دەکرد، ئەمەش نمونەی ئاقیدەی کوردی بوو:

اول ابتدا باسم الله پس حمدو ثنا الحمدالله ئەوجا صلاوات لەسەر مصطفی هەم الو اصحاب هەم تحت العبا. گوێ بدێرن بەعام چی موسلمان ئەگەر براستی صاحب ایمانن/ هەرچی واجب بێ دەبێ بیزانن/ گەر شیطان بیلێ زۆر زۆر ئاسانن/ اول هەموناسیین خوایە/ هەرچەند لەتاقەت عەقلی تودایە.

پێنج روکنی ئیسلام بابزانین چی‌یە
باوەڕی پێ بکەین أمری ربی‌یە
أول کلیمەی شهادەو ئیمان
دووەم پێنج فەرزە بەشەرتو أرکان
سێیەم سی رۆژی مانگی رەمەزان
محفوظ لەمفطر هەم لەغوبطلان
چارەم زەکاتە دەگەل سەر فطرە
پێنجەمین حەجە هەم دەگەل عومرە... هتد.

## ( سەرەتای چوونە ناو فەقێیاتی کوڕە فەقێ )

زۆربەی دێهاتەکانی کوردستان‌و شارەکان‌و قەزاو ناحیەکان مەلاو مەدرەسەو مزگەوت‌و حوجرەو فەقێی لێ بوو. لەدێهاتەکان گەورەی دێیەکەو فەلاحەکان خزمەتیان دەکردن‌و بەڕێوەیان دەبردن، لەشارو شارۆچکەکان دوکاندارەکان‌و حاڵدارەکان خزمەتیان دەکردن. کوڕە فەقێ پاش ختمی قورعان‌و کتێبە فارسی‌یەکان‌و ئەحمەدی‌و ئاقیدەی کوردی دەچوە مەدرەسەیەك جێگای دەخواستەوە لەلای موستەعیدێك، دەهاتەوە ماڵی خۆی رێك دێخست:

١-یاتاخێکی پێ خەوتن- جاجمێك‌و لبادێك‌و دوگردێك (بەرماڵ)و بالیفێك، ئەوساکە لێفەو بەتانی نەبوو.

٢-دەس بوخچەیەکی رەنگاوڕەنگ‌و نەخشراو کراس، دەرپێ‌و کتێبەکان‌و یەك دوو قاڵبە سابون‌و دەزی لەناو دەنا. ئەوساکە باولو جانتاو شت نەبوو هەروەها لەگەڵ قوتوە مەرەکەب‌و قاقەزو چەند قەڵەمی قامیش.

٣-نەختێ پارەوپوول بۆ خەرجی. کورتەك‌و شەڵواری لەبەرو پژدێنێکی جوان لەپشتی‌و خەنجەرەکی بچوکی لەقەدو کوتەکەکی دەسی ئەدایێ- واتە تۆبز جەمەدانیەکی بەریش‌و جەلەکراو، جۆتە قۆندەرەی خاوێن.

ئەشیاکانی لەگێدرێژێك باردەکردو باوکی یان برایەکی رەگەڵ دەکەوت تاکو دەچوە شوێنەکەی جێگای لێخواستوویەتەوە، ئەوەی لەگەڵی چوە گێدرێژەکەی دەهێناوە ئەمیش لەوێ جێ دەما: بەناو سوختە، واتە دەبوە سوختە لەلای موستەعیدێك، دەستی دەکرد بەخوێندن بۆ زانین/ فەقێ لەسەرەتاوە کەچوە ناو فەقێیان ماڵی لەچ دێیەك بایە بەو دێیە هەڵئەدراو ناوئەبراو ئەناسرا، نەك بەناوی باوکی جا لەپاشان ماڵیان لەم دێیەش باری بکردایە هەر بەناوی دێیەکەی پێشوو هەڵئەدراو ناوئەبرا.

نمونە/ بابڵێین کوڕە فەقێ ناوی: ئسیماعیلەو خەڵکی گوندی ئاکۆ-یە تا مردن هەر ئەووتراو هەڵئەدراو ناوئەبرا بە: ئیسماعیل ئاکۆیی، فەقێ ئیسماعیل ئاکۆیی، مەلا ئیسماعیل ئاکۆیی.

## ( ناوی قەدەغەکراو لەخوێندەوارانی ئایینیو فەقێیاتی )

هەندێ ناو هەبوو بەپەسەند دانەئەنرا بۆ فەقێیاتی، ئەگەر کوڕە فەقێ ناوەکەی یەکێ لەم ناوە قەدەغەکراوەکانبایە لەناو فەقێیان ناوەکەیان دەگۆڕیو ناوێکی تری پیرۆزیان لێ دەناو هەڵیان ئەدا بەم ناوە پیرۆزە. کەچی ناوە گۆڕاوەکەشی بەزۆری لەدوای ناوە پیرۆزەکەی دەووترا، واتە بەکۆتایی ناوە ناپەسەندەکەی لەسەر لانەدەچوو.

ناوە قەدەغەکراوەکان ئەمانەن: مکایل، جوبرایل کانەبی، مەولود، ئۆمەر، رەمەزان، وسو، عوزێز، جومعە، یابە... هتد.

نمونە: کوڕە فەقێ ناوی رەمەزان- بوو ناویان گۆڕیو کرا بە: سەعید، هەتا مردن پێی ئەووتراو هەڵئەدرا بە: فەقێ سەعیدی کۆنە رەمەزان ئەگەر بەرەو روشی وایان پێ نەگۆتایە پاش ملە هەروا دەووترا، تاکو وا نەووترابایە نەدەناسرا.

### ( جۆرەکانی فەقێ )

### *١- سوختە:*

کوڕە فەقێ لەسەرەتاوە کەدەچوە ناو فەقێیان تاکو دەگەیشتە کتابی جامی/ پێی دەووترا سوختە. ووشەی سوختە فارسی یە بەمانا سۆتاو-ە، سوختە جگە لەخوێندنەوەکەی هەر ئیشکەرو خزمەتگوزارو ماندوبوو لەم ماوەیدا، ناوی سوختایەتی هەر لەدوابوو، بەڵام کەدەستی دەکرد بەکتابی مەولانا جامی ناوەکەی سوختەی لەسەر لادەکەوت ئیشی سوختە لەمەدرەسە جگە لەخوێندن ئەمانە بوو: چالێ نان- سۆتەنی پەیداکردن- ئاو هێنان- جێی مامۆستاکەی رادەخستو دەقی دەکرد- راتبە هێنان- گۆزە پڕکردن بۆ مامۆستاکەی- ئاو بەدەست داکردنی. ئەگەر مەلای گەورە- مەلای گوند کارێکی هەبایە دەبایە سوختە بیکات، لەهەندێ شوێن لەم گەرمیانە دەبایە سوختە ئاو بۆ ماڵی مەلای گەورەش بێنێ، نابایە بخوێ تاکو مامۆستاکەی

دەخەوت و جێی پێدائەدا، زۆر جاریش وابوو دەبوایە جوان قاچو پەنجەکانی مامۆستاکەی بشێلێ، نابایە لەحوجرەی مامۆستاکەی قسە بەقایم بکات و پێ بکەنێ بەدەنگ. ئەگەر دوو سوختە لەمەدرەسە لەگەڵ یەکتر شەڕیان بکردایە هەردوکیان دەرئەکران لەمەدرەسەکە. هەر سوختەیەك کوتەکی تایبەتی خۆی هەبوو (واتە تۆیز)، بەزۆری خەنجەریشیان هەبوو.

ئەگەر کابرایەك قسەی بەفەقێیەك بووتبایە موستەعید دەیانووت یاالله سوختە، هەر سوختەبو دەستی دەدا کوتەکی (تۆیزی) خۆی ئاگربایە دەبایە نەگەڕێتەوە، کابرایان مارکوژ دەکرد، چ دەبوو لەدوواوە بێ منەت بوون. بەکورتی تابلێی کاری سوختە گرانبوو، بەڵام کەدەبوونە موستەعید ئەوپەڕی خۆشی و خزمەت بوو، مەشوربو لەناو فەقێیان: من خَـدَمَ خُدِمَ، هەرکەسێ خزمەت بکات خزمەتی ئەکرێ. مەلا سەعیدێك هەبوو پاش سوختایەتی لەناگزوری بووە خزمەت کاری ئاغان، ناودەبرا بەمەلا سەعیدی کۆنە رەمەزان دەی وت: فەقێ باوکی منیان بەگاندا- هەر دەیان وت من خدم خدم. کەچی بەشی من هەر خدم بوو قەت نەبوومە خدم، ئەوا ریشم سپی بوو هەر خزمەت کارم. کەواتە هەر لەبەرئیش کردن و ماندوبون بوە- کەسوختە ناوبراوە بە: سوختە= سۆتاو لەناو کارو عەزیەت، ئەو کتابانەی سوختە دەی خوێند ئەمانە بوون بەتەرتیب، دەبوایە ئەزبەریان بکات.

| | |
|---|---|
| ١-عەوامیلی جورجانی | بەتەرکیب و ماناوە لەعیلمی نەحو |
| ٢-سعدالله گچکە | = = |
| ٣-ئونموزەج وەیاشرح موغنی | = = |
| ٤-حەرفی شەرح المغنی | = = |
| ٥-عوامیل پاش اظهار | = = |
| ٦-عوامیلی کوێرا زۆرجاریش عەوامیلی مەلا موحسین دەخوێندرا | = = |
| ٧-مراح الارواح | لەعیلمی صرف واشتقاق |

| | |
|---|---|
| ٨-مەقصود | = = |
| ٩-بنا | = = |
| ١٠-اظهار البركوى | لەعیلمی نەحو |
| ١١-سعداللەی گەورە= الحدائق// مصغرو منوب | = |
| ١٢-فعل سعدالله | |
| ١٣-صمدیە | = |
| ١٤-سعدین لەگەڵ حاشیەی میصری | لەعیلمی صرف |
| ١٥-تصریف ملا علی لەگەڵ قزلجیو قەرەداغی | = |
| ١٦-ألإستعارە | لەعیلمی بەیانو بەلاغە |
| ١٧-وضع | لەعیلمی وەضع |

لەکاتی دەورکردنەوەی ئەم کتابانە هەر سوختەیەك یاخود فەقێیەك ڕێچکۆڵەیەکی بچووکی بۆخۆی تەرخان دەکردو پیایدا هاتوچۆی دەکرد، کەسێ لەڕێچکۆڵەی کەسیتر دەوری نەدەکردەوە. قەدەغەبوو. زۆرجار لەسەر ڕێچکۆڵەی دەورکردنەوە بەشەڕ دەهاتن- کەیەکێ تر لەڕێچکۆڵەی ئەو دەوری بکردبایەوە.

**نوکتەیەك لەسەر سوختە/**

کۆلکە مەلایەك هەبوو لەدێیەك لەدێیەکانی کوردستانی عێراق، لەدەوروبەری سالّی ١٣٥٧ی‌ك، ١٩٣٨ز تاقە کوڕێکی هەبوو زۆری خۆش دەویست، هەر لەماڵێ، بەخۆی قورعانی پێ خوێندو دەستی پێ کرد بەخوێندنی کتێب، تا کوڕە فەراقە (مێرد منال) بوو، دەستی پێ کرد بەکتابی: کافیە/ مەتنی مەولانا جامی، تەدارەکی بۆ ڕێکخستو کوڕە چووە ناو فەقێیانو بوو بە: سوختە لەلای موستەعیدێك؟- لەمەدرەسەیەك؟ فەقێی مەدرەسە دیقەتیاندا: کوڕە هیچ فێرنەبووە لەمەی کە لەماڵەوە

خوێندویەتی، چونکە باوکی کۆلکە مەلا بوو، چی وای نەدەزانی عیلمیش زەحمەتە.

کوڕەیان گێڕاوە بۆ سەر کتابی إظهار البرکوی پاش ماوەیەك بەسەردان هاتەوە ماڵ باوکی لێی پرسی: چ دەخوێنی کورم؟ ووتی باوە لەبەرچ فێرنەبوونم منیان گێڕاوە سەرکتابی إظهار.

کەچۆوە ناو فەقێیان هەمسا گێڕایانەوە سەرکتابی ئونموزج، کە لەخوار کتابی إظهارە، کوڕە پاش ماوەیەك بەسەردان چۆوە ماڵەوە، هەمسا باوکی لێی پرسی: کورم چ دەخوێنی؟ دیسان کوڕە وتی باوە لەبەرچ فێرنەبوونم منیان گێڕاوە سەرکتابی ئونموزج. کەچۆوە مەدرەسە دیسان لەبەرچ فێرنەبوونی کوڕە گێڕایانەوە سەرکتابی: عەوامیلی جورجانی، کەسەرەتای خوێندنە.

پاش ماوەیەك کوڕە بەسەردان چۆوە ماڵی باوکی، هەمسا لێی پرسی کورم چ دەخوێنی؟ کوڕە وتی باوە تۆ کۆلکە مەلای‌و چ نازانی‌و منت چ فێرنەکردبوو منیان گێڕاوە سەرکتابی عەوامیلی جورجانی، باوە فەرمووی: من چ نازانم هەی سەرو چوارپەلت بە (؟) دایکت، کوڕە وتی باوە ئەگەر چ دەزانی- دەبزانە مررت بزید، ئەوجارو مەجرورە موتەعەللقە بەکێندەرێ؟ باوەش فەرمووی: موتەعەللقە بە (؟) دایکت ئینجا باوکە وتی فەقێ وردەووردە تۆیان بەرەو پاش گێڕاوە، تاکو عەوامیل، لەعەوامیل بەخوارەوە چیتر نی‌یە بتگێڕنەوە، ئەوجارە بێ‌یەوە دەگەڕێیەوە (؟) دایکت، چی تر مەچۆرە ناو فەقێیان با لەدەستم گوم نەبی‌و نەچی، ئیتر نەیهێشت کوڕە بخوێنێ‌و گەڵور دەرچو. خۆی پێ بەرێوەنەچوو پاش باوکەکەی ناچار بووە پۆلیس‌و جانداری دەوڵەت، توشی چەندەها گیروگرفت بوو.

تێبینی/ ناوهێنان پەسەند نی‌یە ئەگەر نا دەیان ناسم.

## ٢-جۆری فەقێی موتەعەللق:

وشەی موتەعەللق- دەگونجێ اسم فاعیل بێت، واتە بەجۆرە فەقێیانە پەیوەندیان بەموستەعیدەکانەوە هەیە. دەگونجێ اسمی مفعول بێ واتە سوختە بچوکەکان پەیوەندیان بەوانەوە هەیە.

ئەم مەدرەسەی عومدە (گەورە) بایەو موستەعیدی ئاخر ماددەی لێ بایە، فەقێ کەگەیشتە کتابی مەلا جامی یاخود سەعدواللەی گەورەو وەضع إستعارە فەقێی خوارتری لێ بایە مەدرەسەکە. فەقێیەکانی جامی خوێن‌و سەعدللا خوێن لەلای موستەعیدەکانیان دەرس دەخوێندو سوختەکانی خوارێش لەلای ئەوانیان دەرس دەخوێند. فەقێی جامی خوێنەکان راتبەو ئیشی ناو گوندیان نەدەکرد، بەس ئیشی حوجرەیان دەکرد لە: چالێنان‌و شتی سووک‌و کارەکانی تر هەمووی لەسەرشانی سوختەکانی خوارو بوو. بەسوختە گەورەکانیان دەووت: موتەعەللق/ واتە جامی خوێن‌و سعدالله خوێن. پیاوێکی قسەخۆش هەبوو- زۆر هاموشۆی لای مەلاو فەقێو مەدرەسەی دەکرد، هەمووجارێ دەی وت: موستەعید موستەعیدە، سوختە سوختەیە، بەڵام موتەعەللق ئەتۆچی؟ بەووشەیەکی سەیری دەووت‌و ئەدا دەکرد.

## ٣-ناسکە موستەعید:

پاش خوێندنی کتابی مەولانا جامی فەقێ چی تر سوختایەتی نەدەکردو دەچوە لای مەلایەکی یارم- لەگوندێکی تر دەبوە موستەعیدو سوختەی بچوکی رادەگرت‌و خزمەتی خۆی‌و مەدرەسەکەی پێ دەکرد، بەجۆرە موستەعیدە دەگوترا ناسکە موستەعید. ئەجۆرە موستەعیدە زۆر بەزەوقو کەیف بوو قیت‌و قۆز خاوێن‌و باوێن بەزۆری وابوو کەواو سەڵتەی لەبەردەکردو جەمەدانی دەبەست، بەریشو گولێنگ. بەجۆرە فەقێیە تاکو دەگەیشتە کتابی: شەرحە شەمسی/ لەعیلمی مەنتیق‌و فەلسەفە ئەم ناوەی هەر لەسەربوو: ناسکە موستەعید= موقەددیمە خوێن، تا لەناسکە

موستەعیدایەتی دەردەچوو ئەم کتابانەی دەخوێندو زۆربەی ئەزبەری دەکرد، یاخود مەتنەکانی لەبەردەکرد:

| | |
|---|---|
| ١-فەنناریو قەولەحمد | لەعیلمی فەلسەفە |
| ٢-موغنی طلاب | == |
| ٣-عبدالله یەزدی | == |
| ٤-سوللەمی مەنتیق | == |
| ٥-سیوطیو ئەبوطالب | لەعیلمی نەحوو ئیعراب |
| ٦-گەلنبەوی ئادابوو پێنجوێنیو قەرەداغی | لەعیلمی ئاداب |
| ٧-طاش کوبری | == |
| ٨-رسالە حنفیو مینهر | == |
| ٩-قوشە جی | لەعیلمی وضع |
| ١٠-عصام الدین | لەعیلمی بەیان |
| ١١-کمال الدین | لەعیلمی صرفو إشتقاق |

**یاخود سید عبدالله لەعیلمی صرفو إشتقاق واعلال**

لەگەڵ خوێندنی ئەم کتابانە ناسکە موستەعید کتابی شەرعو حەدیسیشی دەخوێندەوە وەکو: إرشاد العبادو ریاض الصالحین لەحەدیس. فتح المعینو منهاج الطالبین لەفیقهی شافعي. لەم ماوەیەدا سوختەی رادەگرتو دەرسی پێ دەووتن، بەتایبەتی ئەگەر زیرەك بایە هەردەم پڕی کتی سوختەبوو.

لەزۆر مەدرەسە لەگەرمیان- بەتایبەتی لەدەشتایی- مامۆستا دەرسی بەناسکە موستەعید نەدەووت ئەگەر کەواو سەڵتەی نەبایە/ ئەوساکەش خەڵك زۆر هەژارو دەس کورت بوو، بەتایبەتی چینی فەقێ.

### ٤-موستەعیدی ئاخر مادده:

فەقێ کەدەستی دەکرد بەکتابی: شرح شمسی- پێی دەگوترا: موستەعیدی ئاخیری مادده، لەوێڕا فەقێ عینوانی دەگۆڕا، بەوریقار دەبوو،

خۆی بەمەلا دەزانی نوێژی کەم وابو بێ جەماعەت بێ، بەزۆری سیواکی بەکاردەهێنا، ردێنی نەدەتراشی، عەبای دەهاویشتە سەرشانی بەتایبەتی لەشارەکان، لەزۆر شوێن هەبوو موستەعیدی بێ عەبا رانەدەگیرا. کەم موستەعید هەبوو خەنجەری نەبایە، بەم دواییە قلەقلە دەمانچەشیان هەبو، من دیومە موستەعید تفەنگی هەبووە. تاکو خوێندنی کوتا دەکرد لەشەریعەتو حەدیس ئەم کتابانەی خوارەوەی دەخوێند، ئەگەر بەتەواویش نەی خوێندبایە هەریەکەو هەندێکی لێ دەخوێند بۆ شارەزایی:

١-ئەنواری مەزن- لەفیقهی شافعی.

٢-شەرحە مەنهەج- لەفیقهی شافعی.

٣-فەرائیز- لەدابەشکردنی میرات.

٤-هەندێ باسی گرنگ لە ابن الحجر.

٥-بوخاری- لەحەدیس.

٦-بەیزاوی- لەتەفسیر.

٧-هەندێ لەمەداریك- لەتەفسیر.

لەچەرخی (١٣)ك کتابی محرر- دەخوێندرا لەفیقهی شافعی لەدانانی ئیمامی رافعی کوردی، موستەعید تاوەکو دەبوە مەلا، ئەم کتابانەی لەعیلم دەخوێند:

١-شرح شمسیة لەگەڵ حاشیەی سیدو عبدالحکیم- لەعیلمی مەنتیق فەلسەفە. مەتنەکەی کە: شەمسی یە بوو لەبەری دەکرد.

٢-گەلنبوی بورهان= گەلنبەوی مەنطیق لەگەڵ حاشیەی پێنجوێنیو مینهر. گەلنبەوی یەکەی لەبەردەکرد.

٣-شرح العقائد لەگەڵ حاشیەکەی خەیالی، لەعیلمی کەلام مەتنەکەی لەبەردەکردو: عەقائد.

٤-میر ابوالفتح- لەعیملی ئاداب.

٥-عصام الدين الوضع- لەعیلمی وەضع.
٦-جلال الدین الدوانی- لەگەڵ تەعلیقاتی: خەڵخالیو مەرجانی لەعیلمی کەلامو حیکمەت.
٧-مطول- لەگەڵ تەعلیقاتی سەیدو عبدالحکیم لەعیلمی بەلاغە، مەتنکەی: تەلخیصە کەئەزبەری دەکرد. یاخود کتابی مختصری دەخوێند ئەمیش هەر شەرحی تەلخیصەو کورت ترەو سوك ترە لە: مطول.
٨-جمع الجوامع- لەگەڵ تەعلیقاتی: بەننانی- لەعیلمی ئوصول الفقه، مەتنەکەی ئەزبەر دەکرد.
٩-تەهذیب الکلام- لەعیلمی کلام.
١٠-قاضی لەگەڵ تەعلیقاتی لاری- لەعیلمی سروشتو حیکمەتو لاهوت.
١١-تشریح- لەگەڵ مینهوەکانی- لەعیلمی ریاضیاتو فەلەکیات.
١٢-شرح چقمینی- لەعیلمی ریاضیاتو فەلەکیات.
١٣-خولاصە الحساب= رسالة الحساب، لەعیلمی حیسابو هەندەسەو ریاضیاتو جەبر.
١٤-الاسطرلاب- لەعیلمی فەلەکیاتو ئەستێرە ناسی.
١٥-ربع المجیب والمقنطر- بۆ زانینی شەوو رۆژو کاتەکانی نوێژ- دوورو نزیکیو مەسافەی زەوی.
١٦-ئەشکال التأسیس- لەعیلمی هەندەسە.
١٧-شرح المطالع- لەعیلمی مەنتیقو فەلسەفە، لەگەڵ تەعلیقاتی سەید شەریف.
١٨-مختصر المنتهی- لەعیلمی حیکمەتو طبیعیاتو کەلامو فەلسەفە.
١٩-شرح المواقف- لەعیلمی کەلامو فەلسەفەو حیکمەت.
٢٠-شرح مقاصد لەعیلمی کلام.

٢١-شرح طوالع لەعیلمی منطیق.
٢٢-تلویح لەعیلمی کەلام.

فەقێ تا ئەم هەموو کتابانەی نەخوێندبایە نەدەبوە مەلا- کەپێی بووترابایە مەلا- فەقێ لەوکاتەی کەدەچوە ناو فەقێیان تاوەکو دەبوە مەلا دەبایە نزیکەی (٢٥) ساڵی بخوێندبایە ئەوجا دەبووە مەلا. بیستومانە کەوا لەچەرخی (١٣)ك نزیکەی (٣٠) ساڵیان خوێندوە ئەوجا بوینە مەلا، لەم دوواینە ماوەی (٢٠) ساڵیان دەخوێند، بەلاّم تاکو هات ماوەکە کورت بۆوە بەزۆری (١٥) ساڵیان دەخوێند، ئەمەش هۆی ئەوەبوو عیلم بەرەو کزیو بێ رەغبەتی دەچوو، فەرقی مەلا چاكو خراپ زۆر نەبوو لەناو خەڵك من یەکێك لەباری خۆم نزیکەی (٢١) ساڵم خوێند داوێکی سپیم لەردێنم دیتو دەرم هێناو سوختەی خۆم لەگەڵم بوونە موستەعید ئەگەرنا بەتەمابووم سێ چوار ساڵی تریش بخوێنم، بەداخەوە کەنەم خوێند؟!

**(رووداوێك لەسەر فەقێو جەماعەت)**

فەقێ کەدەبوە موستەعید شێوەی دەگۆڕاو بەرەو ویقارو پیاوەتی دەچوو، دەستی دەکرد بەنوێژ بەجەماعەتو ردێنی دەهێشتەوەو سیواکی بەکاردەهێنا. لەناو مەلایەکانیش هەندێ مامۆستا هەبوون خۆیان واهەربێ خستبوو کەوا: تەقواو وەرعیان زیاترە لەمەلاکانی تر. ئەمجۆرە مامۆستایانە کردبوویانە دەستوور: دەبایە لەسەرەتایی نوێژی جەماعەت لەگەڵ ووتنی: إستووا واتصلوا. دەبایە موستەعیدەکە ببینی لەریزی جەماعەت. جارێك موستەعیدێك خەریکی دەس نوێژبوو، لەپاش دابەستنی جەماعەت پێراگەیشتو جەماعەتەکەی کرد، مامۆستاش لەگەڵ وتنی راست راوەستنو پالّ پێك دەن... موستەعیدەکەی نەکەوتە پێش چاو. پاش تەواو بوونی نوێژ مامۆستا هاتە حوجرە ووتی: مەلا فلاّن دەبێ لێرە بڕۆی موستەعیدەکە وتی: قوربان سوچم چیە؟ وتی بۆ چ لەجەماعەت نەبووی؟ وتی قوربان

جەماعەتم کرد، مامۆستا وتی من لە: إستووا واتصلوا نەم دیتی/ وتی: بەدەس نوێژەوە کەمێك پاش کەوتم. مامۆستا وتی راست ناکەی. موستەعیدانی تر شایەدیان بۆ دا کەوا جەماعەتی کرد، مامۆستا وتی شایەدو مایەد نازانم شەرتی من دیتنە لە: إستووا واتصلوا/ مادام نەم دیت نەبێ بڕوات. بەکوردی فەقێیەکەی دەرکرد.

موستەعیدی هەژار ناوی بەدواکەوت بە إستووا واتصلوا، تا وانەوترابایە باش نەدەناسرا ئەمەش لەساڵی ١٩٤٣ی ز بوو... ئیتر ناوی بەدواکەوت مەلای إستووا واتصلو.

**( ئەرێ بابەی فەقێیان )**

وشەی: ئەرێ- ئامرازی بانگ کردنە- هەروەکو لەرێزمانی دایە. وشەی: بابە- عەرەبیە، بەمانا دەرگایە- محەمەدی مەزن (د. خ) فەرموویەتی: أنامدینة العلم وعلی بابها، من شاری زانستو زانینمو ئیمامی عەلی دەروازەی تی، ئینجا فەقێ لەدەورکردنەوەی ئەزبەر ئەگەر هەڵوێستەکی بکردابایەو شتێکی بۆ نەهاتبایەو بەیاددا ئیستمدادو یارمەتی داوادەکرد لەئیمامی عەلی، گورج بەیادی دەهاتەوە، کەواتە مانای ئەرێ بابە: هۆ دەروازەی زانستو زانین وەرە ئیمدادم نمونەی ئەرێ بابە بەدەورکردنەوەی فەقێ.

علم البیان اصول وقواعد/ ئەرێ بابە

تتعلق باظهار المرادو بیان/ المعنی الواحد/ ئەرێ بابە ئینجا ئەگەر فەقێیەك دەنگی خۆش بایە هەر زێنەت بوو بەشەوان کەدەوری دەکردەوە- گوێی لێ رابگری بەتایبەتی کەفەقێ دەوری: ئەلفیەی إبنو مالکی دەکردەوە بەنەزمو ئاوازی تایبەتی.

نمونەی ئەلفیە:

| | |
|---|---|
| قال محمد هو إبن مالك | ئەحمەد ربی الله خیر مالك |
| مصلیا علی النبی المصطفی | وآلهِ المستکمیلن الشرفا... هتد. |

زۆر لـەکچوکاڵ، لەدێهات‌و شاران لەبەر دەنـگ خۆشـی‌و نـزم رێکـی‌و تەءسیر/ شەیدای دەنگەکە دەبوون کەگوێیان لێ دەبـوو- بەتایبـەتی کەشـەو رادەشکا دەنگی خۆش زۆر بە تەءسیر بوو لەدڵی خەڵك.

**نوکتەیەك/**

لەدەوروبـەری سـاڵی (١٣٤٠ی‌ك) ١٩٢١ی‌ز مامۆسـتا مـەلا عوسـمـانی خورمەڵـەیی- لـەتیرەی گـەردی، کـە لەمـەلاچاکانی کوردسـتان مەشـوربوو لەگوندی: ماجیداوە- لەکەندێناوە- دەشتی دزەیـی لیـوای هـەولێر- خـاوەن مەدرەسە بوو، چ کات لـە (٢٥) فـەقێی کـەمتر لا نـەبوو- تـاوەکو وەفـاتی کـرد، گونـدی مـاجیداوەش- مـاجیداوەی خورشـید عـالم دووبەشـی کـوردو بەشـێکی عـەرەب بـوو، مامۆسـتا مـەلا قـادری قەلاتــە سـۆران ئـەوکات موسـتەعید بـوو لـەوێ، تابلـێی فەقێیـەکی زیـرەك‌و دەنـگ خـۆش بـوو، کەنۆبەتی دەورکردنەوەی: ئەلفی‌یەی دەبوو ئەو شەوە خەڵکی گوندی دووبەش نەدەخەوت، گوێیان رادەگرت لەو دەنگـە خۆشـە. ژنـە عـارەبێکی قنجیلانـە مێردەکەی ناوی: (حنظل) بوو لەسەر رووی خـۆی هەڵداویشـت‌و دەی گـۆت: خوادەکا دەمری / حنظل/ ئەمن مێرد دەکەم بەمەلا غادر دەنگ گەورە.

فەقێ عەلی بنەسـلاوەیی/ بنەسـلاوە گوندێکـی گـەورەبوو لەخۆرهـەلاتی شاری هەولێر، نزیکەی (١٥٠) ماڵ دەبوو ئەوسا کەمامۆستا مەلا ئەحمەدی ئاشۆکەیی لەوێ مەلا بوو خاوەن مـەدرەسـە بـوو، لەمـەلاچاکانی کوردسـتان بـوو ژنێکـی زۆر بـەدین‌و خواناسـی هـەبوو، ئـەم فـەقێ عەلی‌یـە کەخـەڵکی گوندەکە بوو پیرە دایکێکی هەبوو ناوی رەحان بوو، فـەقێ عـەلی لـەخوێندن زۆر دەس کورت بوو چی وافـێر نـەدەبوو، بـەڵام بەشـەوان چـاوی لەفـەقێیان دەکردەوە دەوری دەکرد، تادەنگی تیـابوو دەی هـاڕاندو دەی وت ئـارێ بابـە، دووسێ کەلیمەش هەمووجار لەبەرە خۆی دەی وت، جاروبـار بـانگی دایکـی دەکـرد دەی وت: رەحـان دایکـت دەگێـم گوێـت لـەدەنگ‌و ئاوازمـە؟ پلکـە رەحـانیش دەی وت ئـا گوێـم لێتـە عـەلی هـەی دایکـت بـەقوربانی دەنـگ‌و

ئاوازت بێ- عەلی کورم دەنگی دەڵێی قازو قورینگە. ئەم فەقێ عەلییە بەم دواییە مەشور بووبە: فەقێ عەلی جومعانە واتە لەبەر هەژاری زۆری جومعانە دەکرد.

جومعانە/ ئەوەیە کەدەچێتە لای ئەو کەسانەی کەلێوەشاوەو خێرخوازن، داوای یارمەتیان لێ دەکرێ، بەو یارمەتییە دەووترا: جومعانەو ئەوەی داوای لێ دەکرا زۆری پێ خۆش بوو، داواکەرەکەش پێویستی خۆی پێ دروست دەکرد.

**(گواستنەوەی فەقێ لەمەدرەسەیەك بۆ مەدرەسەیەکی تر)**

فەقێ لەهەر مەدرەسەیەك بایە، بەئازادی خۆی بوو، هەرکات دڵی برەنجابایە لەو مەدرەسەیە- ئەی گواستەوە مەدرەسەیەکی تر، چ سوختەبایە چ موستەعیدبایە. ئەگەر سوختەبایە جێگای لەلای موستەعیدێك دەگرتو ولاغەکی دەهێناو ئەسبابەکانی لێ باردەکردو دەڕۆی. ئەگەر موستەعیدبایە جێگای لەلای مامۆستای گەورە دەخواستەوە سوختەکانی خۆی ولاغیان دەبردو ئەسبابەکانیان دەهێنا. زۆرجاریش وادەبوو لەشوێنەکەی خۆی تکایان لێ دەکردو دەیان گێڕاوە، ولاغەکەی دەبردەوە بەبەتاڵی، یاخود دەیناردەوە هۆی گواستنەوەی فەقێ ئەم شتانە بوو:

١-دەرس خوێندنی خراب بایەو بەدڵی نەبوایە.

٢-یان دەرس لەو مەدرەسە زۆر دەچوو بەفیڕۆ بەهۆی زۆر سەفەری مامۆستاو یاخود کەم تەرخەمی موستەعید.

٣-یان لەگەڵ فەقێیەکی تر شەڕی دەکردو خەتاباربوو بەو هۆیە دەریان دەکرد لەمەدرەسەکە.

٤-یاخود بەکۆی فێنکایەتیو هەوا خۆشی بەرەو ناو کێوان دەچوو.

٥-یان لەگەرمیان بەرەو کوێستان یاخود لەکوێستان بەرەو گەرمیان. ئەوساکە بۆ فەقێ قەدەغە نەبوو لەکوردستانی عیراق بۆ کوردستانی ئێران، یاخود بەپێچەوانەوە.

مامۆستایەکی زۆرباش هەبوو لەکوردستانی عیراق پڕ عیلم مەشور بووبە: تورەیی لەگەڵ فەقێیان، زوو زوو فەقێکانی دەردەکرد. جارێك لێیان پرسی مامۆستا تۆ بۆچ فەقێ دەردەکەی؟ لەوەڵامدا فەرمووی من قەت فەقێم دەرنەکردوە! بەڵام ئیزنم داوونو وتیان قوربان جیاوازی چییە لەنێوان فەقێ دەرکردنو ئیزن دان؟ فەرمووی دەرکردن ئەوەیە: بڵێی بەفەقێ: بڕۆ لێرە مەمێنێ. ئیزندانیش ئەوەیە: لەماڵێ بیو نەچیە حوجرەی فەقێیان، ئەوانیش چەند رۆژێك کەبێ دەرس بوونو مامۆستاش هەر لەماڵەوە بەعەنقەست ناچێتە لای فەقێو دەرسی پێ نالێت. مەجبور دەبن کەئەوساکە بڕۆن- جا- من هەروام کردوەو قەت بەفەقێم نەوتوە بڕۆ.

## ( سەردانی فەقێ بۆ ماڵی باوکی )

ناوە ناوە ئەگەر فەقێ موحتاج بایە بەخەرجی یان لیباس هەینێ دەهاتەوە ماڵی باوکی، چەند رۆژێکی کەم دەمایەوە کارەکانی خۆی جێبەجێ دەکردو دەگەڕایەوە مەدرەسە. لەمانگی رەمەزانان کەخوێندن نەبوو- فەقێ ئەگەر مەلایەتی رەمەزانی نەبایە دەهاتەوە ماڵێ ئەو مانگەی لەماڵێ رادەبوارد. جەژنی قوربان دەهاتەوە ماڵێ بۆ جەژن کردن. یان نەخۆش بکەوتبایە دەهاتەوە تاکو چاك دەبۆوە، یاخود لەماڵەوە تازیەکیان هەبایە، یاخود برایەکی خزمەکی نزیکی ژنی بگواستبوایەوە دەیان هەنارده دوایی ئەهاتەوە بۆسەر شایی.

فەقێ هەبوو مانگێ جارێك سەردانی ماڵێی دەکرد، هەبوو لەدوومانگ، هەبوو لەشەش مانگ... من دیومە فەقێ هەبووە لەسێ چوار ساڵ ئینجا جارێك سەردانی ماڵی باوکی کردوە، وەکو فەقێی گەرمیان کە لەئێران بخوێندبایە یاخود هی ئێران کە لەعیراق بخوێن ایە، یان هی کوردستانی تورکیا ئەم قلەقلەی هەبوون دەهاتن بۆ خوێندن.

من یەك لەباری خۆم زۆرجار وارێك کەوتووە یەك ساڵ یا دووساڵ یا ٨ مانگ ئینجا جارێك سەردانی ماڵەوەم کردوە. خوا لەمەردوی هەموولا

خۆشبێ- دایکم زۆری خۆش دەویستم کەدەگەڕامەوە بۆ خوێندن دەچوە سەر ئاغەبان تەماشای منی دەکرد تاکو لەبەرچاوی بزردەبووم. لەهاتنەوەشم کەسێ خەبەری بدابایێ مزگێنی پێ ئەدا، بەڵام بەداخەوە هەزاران جار بەداخەوە نەگەیشتە بەروبوومی من کەخزمەتی بکەم. لەماددەی کتابی شەرحە شەمسیم دەخوێند وەفاتی کرد لەساڵی (١٣٦٢ی‌ك) ١٩٤٣ی‌ز ئەوکات من موستەعید بووم لەگوندی ماستاوە.

**( مانگی ڕەمەزان )**

مامۆستاکانی لادێیەکانی مەدرەسەی لێبایە لەمانگی ڕەمەزان دەرسیان نەدەووتەوە، مەگەر چۆنەها نەبێت ئەویش دەرسی حەدیس یان شەریعەت، یان تەفسیریان دەووتەوە، گوندەکەشی بەنۆبەت هەر شەوێك ماڵێك پارشێوی بۆ دروست دەکردن، پارشێوەکی بەلەزەت و پیاوانە، هێواری سوختە یەك دەچوە ماڵەکەو دەی وت ئیمشەو نۆبەتە پارشێوی ئێوەیە بۆمان بکەن، ئەوانیش دەیان وت بەسەر چاوان- چەند کەسن؟ فەقێیەکەش دەی وت ئەوەندە ینە. ئینجا یان پلاوو گۆشت یان ناسکە نان، یان ناوسێرکە= پەپکە سوورە... لەکاتی کەبارکردن فەقێیەك دەچوو بەخەبەری دەهێنان و لەکاتی حازریش دەچوون خواردنەکەیان دەهێنا. عادەتەن بەر لەڕەمەزان بەیەك هەفتە مەدرەسە چۆڵ دەبوو فەقێ تاژیان دەکرد. ئەوەی سوختەی بوو بۆ ماڵی باوکی تا هەفتەیەك پاش ڕەمەزان دەهاتەوە ئەگەر موستەعیدبایە مەلایەتی ڕەمەزانی نەبایە ئەویش دەچۆوە ماڵێ، ئەوەی مەلایەتی ڕەمەزانی هەبایە لەشوێنێك- گوندێکی بچووك کەبێ مەلابانایە یان هۆبە ڕەشماڵێك لەکۆچەراتی، ئەوا دەچووە سەر مەلایەتیەکەی- بانگ و کەباری بۆ دەکردن لەگەڵ جەماعەت و تەراویحیش، ئەوانیش سەریان پێ چاك دەکردەوەو سەرفترەیان دەدایێ، واش دەبوو یارمەتی تریشیان پێدەدا بەخێر، وەکو زەکات، لەچەژنی قوربانیش دەچۆوە لایان و نوێژی چەژنی بۆ دەکردن، ئەمانیش چەژنانەیان بۆ کۆدەکردەوەو یان دەیان دایێ. فەقێ لەمانگی

رەمەزان هێزی خۆی ئەدا خوێندنەوەی قورعان. هەر لە(١٠) ختم تـاوەکو (١٥) ختمی دەکرد. واش دەبوو ختمی هەدیە دەکرد بۆ خەڵك بەپارە.

مەلایەتی مانگی رەمەزان شتێکی گرنـگ بـوو بـۆ فـەقێ چونکـە بـۆ پێویستی خـۆی بـەکار دەهێنـا لەبابـەت: لیبـاس و کتێـب کڕیـن. بۆیـە مەلایەتی رەمەزان بەئاسانی بەر هەموو کەس نەدەکەوت بەڵکو واسـیتەی باشی دەویست لـەپیاوێکی گـەورە کـەوا خـاتر دار بایـەو شـوێنەکەی بـۆ فەقێیە بگرتایەو یارمەتیان باش بدایە، ئەمەش یان گـەورە دێیـەك یـان شێخێکی ناودار یان کار بەدەستەکی دەوڵەت.

مـن بـەباری خـۆم لـەکاتی موسـتەعیدایەتیم سـێ سـاڵ مەلایـەتی رەمەزانم چەنگ کەوت/ دوو ساڵ لەگوندی سماق شـیرین لـەوڵاتی کۆیـەو ساڵێك لەزێبارۆك ناوچەی شەقڵاوە گوندی کوێخا ئیسماعیل خەیلانی.

حاجی شێخ رەشیدی لۆلان کە لەپیاوە ئایینییە بەرزەکانی کـورد بـوو لەچەرخی ١٤ی ك دەسـتێکی بـاڵای هـەبوو بـۆ دامـەزراندنی فـەقێ بەمەلایەتی رەمەزان، هەربۆیە فـەقێی کوردسـتان لـەئێران و عـیراق بـەر لەرەمـەزان دەسـتە دەسـتە دەچوونـە لای ئـەم زاتـەو ئـەویش نامـەی بـۆ دەنووسین بۆ سەرۆکی هۆبەکانی کۆچەرو خاوەن دێیەکانی بچووکـی بـێ مەلا لەکوێسـتانان لەدێهاتـەکانی عـیراق و ئـێران. وادەبـوو پیـاوی خـۆی لەگەڵ دەهەناردن تاکو دادەمەزران، وادەبـوو فـەقێ یـەك درەنـگ دەچـوە لای شـێخ- کـە لـەوکات شـوێنەکان هـەمووی گـیرابوون، یـاخۆ تـاکو فەقێیەکـە دەچـووە شـوێنەکە بـۆ مـەلایـەتی و کاغـەزی شـێخی دەبـرد شوێنەکە مەلایان گرتبـوو، ئـەم جـۆرە فەقێیانـە دەهاتنـەوە لای شـێخی پایەبەرز دەمانەوە تاکو چەژن، کەئەوانی دامەزرانیە دەهاتنـەوە چەژنانـەی شێخ چەندیان چەنگ بکەوتبایە لەمەلایەتییەکە، جەنابی شێخ ئـەوەندەی ئەدا ئەمانەی لەلای ماینەوەو مەلایەتیان چەنگ نەکەتبوو.

یاوەری تایبەتی شێخ لەو چەرخەدا سۆفی‌یەکی خۆی بوو ناوی سۆفی هەینی بوو، پیاوێکی عاقڵ وتێ گەیی‌شتوو، خەڵك پێویستی خۆی بەوی رادەگەیاندو ئەویش بەبێ‌زێدەو کەمی بەشێخی رادەگەیاند شێخ بۆی جێبەجێ‌دەکرد، جگە لەرەمەزانیش هەرناگزوورێك، فەقێ‌یەك، مەلایەك لیقەوماوێك رووی لەم شێخە بکردبایە نائومێدی نەدەکرد. بەڕاستی وەفاتکردنی ئەم جۆرە پیاوە خسارەیەکی گەورەبوو لەکوردو کوردستان‌و ئایینی ئیسلام‌و لێ قەوماوان، ئەگەرچی کوڕێکی چالاکیش لەجێ شوێنە ناوی بەرێزی حاجی محمد خواتەمەنی درێژکات‌و دووری بخات لەناخۆش‌و نەخۆشی.

## سەردانی مەدرەسەکان بۆلای یێك تر

ئەو مەدرەسانە ناوە بەناوە بەتێکڕایی سەردانی یەکتریان دەکرد لەرۆژی دووشەم پاش نیوەڕۆ تاکو رۆژی سێ‌شەم کە دەرس نەبوو ئەوجا دەهاتنەوە، زۆرجاریش وابووە سێ چوار مەدرەسەکە لەمەدرەسەیەك کۆبووینەوە بۆ سەردان یاخو سەردانەکەیان لەرۆژی پێنج شەم بوو تاکو پاش نیوەڕۆی جومعە.

هۆی ئەم سەردانە/ ١-چاو پێ‌کەوتنی یەکتر بۆ خۆشەویستی. ٢-خەم رەواندنەوەو زەوق پەیداکردن بەهۆی مەقام‌و شایی‌و بەستەو چەپڵەرێزان‌و بەزم‌و کەیف. ٣-مناقشەو موباحسەو مونازەرە، تاقی کردنەوەی یەکتر خۆ بەخۆیی تاکو بزاندرێ کام فەقێ باشەو زیرەکەو شتی زۆر لەبەرەو کێ نەزان‌و تەمبەڵە. چونکە ئەم جۆرە موناقشەیە وەکو ئیمتحان وابوو، ووتراوە.

بالامتحان- يكرم المرء أو يهان

أو عند الامتحان· يكرم المرء أو يهان

تابەیانی خەوتن نەبوو هەر مناقشەبوو سوختە لەگەڵ سوختە موستەعید لەگەڵ موستەعید... ئەوە جۆرە شتە سودی ئەوەندە زۆربوو ناژمێردرێ شتێك بەموناقشە بهاتبایە بیر- وارسوخی دەبەست تامردن لەیاد نەدەچۆوە.

زۆر فەقێی تەمبەڵیش هەبوو لەسەر شۆڕیو چ نەزانی- تانی لەخۆی دەداو دەستی دەکرد بەباش خوێندن- تاکو لەئەنجاما دەبوە فەقێیەکی باش، وانەبێ مناقەشە بەس لەسەردان کرابا، بەڵکو لەکۆبونەوەی ئیجازەش زۆردەکرا لەشەوانی سێ شەمو جومعەش خۆبەخۆیی هەروابوو، بەڵام زۆرییەکەی لەسەردانی یەکتر دەکرا.

دەستوری ئەم جۆرە سەردانە: کەچینی میوان نزیك گوندەکە دەبوون- ڕێز دەبوون دەسدەکرا بەمەقامو چەپلە ڕێزان، ئەوەی خانەخێشی بەم حاڵە بەپیلیانەوە دەچوون. کەدەگەیی‌نە یەکتر چاکو خۆشیو موسافەحەکردن...

بۆ ئێوارێش لەناو دێیەکە ئەوەی لێی بوەشابایەوە شیویان لێ بەرادان دەدا- پلاوو گۆشت، هێوارێ کۆدەکراوە بەهەموو لا دەیان خواردو ئەوەی بشمابایەوە بۆ ماڵی دایبریان دەبرد. پێخەفی شەویشیان ئامادە ئەکرد، لەماڵان کۆیان دەکردەوە ئەگەر چی خەو زۆر کەم بوو لەبەر موناقەشەو بەزمو مەقامو چەپلە. زۆر جاریش وابووە لەکوردستانی عیراق- لیوای هەولێر دە، دوانزە، مەدرەسە ڕێك کەوتووینەو تفاقیان بردوە لەکژی بەهار چووینە سولتان عەبدللا لەقەراج، کەچاکێکی مەشورە، لەهەرناوچەیەك شوێنێکی واهەبووە بچنێ.

شێخ وسورەحمان لەشەقلاوە- شێرە سوار لەخۆشناو دۆڵی ئەسحابان، حەمامۆك لەکۆیە، مێگرو بێخالّ لەرەواندوز، سازو سێوەکە، گۆڕی خانزاند لەسەر کێوی سەفین، کانی وەکازە لەکێوی قەرەچوخ، حوسێنی غازی.

## یەختەی مەلا

ووشەی‌یەختە: لەکوردەواری بەولاغێکی نێرە دەلێن کەوا خەسابێو گونی دەرهێنرابێت. جا ئەگەر گێ درێژ (کەر) بوو پێی دەڵێن: یەختە کەر. ئەگەر ولاخی بەرزیێت پێی دەلێن: یەختە بارگین. ولاغێك کە خەساندرا نێرایەتی نامێنیو ئارەزووی نێراتی ناکات، وەکو ولاغی مێیەی لێدێو چ مەترسی لێ ناکرێ. هەربۆیی پاشایەکان زەلامیان دەخەساندو دەیان کردنە خزمەت

گوزاری ماڵومناڵیان، تاکو مەترسی یان لێ نەکرێ لەگەڵ ماڵو مناڵیان. پاشا تورکەکانیش هەروایان دەکرد بەناهەق... وابوو یەکێك لەم پاشایانە یەکی نەخەساو رەگەڵ خەساوەکان کەوت بەنەزانینو وایان زانی کەئەمەش خەساوە، تا لەئەنجاما زۆر بەی ئافرەتەکانی ئاووس دەرچون تاکو زانراو لەناوبرا- کاری لەکار ترازاند. ئینجا هەر مەدرەسەیەك گەورەبایەو فەقێی زۆربایە سوختەیەکی زەبەلاح چوار پەل ئەستور مێشك گەورە، ناتێ گەیشتو لەخوێندن- مامۆستای گەورە بەخۆی دەرسی پێ دەووتو جێگای لەتەك موستەعیدان رادێخستو چ کاری مەدرەسەی نەدەکرد بەس خەریکی ئیشو کاری مامۆستاو ماڵی مامۆستا بوو، مەحرەم بوو لەماڵی مامۆستا لێپێچانەوەی نەبوو هەرکات، ئەگینا نابایە چ فەقێی تر ماڵو مناڵی مامۆستا ببینێ لەسوختەو موستەعید، بەو زەبەلاحە دەووترا: یەختەی مەلا. ئەو فەقێیەی خۆی بەپیاو بزانیبایە یەختاتی نەدەکرد، چونکە مەهتوك بوو لەناو فەقێیان نابایە چ فەقێ پەنجە لەگەڵ یەختەی مەلا بگرێ، کەس نەدەوێرا خۆی لێ زوێر بکات. هەر فەقێیەك لەسوختەو موستەعید یەختە زمانی لێ بدابایە مامۆستا دەری دەکرد لەمەدرەسەکە. ئیشوکاری یەختەی مەلا: کاری ماڵی مەلا، پاراش هارین، زەکات کۆکردنەوە، تەگبیرکردن لەئیشوکاری ماڵی مەلا، جاسوسی لەسەر فەقێیان دەربارەی گوندو ماڵی مەلاو مەلا. بەکورتی درۆی یەختە لەلای مەلا راست دەژمێردرا. زۆرجار دەبوو سوختەکان یەختەیمەلایان مارکوژ دەکردو بەتێکرایی دەرۆشتن لەمەدرەسەکە.

١-لەجەڵدیانی کوردستانی ئێران ساڵی (١٣٦١ی ك) ١٩٤٢ی ز یەختەی مەلایان مارکوژکرد.

٢-لەگوندی چەغەمیرە هەر بەم جۆرە لەساڵی (١٣٥٦ی ك) ١٩٣٧ی ز.

٣-لەدیبەگە ساڵی (١٣٥٩ی ك) ١٩٤٠ی ز.

٤-لەساڵی (١٣٦٣ی ك) ١٩٤٣ی ز.

لەھەولێر مزگەوتی مامۆستای زاناو بەناوبانگ مامۆستا مەلا سالحی کوزەپانکەیی.

خۆزیا چاوتان بەیەختەی: بنەسلاوە بکەوتبایە چشتۆ زەبەلاح بوو، نیو عەلبە دەغلت لیّ بار بکردبایە داری نەدەویست، هەروەها یەختەی گوندی کێشکە مەدرەسەی مامۆستا مەلا سالحی گەرۆتەیی، بەلام لەئەنجاما هەموو تۆلەی لیّ بۆوە، مامۆستاش زانی کەوا چشتۆ ناپاکە لەدێیەك یەختەی مەلا کچی مەلای هەلگرتو بردیو ؟...

جارێك فەقێیەك لەسەر چاخواردنو مەجریسی فەقێیان سوختەیەك باسی کچێکی جوان دەکاتو ناوی دێنێ، فەقێیەکی تر پـێی دەلـێ: ووسبە پتـە هەورێك لەبەر عاسمانە، مەبەس یەختە دەبیّ کەوا دەگێڕتەوە، سوختەیەکی تر دەلیّ: ووسبە دیوار بەگێیە، فەقێیەکەش دەریّ لەقونی دیـوار بـەم، سندان لەھەورو پتکە هـەوریدات، یەختـە زوێربـوو ووتـی لەگەڵـە منتانـە، چەندی ووتیان بـێ سـود بـوو، تـاکو بـوە شـەڕیان خەنجـەرێکیان لـەقونی یەختـەداو فەقێیەکەش دەرکراو یەختەش پاش چاك بوونەوە لەشەرمەزاری رۆیی، فـەقێ گالتـەیان پـێ دەکـردو دەیـانووت: ئـای بابـە قـونم؟ یەختـە هـەلاتو چیتـر یەختاتی نەکرد.

## کێخوای فەقێیان

ئەو مەدرەسەی گەورەبایەو فەقێی زۆربایە- لەناوچینی سوختە گەورەکان، یـاخو لـەچینی موتەعـەللق فەقێیـەکی لێهـاتوو زەبـەلاحیان هـەلدەبژارد- یەکی موستەھق چـوار پـەل ئەسـتور، بـۆ سەرپەرشـتی هـەموو فەقێیـەکان لەئیشی مەدرەسە- لەبابەت راتبەو قاپ بزر نەبوونو ئاگر پەیداکردنو چالێ نـانو فیقـە هێنـانو ئاوهێنـان، بەھـەلبژراوە کـەیان دەووت: کێخـوا، هـەر ئیشێك لەمەدرەسە نوقسان بایەو کەمو کورِی هەبایە موستەعیدەکان یەقەی کێخوایان دەگرت.

ئیشوکاری کێخوا:

١-دابەشی راتبە لەنێوان سوختەکان بەعادیلانە.
٢-نۆبەتەو ئیش‌و ئاگرو چالێنان.

کێخوا بۆ کارەکان جەدوەلی دەکردو ناوی فەقێکانی بەدەوری جەدوەلەکەدا دەنووسی ئەقرەبەیەکی (عەقرەبی ساعە) پێوە دەکردو رۆژەکانی هەفتەی دەنووسی.

نۆبەتی هەر سوختەیەك بایە لەهەر ئیشێك ئەورۆژە ئەقرەبەکەی دێخستە سەر ناوی فەقێیەکە. کێخوا لەلای مەلای گەورەو موستەعیدەکان دەستوری درابوێ- هەرچی بکات، کێخوا دەی‌توانی لەسەر ناهەقی‌و گێچەڵ لەسوختە بدات، تا ئەندازەیەك ئەی‌توانی سوختە دەریش بکات **رووداوێك**// لەساڵی (١٣٥٥ی ك) ١٩٣٦ی ز گوندی قەڵا سنجی ژوورو- لەپاڵ کێوی سەفین، لەخۆشناوەتی نزیکەی ١٢٠ ماڵ دەبوو، مامۆستا مەلا محمد ئەمین حسێن لەوێ مەلای گەورە بوو نزیکەی ٣٥ فەقێی لێ‌بوو، قەڵا سنج گوندی میرانی خورشید بێك بوو لەتیرەی: میر مەحمەری- لەبەگ زادەی خۆشناو خورشید بێك تا بڵێی پیاوێکی عاقرو سەخی‌و لێهاتوو بوو سێ کوڕی هەبوو نورەدین/ کەمال/ رەشید. فەقێ محمەدی سۆفی قادر- گۆسکەیی، هەڵبژاردو کرا بەکێخوا، سوبیانەیەك کاری فەقێیەکانی ئامادەدەکردو رێکی دەخست سوختەیەکی بچووك کەناوی سەید مەغدید بوو، لەبەر دەمی کێخوا هەرچەرخی‌یەوە کێخواش شەقێکی لەبن گوێ‌دا، دارێکی ئەستوریش لەوێ بوو... کێخوا قەڵەم‌و کاغەزی لەدەست بوو غافر ببوو.. سەید مەغدید لەناکاو دارە ئەستورەکەی لەتەوقی سەری کێخوادا شەقی‌کردو خوێن بەگوڕێ وەربوو لەهۆشی خۆی چوو... سەید مەغدیدیش هەڵات. وەستا حسەن هەبو لەوێ، کۆلکە تەبی‌بیەکی دەزانی‌و بە(٣) درهەم سەری کێخوای تیمارکرد بەماوەی (١٥) رۆژ چاك بۆوە خورشید بێك پارەکەی‌دا.

**بۆ یادگاری/** لەوکات سوختەیەکی بچوك لەویّ بوو عەوامیلی پاش إظهاری دەخوێند خەلکی دزەیی بوو پیێیان دەووت: عەولاّ سیاوی، واتە خەلکی گوندی سیاو کوڕی سمایل تاژدین. منیش لەو کات لەوێم دەخوێند تەمەنم لە(١٥) سالیدا بوو، ئەم فەقیّ عەولایە دەنگەکی خۆش‌و ناسکی هەبوو بەزۆری لاوکی عەرەبی جانیی دەووت لەگەلّ ئەم شیعرەی تاهیر بێك:

دلّ نەخۆشە دەردی هیجران جانی جانانم وەرە

لەت لەتا جەرگ‌و هەناووم ماهی تابانم وەرە هتد

ئەوجابنوارە زەمانەو دەوری فەلەك... دوایی وازی لەخوێندن هێنا لەبەر هەندێ هۆ دەستی کرد بەکسابەت سەر وەختێك مەشوربوو بەعەولاّ ماتۆڕ واتە بەسواری ماتۆڕ دەگەڕا بۆ تەنزیمی کوردایەتی... زۆر لێهاتوو ئازابوو لەکوردایەتی بەرەو هەوراز رۆیی بەدەستی خۆی وای لێهات، بوو بە: قایدێکی لەشکری کورد، لەپاشان کرا بەوەزیری دەولەت لەبەغدا، پیاوێکی چاوقایم‌و زمان خۆش‌و پیاو بوو رەفیقایەتیم لەگەلی خۆش بوو...

**راتبەی فەقێیان= رادبە**

لەگوندان‌و لەدێهات ئەو مالەی حالدارو سەخی بایە راتبەی ئەدا، سوبیانانیش دوونان یاخۆ نانێکی ئەدا. راتبە لەعەرەبیەوە هاتووە بەمانای مورە تەبات‌و پێویستی ژیانە لەشارو شارۆچکەکان ئەوەی مەیلی دینی هەبایە راتبەی ئەدا. راتبە بریتی بوو کەوا ئێواران قاپێ شیوو نانێکی ئەدا، سوبیانانیش دوو نان یاخۆ نانێکی ئەدا، ئەگەر ئێواران شیو نەبایە هەر نانیان ئەدا، کەچی راتبەی شاران بەس نیوەڕۆیان شیویان ئەدا، ئەگینا هەر نانێك بوو راتبەکەیان، ئەو مالانەی راتبەیان ئەدا دیار بوون. مالی کێخواو گەورەی لادێ لەگەنی شیویان گەورە تربوو لەهی خەلکی تر، نانیشیان پتر ئەدا لەزۆر شوێن مالی گەورەی دێ چەند فەقێ بانایە ئەوەندە نانەیان ئەدا وەکو مالی قەرەنیاغەی: پەسۆی، هەمزاغای جەلدیان، عوبێد بەگی باشور، مالی میرانی قادر بێگی شەقلاوە... ئێوارەی جومعە گۆشت‌و پلاویان ئەدا

بەزۆری، ناوە ناوەش بابی ژەمێك گۆشتو برنجو رونیان ئەنارد بـۆ فـەقێیان بۆ خۆیان بکەنە شیو حەمەغای کۆیە چەند مەدرەسـە لەکویـە هەبایـە، هـەر مەدرەسەیەك چەند فەقێی تیابایە- رۆژی هەر فەقێو نـان، هـەموو ئێـواران هەر مەدرەسەو مەنجەلێك شـیو ئێـوارەی جومعـەش پـلاوو گۆشـت، رەشـید بەگی بێتواتـەش وابـوو، مامـەند ئاغـای سـەر کـەپکان، مـەعروفی حـاجی پیرداود ئاغەی دزەیی لەدوو گوند مەدرەسەی هەبوو هەموو فەقێیەکانی نان ئەدا. حاجی خدری باجەلان لەقەراج بەخویو بەسێ کورەکەی، جـەنابی مـەلا فەندی هەولێر پێویستی مەدرەسەو فەقێ بەهەقی حەمامەوەش لەسەر شانی خـۆی بـوو جگـە لەهەرسـێ جەمەکـە، معاشـێکی بچووکیشـی ئـەدا بەموستەعیدەکانی، هێوارەی جومعەو سێ شەمەش پلاوو گۆشت یا دۆلمـە مالی حاجی قادری هەولێریش تەقریبەن مەسرەفی فەقێیان بـەخۆیان ئـەدا، بەلام نابێتە مەلا فەندیو حەماغەو میرانی شەقلاوە.

بۆیێ مەلا سەید عبدللای مەلا کاغە کەفەقێ بوو شاعیریش بوو ئەمـەی دەووت:

غەرەز لەقەلعە پلاو دۆلمە خواردنە

ناچم بۆ گوندان نانە رەقو مردنە

مەدرەسەی مەلا فـەندی لەقـەلات بـوو لەشـاری هـەولێر خانـەقای زانـای ناودار شێخ ئەبو بەکری هەولێرو خانەقای بیارە هەموو پێویسـتی مەدرەسـە لەسەر شانی مالی ئەم شێخە بەرزانە بوو، بەلام ئەوەی سەر پەرشتیان دەکرد زۆر راستو هەق نەبوون لەراست فەقێیان واتە سەرکاری مـالی شـێخ. بۆیـە فەقێ دەیان ووت:

ئۆف لەدەست فەقێ حەمەدی هەولێر میرزا حەمەدی بیارە نانی فـەقێ یـان دەخۆن لەپێخۆرو لەپارە فەقێ ئەحمەد سەرکاری جەنابی شێخ ئەبو بەکر بـوو، میرزا ئەحمەدی بیارە بوو. جۆرەهـا جـار فـەقێ شـکاتیان لێدەکـردن، کـەچی سیاسەتیش دەکران لەلایەن جەنابی شێخەکان هەر عاریان نەدەنا.

ئەوجا فەقێ ئەو نانو شیوەیان کۆدەکردەوەو دابەشیان دەکرد ئەوەی بشمابایەوە بۆ ماڵی داپیریان ئەبرد. ئەگەر فەقێ لەخواردن شتی شلیان بخواردبایە بە نان وەکو: دۆشاو، ماست، ئەوەی تکێکی برشاندبایە ئەبوایە لەدەورەی حوجرە جارێك بسوڕێت، تا دەگەڕایەوە ئەوانی تر خواردنەکەیان کۆتایی پێ دەکرد، ئەگەر موستەعید بیڕشاندبایە سوختەیەکی خۆی لەجیاتی ئەو دەسوڕا بەدەوری حوجرە، راتبە لەسەر شانی سوختە بوو.

دەبێ بزانین کەوا- سەگ دوژمنی فەقێ بوو لەکاتی نانو شیو وەرگرتن لەماڵەکە. فەقێ هەبووە لەراتبە (٥) قاپ شیوی هەڵدەگرت هەر باسکێکی دوو قاپ یەکیش لەسەر سەری، زۆرجار شیوەکەی بەسەردا دەڕژا ئوسلوبی راتبە: ئێوارەو سوبیانە فەقێ ئەچووە بەر قاپی ماڵەکەی راتبەی ئەداو تا دەنگی تیا بوو دەی ووت: راتبە رەحمە تولێ بێ.

ئەوکات ماڵەکە گێڕیان لێ دەبوو- گورج یەکێك لەماڵەکە نانو شیوەکەی بۆ دەهێنا، بەزۆری وابو ژن یان کچ راتبەیان ئەهێنا. لەشاران فەقێ بانگی نەدەکرد: راتبە رەحمەتولێ بێ، بەڵام بەقایم لەقاپی دەداو ماڵەکە کەگێڕیان لێ دەبوو- گورج راتبەیان بۆ دەهێنا.

## میوانی فەقێیان

ئەگەر مەدرەسە میوانی بهاتبایە- ئەگەر مێوانەکە سوختە بایە- ئەوساکە وەکو فەقێیەکان دائەمەزرا لەخواردن شەویش پێخەفێکیان بۆ دەهێنا لەماڵێك. ئەگەر مێوانەکە موستەعید بایە ئەوسا دوو سوختە دەچونە ماڵێك کەلێوە شاوەبێت دەیان ووت: مێوانمان هەیە لەنگەرییەك (قاپێکی گەورە) پلاومان بۆبکە. ماڵەکەش مریشکێکیان سەر دەبڕیو بەپلاو ترش (شلە) بۆیان لێ دەنانو ئێوارە دوو فەقێ دەچوون دەیان هێناو مێوانەکە لەگەڵ موستەعیدێکی خۆیان دەیانخوارد، ئەوەی بمابایەوەش سوختەکان دەیانخوارد. ئەگەر مێوانەکان زۆربانایەو فەقێی مەدرەسەیەکی تر بۆ سەردان بهاتبایە ئەوساکە لەچەند شوێن شیویان بەرادان ئەداو بەتێکڕایی دەیانخوارد.

جارێك موستەعیدێك ماڵی لەگوندی بوو برادەرێكی خۆی هاتەمیوانی، موستەعیدكە سوختەی بەگوندی ییْخست بۆ بەرادانی شیو، سوختەكان زۆر ماندو بوون‌و كەس لەگوند بۆیان نەكردن. لەپاشان بەتەگبیری موستەعیدێكی تر، سوختەكان چونە ماری موستەعیدەكەی خاوەن میوان. ئێواریْ كەشیو هات‌و زانی هی ماڵ خۆی‌تیان نەی خواردو ووتی: زگم دێشی، زۆریش پەست‌و دڵ كزبوو؟

**دەقنە**

دەقنە لەناو كوردەواری ولاتی سۆران بەكاردێت بۆ ئەو شوێنەی ئەرزكەوا سەرەكەی توند بیْ، بەلاّم بنی شلبیْ‌و كەئادەمیزاد یاخۆ ولاخ پیْی لەسەر داناو قاچی بچێتە خواریْ‌و شتلْ بیْ تێدا. ئەم شتە بەزۆر لەكۆی زستان‌و لەبەهار روئەدا لەناو زەوی‌وزار كسالێكی بەبارانبیْ، یاخود ئەرزەكە زەنەكاوی بێت‌و شلبیْ.

دەقنە لەناو فەقیْیان بەكاردێت بۆ ئەمە: ئەو دیْیەی كەفەقیْی زۆر بێت نانی راتبە بەشیان نەكات‌و بچنە دیْیەكی تری نزیك راتبەو نانی لیْ كۆبكەنەوە. یاخۆ لەكوێستان زستانان لەبەر بەفرو سەختی راتبە زەحمەت بوو، ئینجا سەری زستان لەدیْیەكە تفاق‌و شتیان كۆدەكردەوە بۆ ئەم زستان‌و سەختی‌یە بەخۆیان چێشت‌و شت دروست بكەن‌و لەناو گوند نەگەرێن، لەشاری سولەیمانیش ئەمە عادەت بوو كەسەری زستان دەقنەیان دەكردو تادەبوە كۆی بەهار دەقنە دوو جۆربوو: ١-دەقنەی داخلی، هەروەكو باسمان كرد لەبەر ساردی زستان لەدیْیەك یاخود لەشارێك لەكوردستان...

٢-دقنەی خاریجی (دەرەكی): فەقیْ دەچوونە دیْیەكی تر نانیان كۆدەكردەوە جگە لەدیْیەكەی خۆیان من بەخۆم دەقنەم لەم شوێنانە دیوە لەكاتی فەقیْیاتیم:

١-لەساڵی (١٣٥٦ی ك) ١٩٣٧ی ز لەگوندی قەلاّ سنجی ژوورو دەقنەی گوندی قەلاّسنجی ژێریان دەكرد.

٢-لە(١٣٦٣ی ك) ١٩٤٣ی ز فەقێی گوندی هێلەوە دەقنەی گوندی عەلیاوەیان دەکرد.
٣-لەسلی (١٣٦٧ی ك) ١٩٤٧ی ز فەقێ گوندی چۆمەزەردەڵەی گەورە دەقنەی گوندی شێخەیی‌و چۆمە زەردەڵەی خوارویان دەکرد.
لەساڵی (١٣٥٥ی ك) ١٩٣٦ی ز مـن لـەگوندی قـەلا سـنجم دەخوێنـد رۆژی هـەر فەقێیەك نـان‌و كـەرتێكی بـەر دەكـەوت؟ راتبـەی هـەر دوو قەلاسنجمان دەکرد.
مامۆستایان دەیان فەرموو لەرۆژانی گرانی ١٣٣٧ی ك ١٩١٧ی ز فەقێ رۆژی کەرتە نانێکی بەردەکەوت.

## چەند نوکتەیەك لەسەر فەقێ‌و کیژۆکاڵ

لەكاتی پێشو ئەم تێكەڵاوی بێ پەردەییە نەبووە، کچو کوڕ کـەم وابـووە یەكتریان دیوبێ، ئەویش فەقێ هەرنا چونكە ئـافرەت خـۆی لەفـەقێ حەشـار ئەدا لەبەر شەرەفی عیلم، ئەوەی من بەشـەخسـی خـۆم لەشـاری كۆیـێم دیـوە شـتی واهـەر نـەبووەو نـابێت، کەنزیکـەی دوسـاڵم لـەوێ بەموسـتەعیدی خوێندوە. فەقێ دیار بـوون لەنێوخـەڵك بەبۆنـەی كـەواو سـەڵتە، مـەندیل...، كەفـەقێ بەكۆڵانەیـەكدا دەچـوو، ئـافرەتێك بـەرەو رووی بهاتبایـە گـورج نافرەتەكە بەری خۆی لەدیواردەكردو پشتی لەرێگایەكە، تـاكو ئـەم فەقێیـە لەوێ تێپەڕدەبوو، نابایە فەقێ رووی ببینێ. ئەمەش لەبـەر شـەرەفی عیلـم‌و ئایین بوو، خۆ هەر نابایە فـەقێ رەش بەڵـەك بكـات، مـاڵ‌و منـاڵی مـەلاش نابایە بیكات ئیمام عەلی دەڵێ:

رضينا قسمة الجبار فينا لنا العلم وللأعداء المال
فعز المال يفنى عن قريب وعز العلم باق لايزال

ئێمە رازینە بەدابەش کردنی یەزدان- بۆ ئێمەی داناوە عیلم، بۆ دوژمنـان مـاڵی داناوە، بەرزی ماڵ لەم نزیكانە دەبڕێتەوە، بەڵام بەرزی عیلـم‌و زانست هەر باقی‌یەو نابڕێتەوە.

١-مامۆستا عەبدولکەریم فەندی خەیلانزادە گێڕایەوە فەرموی فەقێیەکی زۆر جوان و بەشەوکەت و لێهاتو دەچێتە مەدرەسەیەك، ناوی مەدرەسەکەشی دەووت، بەڵام من لەیادم نەماوە.

حاجییەکیش هەبوو ماڵی لەنزیك حوجرەی فەقێیان بوو تەنیا کچێکی نازکو تازە هەڵاتی و جوانی هەبوو، حاجیش زۆر دەوڵەمەندبوو. فەقێیەکە ووتیە موستەعیدەکان راتبە بەمن مەکەن- هەر ئیشی حوجرە هەیە دەیکەم قبوڵیان نەکردو راتبەیان بۆ دانا، ماڵێك لەراتبەکان ماڵی حاجی بوو. فەقێ چوە راتبەی ماڵی حاجی بانگی کرد: راتبە رەحمەتولێ بێ. کچی مام حاجی راتبەی هێناو چاوی بەفەقێ کەوت زروکاندی و کەوتە گۆڕێ، حاجی و حاجی ژن دەرپەڕین و دیتیان کچە کەوتووەو دەناڵێنێ و فەقێش لەوێ حەپەساییە. وایان زانی کەفەقێ پڕی دایتە کچە، فەقێ هاتەوە حوجرەو رەنگی تێکچوە، بوە دەنگ لەئیشەکە، تاکو کچە بەخۆی هاتەوەو لێیان پرسی، ووتی فەقێ پڕی نەداومێ، بەڵام تیری عەشق لەجەرگی داموخستمی، کچە کەوت لەماڵێ، فەقێش چی تر راتبەیان پێنەهێناوە، حاجی تەشەبوسی بەمامۆستا کردو فەقێیان بردە لای کچە وەکو تەبیب، چاوی بەفەقێ کەوت و هەڵستاوەو گەش بۆوە، بەکورتی: ئەو کاتەی فەقێ دەچوە لای کچە زیندو دەبۆوە، کەفەقێ دەڕۆی کچە دەکەوتەوە. حاجی زۆر تکای کرد کە کچەکەی بداتە فەقێ و بێتەوە سەر ماڵێ و ببێ بەکوڕی حاجی و حاجی ژن، فەقێ قبوڵی نەکردو شەوێك بەدزی هەڵات و رۆیی کچەش هەر بنێسا- تاکو لەئەنجام مرد.

٢-لەزەمانی محەمەد پاشای رەواندوز- میر محەمەدی مەزن، رەواندوز مەدرەسەیەکی زۆر گەورەی لێبوو مامۆستای گەورە- قاضی القضاة- مەلا محەمەدی خەتێ بوو هەر کات لە١٠٠ فەقێی کەمتر نەبوو رەواندوز ئەوکات لەشوێنی کاولۆکی ئێستاکەبوو، شوێنی حوجرەو مزگەوتی گەورە تا بەم دواینەش هەر ئەسەری مابو؟ پاشای گەورە هەموو جومعە بۆ خوتبە دەچوە مزگەوتی گەورە.

سوختەیەکی جاحێڵ لەدیواری حەوشەی مزگەوتی گەورە بەرانبەر دەرگای مزگەوت بەخەتەکی گەورەو خۆش ئەم تاکە فەردە دەنووسی:

بیکس بیکسی دربدر بیکسی أز بیکس سخت تر

واتە بێکەسیو بێکوسیو دەربەدەری وڵاتان- کامەیان ناخۆشترن؟ بێ کوسی ناخۆش ترە لەبێکەسو تەنیایی کەپاشا چاوی بەنووسینەکە کەوت داوای ئەم فەقێیەکرد فەقێیەکە هاتو لەبەردەم پاشا راوەستاو پاشا پرسیاری لیکرد ووتی: بەڵی من نووسیتم تاکو پاشابی بینێ ووتی مەبەست چیبوو لەدیدەنی من هی شیعرەکەت؟ ووتی پاشام مەبەستم چارەسەرییە، ئینجا پاشای گەورە ژنێکی بۆ هێناو ماڵێکی خۆشی بۆ دانا. ئەم چیرۆکەم بیست لەجەنابی شێخی مەزنو بەناوبانگ، عالی چەرخی خۆی: مامۆستا شێخ (...؟...) کەبۆی گێرامەوە تەمەنی پیرۆزی لەپاش حەفتا ساڵی بوو، ناویشم نەنووسی لەبەر ئەمەبوو: شیعرەکە ووشەیەکی وای تێدایە کەناو هێنانی جوان نییە...

٣-لەساڵی (١٣٤٥ی ك) ١٩٢٦ی ز گوندی مەلا عومەر لەدەشتی دزەیی زیاتر لە١٠٠ ماڵ دەبوو، عەزیز ئاغا گەورەی دێیەکە بوو پیاوێکی مەردو رەشیدو سەخی لەتیرەی بابیزبوو هەر کات ماڵی ئاغا قەنتەرەو دەرگایان گەورەیەو دوورە لەقاپی ماڵ ئەم جۆرە ئاغایانە ماڵیان هەر دەم پڕە لەکارەکەرو خورام- کێرکەرو نۆکەر فەقێ دەچونە بن قەنتەرەو بانگیان دەکرد راتبە رەحمەتولێ بێ کارەکەرێك راتبەی دەهێناو دەی دایە دەست فەقێیەکە سوبیانەیەك فەقێیەکی جاحێڵی لێهاتو دەچێتە راتبەی ماڵی ئاغا، کارەکەرێکی جاحێڵو خڕو پڕو قنجیلانە- نان بۆ فەقێ دێنێ بەفیزێکەوە نانەکەی بۆ تێهەڵ ئەدات فەقێش دەڵێ: خوشکم بۆ نانم بۆ تێهەڵ دەدەی؟

خەڵك نان بۆ سەگ (کسوك) تێهەڵ ئەدات، کارەکەر دەڵی فەقێو سەگ جیاوازیان نیە- هەر دوك بەدوایی نان گڕدەخۆن. فەقێ دەڵێت: خوشکم چما

تۆ لەمن مـاقول تـری؟ مـن فەقێمـەو تـۆش کارەکـەری، کارەکـەر دەڵـێ: چ حەددت هەیە بەبابەوە تۆ وەکو من بی فەقێش دەڵـی وەرە باحیسـاب بکـەین داخوا چیت لەمن زیاترە؟ کارەکەر دەڵێ: مـن زۆرم لـەتۆ زیـاترە دەحیسـاب کە، فەقێش دەڵێ: سەرم بسەرت چاوم بەچاوت، کەپووم بەکـەپوت (لـوت)، دەمم بەدەمت هەردو دەستم بەهەردو دەستت، هەردوو قاچم بەهـەردو قـاچت زگم بەزگت، ناوکم بـەناوکت، هینـم بەهینەکـەت؟ گونیشـم زیـاد، کەفـەقێ وەدەڵێ کارەکەر قیژاندیو کردیە هەرا، ماڵی ئاغـا تێ‌گـەین، کارەکـەر وای نیشاندا فەقێ پری داوەتێ، بوە دەنگو ئاغا تێ‌گەیی مەلاو فـەقێی بـانگ کرد ووتی: فەقێ کارەکەر کچی منە، تـۆ چـۆن پـری دەدەیـێ؟ فـەقێ ووتـی جەنابی ئاغا کارەکەریش بانگکە ئەوجا مـن ئیفـادە دەدەم، کارەکـەر بـانگ کرا دیوەخان.

فەقێ ووتی: جەناب بفەرموو بەکارەکەرکە کەسـوێند بخوا بەسـەری ئاغـا راست دەڵێمو درۆ ناکەم.

ئاغا وای پێ ووتو کارەکەر سوێندەکەی خوارد بەسـەری ئاغـا درۆناکـەمو راستی دەڵێم، بۆ زانین: جاران لەکوردستان زۆربەی خەڵك تەراقو قورعانیـان بەدرۆ دەخوارد، بەڵام سەری ئاغاو شێخو میرو کێخواو بەگلەریان قەت بەدرۆ نەدەخوارد؟

فەقێش هوردو بارێك روداوەکەی گێڕاوە.

ئاغا ووتی کچم وایە؟ چ درۆی کـرد فـەقێ؟ کارەکـەر ووتـی نـەخێر درۆی نەکرد چۆن بوو وای وت. ئاغا زانی کەفـەقێ راسـتی کـرد ووتیـە مامۆسـتا کارەکەر لەفەقێ مارە بکەو منیش ماڵو حاڵیان بـۆ ئامـادە ئەکـەم، فـەقێ ووتی جەنابی ئاغا من نامەوێ، ئاغا ووتی بـۆ چ؟ دەبیـە زاوای مـن، ووتـی ئاغا ماڵی جەنابت پڕە لەکارەکەرو نۆکـەرو رەنجبـەر، جـەنابت لەدیوەخانـەو ئاگات لەچ نیە، کارەکەرەکان لەتـەرەف نۆکـەرەکان هـەزار سـەرەکیریان پیـا هاتوە، من شەرمم بەخۆیە کارەکەر بێنم. کارەکەر سـەری شـۆڕکردو هەڵسـا

رۆیی نەبادا ئاغا بڵێ کچم وایە؟ چونکە کارەکەر سوێندی بەسەری ئاغا خواردوە نابێ درۆ بکات. ئاغا دوو لیرەی دا فەقێ بەخەڵات. ئەم عەزیز ئاغایە (عەزیزی مەلا) مەشوربوو دار بکوشێ ئاوی لێ دەیەنێ.

## دەی- فەقێیان

ئەمەجۆرە ژمارەیەکە فەقێ بەکاریان دەهێنا بۆ دابەش کردنی راتبە، یان سەفەر، ئەمەشیان لەنێوان دوو کەس دەکرا یان زیاتر، واش دەبوو لەنێوان هەموو فەقێیەکان دەکرا ئەگەر شتەکە کەم بایەو بەشی هەموویانی نەکردبایە، ئەم ژمارەیەش بەپەنجە بوو، دوو فەقێ دەستیخۆیان دەبردە پشتی خۆیان، واتە هەر یەکێك دەستێك. لەکاتێك کەدەیان ووت دەلەمن، یان دە لەتۆ دەستەکانیان دەهێناوە پێشەوە چەند پەنجەیەکیان دەکردەوە، ئەمەی تریشیان دەقوچاند، پەنجەکراوەکان حیساب بوو، قوچاوەکان حیساب نەبوون. هەرکات ژمارەی دە بەدەستەوە بوو، پەنجەکانی کراوەش لەدەستی هەردوو فەقێ- هەر پەنجەیەك لەوکراوانە بەژمارەی یێك حیساب بوو ئەگەر هەریێك پەنجەیەکیان بکردبایەوە ئەمە دەیکرد دوو دەیان هاوێشتە سەر ژمارە دەیەی کەهەرکات بەدەستەوە بوو- هەمووی دەکرد (١٢)، ئەگەر (٣) پەنجە بکرابایەوە ئەیکرد (١٣)... ئەگەر (٥) پەنجە بکرابایەوە ئەیکرد (١٥). ئەگەر یەكو (٥) پەنجە بکرابایەوە ئەیکرد (٢٠) لەگەڵ ئەم (دە)یەی هەرکات لەدەستە. ئینجا (دە) لەکوێ بایە لەم را دەس دەکرا بەژمارە کۆتاییەکەی لەلای کوێ بهاتبایە ئەو دەبوە سەر پشك (مەرە) لەهەلگرتنی شتەکە یان لەئیشکە، ئەگەر بەرێز بایە (دە) لەکوێ بایە لەوێ دەست دەکرا بەژمارە، کۆتاییەکەی لەلای کۆتای بهاتبایە ئەو دەبووە مەرە ئەوەی لای راستەی ئەو دەبوە پاش مەرە ئەمەکەی ئاخر دەبوە قرە.

## تخفیف من ربکم

ئەو مەدرەسانەی کەوا فەقێی زۆر لێ کۆدەبۆوە خواردن تێرای نەدەکردن، حوجرەکان فەقێکانی هەڵ نەدەگرت، دێیەکە دەهاتە هەژان، مەلای گەورە

ئاگادار دەبو لەم کارەساتە، دەهاتە ناو فەقێیان کۆی دەکردنەوە خوتبەکی بۆ ئەدان لەپاشان دەی فەرموو: دڵم بۆتان دەسووتێ کەوا ئێوە لەو تەنگەبەرییە دانە، وابە پەسەند دەزانم هەندێکتان لەبەر هەندێکتان بچنە دەرێ دەشقەم ئەمەکەی تر خوێندکەی پێ دەکرێو خواردن تێرای دەکات، ئینجا رێزبنو دەی ئیمامی شافعی لێبکەنو بە بەرکوێ کەوت بابچێتە مەدرەسەیەکی تر. ئینجا سوختەکان بەدەورە ریزدەبوون دادەنیشتنو بەتێکڕایی دەیان ووت: (تخفیف من ربکم) دەیان لێکرد زیادەکان دەرۆیشتن پێشیان ناخۆش نەبوو، فەرقو جیاوازیش نەبوو بۆ رۆیشتن جگە لەمە نەبێت کەوا موستەعیدێك یەك سوختەی هەبایە ئەو داخیل نەدەبوو، تاکو موستەعیدەکە مەعتەل نەبێو پەکی نەکەوێ لەخزمەت کردنی.

**نمونە**: لەمەدرەسەی دۆڵە سزە بەکارهاتوە ئەمە بەتایبەتی لەکژی بەهار لەکاتی چونە قەراج لەمەدرەسەی بالیسان، لەعەوێنەم دیوە بەکارهاتوە هەروا لەدێی چەغمیرەش. بیستومە کەوا فەقێ زۆر لەشەقلاوە کۆبوینەوە بەس فەقێی پێخواس (٨٠) بوینە سێ جار (تخفیف من ربکم)یان بەکار هێناوە ئەگەرچی میوانی مەحمود بێگ لەگەڵ خێزانە ناودارەکەی عەنبەرخان ئەوپەڕی رێزیان لەفەقێ ناوەو خزمەتیی پیاوانی ئاینیان کردوە.

## دەستوری خواردنی نان و شیوی راتبە

ئەو نانو شیوەی کۆیان دەکردەوە لەراتبە دابەشیان دەکرد بە: ١- بۆ سوختەکان ٢-بۆ موستەعیدەکان، یاخۆ چەند حوجرە بایە دابەش دەکرا، کە دابەش دەکرا دەیان لێدەکرد، یەکەم جار مەرە چینێکی هەڵ دەگرت، ئەوجا پاش مەرە، ئەوجا قڕە.

مەشوربوو شت بە، دە لێکردن حەرام نیە، گوایا ئەمە ئیمامی شافعی دایناوە بۆ فەقێ. نمونە دوو پشکە گۆشت لەراتبە بهاتبایە بەرێز دەیان لێدەکرد مەرەو پاشا مەرە دەیانبردو دەیاخوارد، ئەوانی تریش بێ بەش. زۆرجار وابووە لەبەر خواردنی بێگۆشت شەو کۆربوونە- ماوەیەك

هاتووینەوە ماڵێ تاکو چاك بووینەوە چارە سەریان کراوە، بەزۆر وابو یەکدو نانی گەنم هاتوە هی ماڵی ئاغا، تیلم تیلم کراوەو دابەش کراوە، ئەم تیلمانەیان لەناو نانێ جۆ ناوە- کردویانە بەپێخۆر.

## دا پیری فەقێیان

فەقێ لەمەدرەسە پێویستان بەم شتانە هەیە: جل شوشتن، قاپو قاجاغ شۆرین، ئاوگەرم کردن لەکاتی ساردی بۆ دەسنوێژو غوسل کردن، دورمانو پینەو پەرۆ... هتد، بەڵام لەناوکێوانو کوێستانان لەبەر کانیو روبار فەقێ پێویستیان بەئاو گەرمکردن نەبوو. هەروەها لەشارانیش داپیاتی نەبوو. بەس داپیراتی لەدێهاتەکان هەبوون بۆ مەدرەسە خەڵك زۆر هەژار بوو بەتایبەتی چینی رێنجبەر خەڵك مەمنون بوو پارچە نانێکی چەنگ بکەوێو منالی بیخوات.

ئینجا فەقێ لەگوندی دەگەڕان ماڵێکیان دەس نیشان دەکرد کەوا ئەو ماڵە پاکژو خاوێنو نوێژکەربێ. ئینجا ئەو ماڵە ناو دەبرابە: داپیری فەقێیان- فەقێیەکانیش ئەم نانو شیوەی کەزیادبو لەبەریان دەماوە لەراتبە- بۆ ماڵی داپیریان دەبردو ئەویش لەگەڵ منالەکانی دەیانخوارد، لەناو کێوان بەزۆری ماڵی مەلای گەورە دەبوونە داپیر، چونکە مەلاکانی ناوکێوان زۆر دەس کورتو هەژار بون، بەڵام لەدەشتایی مەگەرچۆنها نەبایە ماڵی مەلا نەدەبوونە داپیر.

**نوکتەیەك//** گوندی باشتەپە لەدەشتی دزەیی، لیوای هەولێر مامۆستا مەلا سەعیدی سیان لەوێ بو مەلایەکی زاناو قسە خۆشو عاقرو سەخی هەرکات لەپانزە فەقێی کەمتر نەبوو فەقێ داپیرەیەکیان هەبوو کەم زان هەژار، دەی ووتە فەقێیەکان: توخوا رۆڵەکانم دوعام بۆبکەن.

فەقێیەکانیش دەیان ووت: یارەبی داپیرە وەبەرحەشەفەی نێرەکەری عوزێر پێغەمبەر بکەوی، ئەویش دەی ووت یاخوا ئامین کورەکانم لەگەڵ دایكو باوکی ئێوەش، ئینجا دەبوە پێکەنین بۆزانین/ حەشەفە/ بەسەرە گۆیەکەی دەعباکەی نێرەکەر دەووترێ لەکوردەواری.

## رابواردن و ئیدارەکردنی فەقێی مەدرەسە بەگشتی لەمەدرەسە

هەر وەکو فەقێ خواردنی لەسەر دێیەکەو گەورەی دێیەکە بوو، لەشاران لەسەر شانی خێر خوازان بوو، لەهەندێ مەدرەسە لەسەر ملی یەك کەس بوو وەك: بیارە، مەدرەسەی کاك ئەحمەدی سلێمانی، مەلا فەندی هەولێر، خانەقای شێخ ئەبو بەکر، مالی حاجی قادر دەباغ.. هاوینان کەخەرمان هەڵدەگیرا پیاوی گەورەدێ فەقێی ئاگادار دەکرد. فەقێش دەچوونەسەر خەرمانەکەو دەیان ووت: خەرمان بەرەکەت خاوەنەکەشی دەی ووت خێرو بەرەکەت، چەندی دڵی لێ ببایەوە ئەی دانێ، لەجۆو گەنم، ئەوانیش کۆیان دەکردەوەو دەیان فرۆشت لەکاتی پێویستی بەکاریان دەهێنا بەهارانیش جومعانەی ناو هۆبەو گوندانیان دەکرد گیسكو (بزن) کاورو حەیوانە زەکاتیان کۆدەکردەوە دەیان فرۆشت، هەروەها لەکۆی هاوینان بەتێکڕایی لەدێهاتەکانی دەوراو پشت دەغلو دانیان کۆدەکردەوە، لەناو کێوانیش وا دەبوو: مەدرەسە وەقفی هەبوو لەرەزو باخو باخچەو گوێز بەسەپانیان دەداو بەشەکەی خۆیان ئەفرۆشت. شەوانی جومعەش لەکۆی پایزرا لەمالان سوختەکان دەگەڕان بۆ جومعانەو دەیان ووت: بەتێکڕایی: جومعانەی فەقێیان بچنە بەهشتێ، ئەوانیش لەدێهاتەکان ئەم شتانەیان دەدانێ: هێلکە، داندۆك، شەکر، چایە، هەرکەس بەگوێرەی دەسەلات، لەناو کێوان: مێوژ، لەتکە هەنجیر، هەنار، هێلکە... لەشاران بەزۆری پارەبوو چەند دوکانداری پیاویش هەبوون بەرۆژی جومعە فەقێ ئەچونە سەر دوکانەکەی پارەی ئەدانێ جومعانە، هەبوو مانگانەی ئەدانێ بەپێی توانا. فەقێ لەنامە نووسین بۆ ئەو پیاوی گەورە کەمێوان دەبوو لەدیوەخان سودیان وەردەگرت بۆ زانین: لەسالی (١٣٥٠ی ك) ١٩٣١ی ز گوندی گردیگۆم لەناوچەی کەندینانەوە (٦) مالّ بوو (٨) فەقێیان هەبوو لەمەدرەسە خزمەتێکی زۆر جوانو باشیان دەکردن، رۆژێك فەقێیەك دەبێتە هاورێی کابرایەکی گردیگۆمی،

فەقێیەکە مەتحیان دەکات کەوا بە (٦) ماڵ (٨) فەقێ مسرەف دەکەن کابراش دەڵێ: برا هەشت نۆ فەقێی گەواد چییە خەڵك مسرەفیان بکات واتە مسرەفیان ئاسانە. فەقێ یەکەش دەڵێ: راستە، بەڵام شەش حەوت ماڵی گەوادیش چینیە. ئەم قسەیە لەناو فەقێیان بوە پەندو دەگەڕاوە.

## ئیدارەکردنی فەقێ هەرکەس بۆ خۆی بەشێوەیەکی تایبەتی

ئەوەی لەپێشان باسمان کرد ئیدارەی فەقێی مەدرەسە بوو بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام ئەمەش بۆ ئەمەیە کە بزانرێ هەر فەقێیەك ئیدارەی چۆن بوو، بەچی ئەژیاو ئەی خوێند. ئەو فەقێیەی ماڵی باوکی حاڵدار بایە خەرجی لەوان وەردەگرت بۆ کتاب کڕین و جل، ئەوەی حاڵی ماڵی باوکی باش نەبایە (کە بەزۆری باش نەبوون) بەجومعانە ئیدارەی دەکرد. فەقێ دوو دەستە جلی دەویست هاوین و زستانی، دوو جوت پێڵاو هاوین و زستانی، دوو جەمەدانی یان مەندیل، دوو دەستەکراس و دەرپێ، توتن و جغارە ئەگەر جغارە خۆر بایە، سابوون و دەزوو، قەڵەم و قاقەز، هەندێ کتاب هەبوو ئەبایە بینووسێتەوە، هەندێ کتاب چاپ کرابوو ئەبایە بیکڕێ، فەقێ ئەگەر خزمی هەبایە ناوە ناوە سەردانی دەکردن و یارمەتیان ئەدا، هاوینان لەگەڵ فەقێیەکی تر رێك ئەکەوت لەدێهاتان لەسەر خەرمان جومعانەی دەغڵی دەکرد، بەهاران لەناو هۆبەو رەشماڵ جومعانەی دەکرد، بەکۆی پایزان لەناو کێوان جومعانەی توتنی دەکرد.. فەقێی واش هەبوو شەرمی بەخۆی بوو جومعانە بکات ناوە ناوە کرێکاری دەکرد، من بەباری خۆم زۆر جار کرێکاریم کردوە لەشاران ئەوەی یەختەی مەلا بوو- سودی لەمارە بەجاش وەردەگرت، کەوا مامۆستا مارە بەجاشەکانی لەو مارە دەکردو خەرجی و (؟) چەنگ دەکەوت، فەقێی واهەبوو سودی لەمردو چەنگ دەکەوت- قورعانی لەسەر دەخوێند، ختمی بۆ دەکرد لەسەڵات و، ئیسقات بەشدار دەبوو، فەقێی شاران لەجێژنەو عارەفات سودیان لە: یاسین- خوێندن وەردەگرت لەسەر قەبرستان، لەوەسلی مردو بەجومعە- سودیان وەردەگرت لەختمە تەهلیلە بۆ مردو لەسەر قەبران...

## نوکتەیەک لەسەر سەلأت و ئیسقا

مردنی کابرای ڕەشماڵ نشین لەچەرخی ١٤ی ك: ناوکابرا ناوی قیتۆ بوو ژنێکی لەتەمەنی خۆی هەبوو، دایکی منداڵەکانی بوو، ژنێکی تری بەم دواییەنە هێنابوو بەزەبری ماڵو پارە، برایەکی هەبو ناوی عەولا بوو، کۆچەرایەتی بەعەولا دەڵێن: حەوکە، بەخەزل دەڵێن: خەز، تازە هەڵدەهات و خڕوخۆڵو قنجیلانە بوو. مام قیتۆ ئەوەی خوا واجبی کردبوو- نەی کردبوو، ئەژ قەزا نەخۆش کەوت دەردەکی گرانی گرت، ئەوساکەش دکتۆرو شت زۆر کەم بوو- خەڵك بەخەیاڵیدا نەدەهات بچێ بۆ دکتۆر، بەتایبەتی کوردەواری دوورەشار.

ماڵو منداڵ دەورەیان لەمام قیتۆدا مام قیتۆش لەهۆش چوو، کاتێك هاتەوە هۆش چاوی هەڵێ ناو دیتی: ماڵو منداڵ بەجۆش لەسەری دەگرین، مام قیتۆش ووتی: ئەوا لەبۆدەگرێن؟ ووتیان: لەبۆ تۆ دەگرێین- دەردەکا گرانت لێیەو بەجێن دێلی، قەبر قۆرو تاریكو تەنگە، پڕە لەدوپشكو حەزیا جحەندەم گەرمە. ئەتۆش شەرمەزاری خودێی، نوێژت نەکردوە ڕۆژوت نەگرتوە- تەخەماتوین تەچیە جحەندەم. ئاگرا جحەندەم گەرمە- پڕی حەزیاو دوپشكو مارە.

مام قیتۆ تا دەنگی تیا بوو ووتی: توای هو... هو...هو... لەم وابێ تەخەما عەویانو دەورانن بێ خودان تەمێنێن کەس نیە هۆهۆ لەعەویانابکاو•عیٚعیٚ- لەدەواران بکا... تەخەما نوێژو ڕۆژیان دامەبن- بەبزنەکی مەلاو لۆ مەیمون دەکەم- نوێژو ڕۆژیانم بۆچی دەکا داوێتە ئەستۆی خۆی، ئەزیش فجورِ تەکەم لۆ بجێشتێ، بەلام هەموتان گوێ بگرن هۆی لەمنێ:- ئەز تەخەما خەزم... ژنەکا جوانو جحێرە- شلومل و چاو بەکلە- ئەزسەرم ناوابێ حەوکابرا تەڕەشێی وەتەکا. حەوکەش دەستی کرد بەکۆرە گری ووتی: برا لەپاش تۆ چاوانم کۆرەبی ئەز کوو خۆکۆرەتکەم.

مام قیتۆش ووتی: نا- نا درۆدەکەی بەپیری بارەکیانا لێت ڕەپکردیە، ما ئەز پەخۆم نەم دی هەوێ شەوێ لەناو عەویانان خەریك بووی تەڕەشێی

وەکەی، بڕۆنە خەزێ چاوانی نزن، تەماحی تەحەو کابرا دایە چونکــە جەحێرە. (ئەم چیرۆکەیەم لە: سمایلە سۆری بانی مارانی وەرگرتــوە- پیــاوێکی عــاقرو قسە خۆش بوو...).

عەویان= حەیوان/ دەوار= ولاغی بەرز/ هۆهۆ- بۆحـەیوان بـەکاردێت/ عیٚعیٚ- بۆ بانگ کردنی ولاغ بەکاردێت.

مەیمون: لەجیاتی مەمنون بەکاردێت.

## دەستوری دەورکردنەوەی فەقیٚیان بەشەوان

فەقیٚ بەرۆژی پاش نیوەڕۆ دەرسی لەبەر دەکرد- بەتایبــەتی ســوختە، ئەو کتابی دەی خوێند ئەزبەری دەکرد، موستەعیدیش بەزۆری مەتنەکانی لەبـەر دەکرد، بەڵام ناسکە موستەعید کتابی زۆر لەبەر بوو، موستەعید بەشـەوان موتالەعەی دەرسی خۆیو هی سوختەکانی دەکرد. بەهاوینو پــایزو بــەهار- هەر فەقیٚیەك ڕێچکۆڵەیەکی خۆی هەبوو پیایدا هاتوچۆی دەکرد، کەسی تر هەقی لەسەر ڕێچکۆڵەی فەقیٚی تر نەبوو.

بەکۆی زستان کاتی بارانو ساردیو ســەرما- لــەناو مزگــەوت یــان لــەبن هەیوانی مزگەوت، یان لەبن سواندەی حوجرەو مزگەوت دەوریان دەکــردەوەو ئەریٚ بابەیان دەووت. زۆر فەقیٚ هەبوو هەر لەئێواریٚ دەوری دەکــردەوە تــاکو بەیانی من یەك لەباری خۆم بەزۆری وابووە.

فەقێم دیوە- غەرق بوە لەموتالەعە ئاگای لــەخۆ نــەماوە نوێــژی بــەیانی لەیاد چوە، کەچی بەخەبەریش بووە. من لەمەدرەسەی چۆمەزەردەڵە وام بەسەر هاتوە چەند جار زۆر لەمامۆستایان هەر ســوبیانیٚ هــەتا ڕۆژ ئــاوا خــەریکی تــەدریس بــوون، لەچەرخی خــۆم چــەند مامۆســتام وادیـوە: مامۆسـتا مــەلا ئەحمەدی بانەیی لەگوندی چەغەمیرە، دیومە پاش مەغریب چرایان هــەڵکرد وەتاوەکو دەرسەکە تەواو بووە، هەروەها مامۆســتا عەبدولکــەریمی خــەیلانیم دیوە لەگەڵ خۆر ئــاوا تــەواو بــووە، مامۆسـتا مــەلا مەعســومی هــەورامیم وادیوە لەکۆیە، مامۆستا مەلا ئەبو بــەکری کۆییــم هــەروا دیــوە، مامۆســتا

مەلا سالحی جەلدیان ماموستا مەلا حەمەد ئەمین سوێریم دیوە، ماموستا مەلا عومەری سنجاوی، ماموستا مەلا عومەری رەش... زۆری تر وا... هەبووە...

## چۆنیەتی دەرس خوێندنی فەقێ

سوختەو موستەعید لەمەدرەسەکانی کوردستان رۆژی یەك دەرسیان دەخوێند- مەگەر تاقولۆق وادەبوو دوو دەرسیان دەخوێند، یەك دەرسی شەرع ئەوی تر عیلم. سوختەو موستەعید بەرانبەری یەك دادەنیشتن هەریەك لەسەر حەسیرێك کتابی خۆیان لەپێش خۆیان دائەنا موستەعید تەقریری دەکرد سوختەش دەی ووت: بەرێ ئەو شوێنی پێویست بایە دووبارە دەکرایەوە، ئەو اعتارزی هەبایە دەفع دەکرا، لەسەرەتاوە موستەعید دەی ووتە سوختە دوێنێ چمان خوێند؟ دەبایە سوختەکە نمونەیەك بلێ لەدەرسی دوێنێ تاکو موستەعید تێبگات کە: سوختەکە فێربووە. ئینجا موستەعید لەسەرەتاوە دەی ووت بسم الله الرحمن الرحيم کەلێ دەبونەوە دەی ووت: علينا وعليك الرحمة.

کە لەسەرەتاوە دەستیان بەکتابەك دەکرد موستەعیدەکە فاتیحەیەکی هەدیە دەکرد بۆ پێغەمبەرو هەموو موسلمانانو خاوەن کتێبەکەو خاوەنی تەعلیقاتەکانی کتێبەکەو ماموستاو فەقێکە، لەگەلْ گوێ گرەکان- ئەگەر گوێ گر هەبایە.

کە کۆتاشیان دەکرد هەر بەم گوێرەیە- بەزۆری وابوو لەکۆتاکردنی کتێبەکە، سوختەکە دەستی موستەعیدەکەی ماچ دەکرد. سوختەکە دەبایە دەرسەکەی ئەزبەربکات واتە دەرخی بکات، بەشەوان دەوری کاتەوە.

## دەرس خوێندنی ماموستای گەورەو موستەعید

هەردوکیان بەرانبەر لەسەر حەسیر دادەنیشتن، کتێبیان پان دەکردەوە، لەسەرەتاوە بسم الله یان دەووت لەکۆتایی: رحمه الله عليك. وعلينا وعليك، لەسەرەتایی کتاب فاتحة دەخوێندرا لەکۆتایش هەروا.

موستەعیدی واهەبوو تاکو مەلای گەورە دەرسی پێ دەووت مامۆستا ئارەقەی رەش‌و شینی دەکرد، لەبەر زیرەکی موستەعیدەکە مامۆستا بەزۆری وابو چوار دەرس خوێنی رادەگرت تاکو دەوری عەسر هەرچار دەرسی کۆتا دەکرد.

## ئاگرو روناکی فەقێی کوردستان لەچەرخی ١٣-١٤ی ك

بیستومانە لەمامۆستایانی بەختیار کەوا لەچەرخی (١٣ی)ك لەناو کێوان‌و لەکوێستانان داریان لەئاگردانی حوجرە کۆدەکردەوەو ئاگریان تێ بەرئەدا- ئەویش تا ماوەیەك خۆیان مات دەکردو سەریان لەئەرز قایم دەکرد لەبەر دوکەڵ- دوکەڵ. ئینجا لەبەری دائەنیشتن. لەشاران ئاگر نەبوو مەگەر چۆنەها نەبێ، بەتۆزێ رەژوو پەلکەدارو چیلکە، ئەگینا بنی خۆیان لەموقەبباو پەرۆك بلند دەکرد لەترسی سەرماو تەڕشوعی. لەدەشتایی لەناو حوجرە بەردە سێریان دادەمەزراند بەکاو کوتەڵو قشپڵو سەرگین، خۆیان پێ گەرم دەکردەوە بەردەسێرە: قۆرتێکیان لێ دەدا، شورەکیان لەپشت قۆرتەکە دەکرد، قشپڵو کایان تێ دەکرد پارچە تەنەکەیەکیان لەسەر شتێکی مەیلەو بلند قایم دەکرد نەختێ سۆتەنییەکەیان شۆڕ دەکردەوە ناو ئاگردانەکە، ئاگریان تێ بەرئەدا- جاووردەووردە بەشیشەیەك سۆتەنییەکەیان شۆڕ دەکردەوە ناو قۆرتە ئاگردانەکە فەقێیەك هەردەم خەریك-دەبو تاکو ئاگرەکەیان کۆتایی دەکرد.

## روناکیان

جامیلکەیەکیان دائەنا، نەختێ رۆنی گەرچەکیان تێ‌دەکرد، یان زەیت فتیلەکیان لەناو جامیلکەکە دەناو سەرێکیان بەئاگر دەکرد، فتیلەکە زەیتەکەی هەڵدەمژی‌و دەسوتاو روناکییەکی دەبوو- ئەمیش چڕو دوکەڵ پڕی دەکرد. لە سەرەتای چەرخی ١٤ی ك فەنەر پەیدا بوو فەنەر- لای سەری‌و لای بنی پارچە تەنەکە بوو، قورفەی هەبوو بۆ بەدار وەکردن، لای بنەوە تا ناوەڕاستی تەنەکەکە قۆرتێکی بچووکی لێ بوو دەورەی فەنەرەکە- پارچە

خامێك یان جانگ، یان شەعادە شەمیٚ مشت دەكراو بەسەرو بنی تەنەكەوە دەبەسترا مۆمێكی شەمع- ناوقۆرتۆكە دادەمەزراو لای سەریان بەئاگر دەكرد بەدارەوەیان دەكرد تا مۆمەكە كۆتادەبوو. روناكی‌یەكی مەیلەو تاریكی هەبوو خەلّك یەكتری لەبەردەدیت.

لەسەرەتایی چەرخی ١٤ی ك بەچەند سالّێك نەوت سەری بەدیار كەوت- چركاوو خۆرە نەفتیان دەكولاندەوە، نەفتێكی رەشی لیٚ پەیدا دەبوو- بەپارە بەدەست خەلّك دەكەوت لەچرادان بەكاریان دەهێنا- چرادان (قەندیلە)- ناوچیا دەیان ووت لەمپا، بەلاّم لەبەر دوكەلّ خەلّك لیٚی بێزار دەبوو شوێنی نەوت لەكوردستان بەس لەكەركوك دیاربوو كەشوێنێك هەبوو خۆرو گلەكەی بۆر بوو، هەریان دەپشافتو ئاگریان تیٚ بەر دەدا- دادەگیرسا بابەگوڕگوڕ مەشوربوو، كوردەواری بەنەزەرگای دەزانی‌و تەقدیسی دەكرد، ژنان یان بۆ مراز دەچونە وێندەر. لەقۆرتێك ئاگریان بەر دەدا خۆرەكەو گوڕی لیٚ هەلّدەستاو ژنەش ئاولّ كراسی دادەكەنیٚو بەغار لەسەر قۆرتەكەی باز دەداو گەرمایی دەگەیشتە (؟) لەگەلّ بازدانەكەش دەی ووت: بابە گوڕگوڕ- هاتم بەگوڕ- پێم بدەكوڕ.

لەپاش جەنگی یەكەمی جیهانی ١٩١٤-١٩١٨ ئینگلیز عیراقو كوردستانی داگیركرد، گەرچی لەكوردستان بەرهەلّستی زۆركرا لە: سلێمانی، پشدەر، كۆیە خۆران..هتد، بەلاّم هەر داگیری كرد، نەوتی لەكەركوك دەر هێناو بابە گوڕگوڕ بوە نەفت خانە.. نەوتی رەشو سپی‌و زەردی لیٚ پەیداكرد بەزۆری، هەینیٚ قلەقلە فانۆس پەیدا بوو لە١٩٢١ی ز ١٣٤٠ی ك ئینجا فانۆس كەوتە دەس فەقیٚو مەدرەسە زۆرباش بوو بۆ موتالەعەو نووسین، تا هات پەرەی سەند لەهەندیٚ شاری كوردستان كارەباش پەیدا بوو- فەقیٚ لەبابەت روناكی كەوتنە ئیسراحەت.

لەسالاّنی ١٣٥٦ی ك ١٩٣٥ی ز سۆپەش پەیدابوو بۆ ئاگرو دو- سۆپەی ناوكێوان داریان دەهاوێشتە ناو هۆدەی گەرم دەكرد دوكەلّەكەشی لەسەریان

دەچوە دەرێ- لەدەشتێ سۆپەی قشپل پەیدابوو بەرمیلێك لای خوارووی كون كون دەكرا لەگەڵ لای بنیو دەرەوەی سەری كراوەبوو قورپی لەتەنیشت هەبوو، قشپلو شتیان تێ ئەكردو ئاگریان بەر دەدایێ، دوكەڵیان نەبوو یان زۆر كەم بوو.

## چایەی فەقێیان لەمەدرەسە

چایە تاكو ساڵی ١٩٢٠ی ز لەكوردستان هەر ناوی هەبوو- دەیان ووت لەلای كاربەدەستە گەورەكانی عوسمانی هەیە لەماڵی عەیانو گەورەكانی شار هەیە، دەیان گێڕاوە لەدیوەخانێك گەورەكە دەڵێتە كابرایەك ئەو سەماوەرە پڕكە، ئەویش هەر ئاوی تێ دەكاو لەبنی دێتە خوارێ- چەندی دەكات بۆی پڕناكرێت، تومەز ئاو لەعەمباری ئاگری دەكات كابرا دێتەوەو دەڵێ: گەورەم سەماوەرەكە قونی كون بوە- ئاو راناگرێ، ئینجا دەزانن كە كابرا ئاوی لەجێگای ئاگر كردوە، لەدیوەخانێكی تر چایە لەپێش پیاوێك دادەنێن سەیری دەكاو نازانێ چۆنی بخواتەوە، وادەزانێ مەلاكە چایەكە هی پێ خواردنەوەیە، وردەوردە خەریكی دەبێ بەمەلاكە چایە دەخواتەوەو تێی هەڵدێنو لەدەمی دەنێ، تاوالێهات مەلاك ئیشی نەكردو پێی لەدەما بكات بانگ دەكاتو دەڵێ: وەرن بەزادی بكەن، واتە چیتر بۆم ناكرێ بیخۆمەوە، بەلام یەختیاران دەیان ووت: شەكری قەند هەبوو خەڵك دەی كڕیو هوردی دەكرد بەكەرە-دەیخوارد (نوشك)، یان بەهەرمیشكو ناسكە نانیانەوە دەكرد یان لەئاویان دەكرد دەیانكردە شەكراو بەنانیان دەخوارد.

من لەدەوروبەری ساڵی ١٩٤١ی ز دەم دیت لەتەكیەی شێخی عەلیاوە مەولود دەكرا، قەندە شەكریان لەناو تەشتو مەنجەڵ دەكرد- دەبوە شەكراو، كەمەولودەكە كۆتا دەبوو- بەجامیلكە شەكراوەكەیان بەرێز دەدا بەخەڵك.

ناوو دەنگی چایە هەبوو لەكوردستان لەساڵانی ١٩٢٠، بەلام رەنگی نەدیترابوو لەدێهاتەكان.

باوکم مەلا عەلی زایەر- گێڕایەوە ووتی تەمەنم پانزە ساڵان بوو لەگەڵ خاڵم حاجی رەحمانی حەوێز- گەورەی تیرەی پووکەسەری چومە هەولێر، لەقەیسەری لەسەر دوکانێك دانیشتین پیێی دەووترا: مەلا سەلمان- دۆستی خاڵم بوو. چاووم بەچایە پەست کەوت لەسەردوکان- بیرم لێکردو ووتم: ئەوە لەمەسینەی ئاودەکەن، گچکەشن، بەشی دەس نوێژ ناکەن. بەدزی بەخاڵم ووت: ئەوانە چنە؟ ووتی واللە منیش نازانم، دوایی خاڵم لەمەلا سەلمانی پرسی، مەلا سەلمان ووتی: حاجی رەحمان ئەوە چایە پەستە، نەختێکی بۆ خاڵم باس کرد، لەپاشان ووتی لەماڵە مەئمورەکانو عەیانەکان چایە هەیە، لەم چایە پەستانە لێ دەنێن. باوکم ووتی ئەمە نزیکەی ٢٠ساڵ بەر لەجەنگی یەکەمی جیهانی بوو.

لەکاتی حوکمڕانی عوسمانیەکان شاری هەولێر قایمەقام نشین بوو لەگەڵ موستەنتیقێکی عەسکەری- لێ دادەنیشت موتەسەریف: لەکەرکوك دادەنیشت، والی لەموسڵ دادەنیشت لەجیاتی پۆلیس دەووترا: جەندرمە، لەجیاتی عەسکەرو جوندی دەووترا: زەبتیە (زەفتیە).

لەپاش ساڵی ١٩٣٠ی ز چایە پەرەی بەست، فەقێشی دەستیان بەچاڵی نان کرد- دیشلەمە، رۆژانی سێ شەممەو جومعە چایان لێ دەنا، بەلام تاهات پەرەی بەست- بوە هەموو رۆژێ وای لێهات بوە رۆژی دووجار- سێجار. چایە بۆ خەو نەهاتن سوودی زۆرە، کەواتە یارمەتی فەقێ زۆر دەدا لەبۆ خوێندنو موتالەعەو خەو نەهاتن، بەلام چۆنیان لێ دەنا؟

١-لەناو کێوانو لەکوێستانان دارو کۆلکەیان ئاگر تێ بەرئەداو حەڤ جۆش/ یان لەبەر رادەکرد تاکو دەکولاو دەیان کردە چایە لەناو چایە پەست، بەم دواینە سەماوەر پەیدابوو چایان پێ لێ دەنا.

٢-لەشاران رەژویان لەناو مەقەلۆکە دەکردو چایە پەستیان لەسەر دادەناو باوەشێنیان بەمەقەبابە لێدەکرد- تاکو دەکولاو دەیانکردە چایە، وای لێهات سەماوەری بەدەسكو بەنەوك پەیدابوو لەتەنەکە دروست دەکراو بەقشو جێی

ئـاگرو ڕەژووی کـون کـون بـوو، وای لێـهات سـەماوەری ڕاسـتی پـەیدابوو لەتەنەکەو لەمەعدەن، لەم ئاخیرە بووە هیتەرو غاز...

٣-لەدێهات- لەبن هەیوانی حوجرە شیشەیەکیان نەوی لـەدیوار دەکوتـا، کتری= تکری- یـان پـڕ ئـاو دەکـردو بەشیشـەکەیان وەدەکـرد، کـوورە سـەر گینەکیان لەژێر کترییەکـە دادەمـەزراندو ئاگریـان دەدایـێ، تـاکو کتریەکـە دەکولا، لەناو چایە پەست دەیان کردە چایە ئاگرەکەشیان لەناو سێلێك، یـان پارچە تەنەکە دەکرد بۆ سارد نەبوونەوەی چایەکە کەوا: کـتری چـا پەزەکـەیان لەبەر رادەکـردو دوو بەردیشـیان دەدا لایـەکی سێرەکە تـاکو لایـەکی بـەرز نەبێتەوە، لەمەجریسی دایان دەناو چایەکەیان دەخواردەوە بەپیالە، لەپاشـان سۆبەی تەنەکەی نەوت پەیدابوو چایەیان لەسەر لێدەنا وای لێـهات- سـۆبەی بەرمیل پەیدابوو- بەپێچکەو قورفە چالێنـان ئاسان بـوو، دیومـە لـەمالان چایـان لێ ناوە: دەرمـانو ئاویـان تێکـەلاو دەکـرد لـەناو مەنجـەلۆکێك- شەکریشیان تێدەکرد، تاکو دەکولا، دەبوە چایەکی سوك، بـەملاکی شـیو= ئەسکۆ لەناو جامو شتیان دەکرد- فڕیان دەکرد شەکرو چا هەرزان بوو تاکو سالی ١٩٤٢ی ز قەندی شەکر بـە٤٠ فلـس بـوو، هۆقـەی چایـە- دەپاکـەت بە١٥٠ فلس بوو لەپاش سالی ١٩٤٢ی ز شەکری هـورد پـەیدابوو- شـەکرە خێ، هەبوو سپی، هەبوو سۆر، بەلام لـەپاش سـالی ١٩٤٢ی ز عـیراق بـووە تەموین، تاکو هات شەکرو چایە بەرەوگران بوون چوو کیلۆیشـەکری هـورد چوە ١,٢٥٠ فلس. کیلۆی چایە چوە (٥) دینـار قـەند بـە (٣) دینـار بـوو، چایە بۆ فەقێی مەدرەسە بەزەحمەت کەوت، تاکو سـالی ١٩٤٧ی ز تـەموین هەر بەردەوام بوو، بـەلام لەسـەرەتای ١٩٤٨ی ز تـەموینو بیتاقـە هـەلگیراو چایە زۆر بوو شەکرو چایە هەرزان بۆوە.

## کاتی تەموینو فەقێی مەدرەسە

جـەنگی دووەمـی جیـهانی کەدەسـتی پێکـرد لەسـالی ١٩٣٩ی ز تـاکو ١٩٤٥ی ز بەردەوام بوو، کوردسـتان زیـانی بـەمالو سـەروگیانیو بـەوێرانی

ولآت پێ نەگەیشت، بەڵام لەبابەت شەکرو چایەو کوتاڵو پێویستی تووشی تەنگوچەڵەمە هات، بەڵام زەخیرەی لەناوەخۆ بوو زیان بەخش نەبوون. دەوڵەت بە گوێرەی دەفتەرنفوس‌و ژمارەی خێزان بیتاقەی دا بەخەڵك بۆ وەرگرتنی شەکرو چایەو کوتاڵو جغارەو قاوە، لەهەر سێ مانگ جارێك کوتاڵی خێزان، هەمو سەرە مانگان شەکرو چایەو جغارەو قاوە. دەرمان چایە هەر مانگ نەفەرو ۲۰۰ غرام، شەکر، خەڵکی دێهات هەرمانگ نەفەرو ½ کیلۆ شەکر خەڵکی شار نەفەرو ¾ کیلۆ شەکر. کیلۆی شەکر بە (۸٥) فلس کیلۆی چایە بە(۹۰۰) فلس، گەزی خام بە (۸۰) فلس، چیت بە (۲٥۰) فلس، قەندی شەکر بە (٥۰۰) فلس. بەڵام لەبازاڕی ڕەش کیلۆی بە(۱۲٥۰) فلس قەندی شەکر بە(۳) دینار کیلۆی چایە بە(٥) دینار، گەزی خام بە (۷۰۰) فلس، گەزی چیت بە (۱٥۰۰) فلس بۆ هەر خێزانێك بیتاقەیەك بەگوێرەی ژمارەی سەرەکان، سەری مانگ لەلای فرۆشیار (دوکاندارەکە) وەرەقەی مانگەکەی لێ دەکردەوە، بەسێ مانگ جارێك کۆبۆنی کوتاڵ.

بۆ هەر مەدرەسەیەك بیتاقەیەك تەرخان کرابوو بۆ فەقێیەکانی مەدرەسە، هەر (۲۰) نەفەری، (۳۰) نەفەری، (۱٥) نەفەری ئەمەی کەم بایە (۱۰) نەفەری بوو، هەموو سەری ساڵ ئەو بیتاقەنە لەلایەن میری نوێدەکراوە، بەڵام دەبایە بەگوێرەی نەفەری بیتاقەکە دەفتەرنفوسی لەگەڵ بایە- ئەگینا نوێ نەدەکراوە. مەگەر بەپارەو بەرتیل.

دەسکاری- تاخمەی زۆرداران لەدێهاتەکانی بیتاقەی خەلکەکانیان هەموو داگیر کردبوو، شەکرو چایەو... وەردەگرت‌و قوتیان دەدا...، خەلکەش زەقەی چاوی بوو نەدەوێرا دەنگ بکات، بەقاچاخ دەی کڕی بەگرانی، لەم لوولدانە جیاوازی نەبوو لەنێوان زۆری پیاوی ئایینی لەگەڵ هیتر، بەڵام لەشارەکان کەس مەغدور نەبوو زوڵم نەبو لەبیتاقە هەر بۆیێ زۆر دەستەکان پێ دەوڵەمەندبوون بەهۆی فرۆشتنی ئەم ماڵە خاوێنە؟ گومان نییەو نەبوە: ئیش بەدەستەکان هاوبەش بووینە- تاوای‌لێهات: بیتاقەو کۆبۆن بوە کڕین‌و

فرۆشتن بۆ لێوە شاوەکان، کەچی چینی هەژارانو کرێکاران بە کڕینی بیتاقەش چەنگیان نەدەکەوت- هەر دەبایە لەبازاڕی رەش بکڕن بەپارەیەکی زۆر.

هەر شەڕێك بۆ جوامێرێكو زیانی جوامێرێك- ئینگلیز ئەمریکاو ئەلمانیاو سۆڤیەتو...هتد بوە جەنگیان تۆز لەپێش مالی ئێمە پەیدابوو. زەرەرو زیانی مالیو تەنگوچەلەمە کەوتە سەر شانی هەژارو کرێکاران، غەنیمەتو دەولەتو سامان کەوتە باخەلو گیرفانی زۆرداران... ئەمەش شتێکی کۆنەو دەبێ هەر وابێ.

## چای فەقێیان لەکاتی تەموین

فەقێی مەدرەسەکان لەزۆر ناوچەی کوردستان بیتاقەیان بۆ تەرخان کرابوو، بەلام قولف دەکرا، لەزۆر ناوچە بۆیان تەرخان نەکرابوو، کەواتە قلەقلە مەدرەسە سودیان لێ وەردەگرت. بۆیە فەقێیەکان لەکاتی تەموین زۆر شپرزەبوون بۆ شەکرو چای، بەزۆری وابوو نەیان دەخواردەوە مەگەر- لەحەفتەی جارێك، وادەبوو دیشلەمەیان بەقسپ دەخواردەوە، یان بەمێووژ، یان بسەیلاو. ئەگەر دیشلەمەیان بشەکرۆکەی: بەرماغ لێ بەدەس بکەوتبایە- ئەوساکە پاشابوون، یان بەنەعنەعە. شەکرۆکەی بۆری چلکاوی سێ سوچ پەیدابوو- تامی شیرینی لێ دەهات، بەلام ئەگەرچی بۆرو پیس و چلکاوی بوو- کەچی هەرزان بوو- چایەیان بەوەدەخواردەوە لەبەر چلکاوی پیسی ناویان نابوو بە: کاکیلەکەر، زۆر لەو دەچوو.

فەقێی کوردستان نزیکەی حەوت سالیان بەم ڕەزالەتە بردە سەرێ، زۆربەی لیباسیان خیوەتو مشەمما بوو، لەبەرگرانی خانو شەعادەیان پێ نەدەکرا.

## شوێنی فەقێو مەدرەسە

لەدێهاتەکانی دەشتایی- ئەو شوێنەی مەدرەسەی لێ بایە عادەت وابوو: دوو حوجرەو هەیوانێکیان بۆ فەقێ دروست دەکرد هەیوانەکە دەکەوتە

نێوانی هەردو حوجرە، هەموویان بەیەکەوە بەسترابونەوە، ئەمەش دەبایە لەنزیك مزگەوت بایە- بەزۆریش وابوو حوجرەیەکیان لەنێوان حوجرەی فەقێ‌و مزگەوت دەکرد، ئەمەش حوجرەی مەلای گەورە بوو- کتابو شتی مامۆستای تیابوو، ڕۆژانە لەوێ دەرسی بەفەقێیان دەووت. هەر حوجرەیەك دوو موستەعیدو دوو سوختەی تیادەبوو، ئەوەی تر کەزیادە بانایە موستەعید لەحوجرەی مامۆستا دەخەوت‌و سوختەش لەمزگەوت، حوجرەی فەقێ قاپیەکانی لەبن هەیوانەکە بوو.

لەناو کێوانیش هەر وابوو مەگەر چۆنەها نەبێ، بەڵام زۆری حوجرەی فەقێ لەسەربانی مزگەوت بوو، چونکە مزگەوتی ناوکێوان پشتی بەئەرزەوە دەنووسا، سەربانی مزگەوت ئەوەی حوجرەو هەیوان بایە، ئەوەکەی تر دەبوە حەوشەی حوجرە، دەبایە لەنزیك کانی پیاوان بایە حوجرەی مامۆستاش هەر لەوڕاست دروست دەکرا. لەشاران حوجرەی فەقێ‌و حوجرەی مامۆستا هەمووی دەکەوتە ناو حەوشی مزگەوت.

## غەدرکردن لەفەقێی مەدرەسە

زۆر غەدر دەکرا لەفەقێیان بەتایبەتی لەچینی سوختەو موتەعەللق، بەڵام لەبەر ئەوەی فەقێ مەبستی خوێندن بوو کەببێ بەمەلاو خزمەتی ئایین بکات هەموو جۆرە غەدرێکی قەبوڵ دەکرد، زۆر لەفەقێیان بەناهەق لەمەدرەسە دەردەکران، جاری واهەبووە بەکۆمەڵ دەرکراون لەسەر ناهەق زۆر دەرسیان دەچواندن بەناهەق، منالی مامۆستاکان- لەڕاست هەموو منالێك کزو لێدراوبوون باوکی زەقەی چاوی دەهات دەنگی نەدەکرد، کەچی منالە مەلا زۆرەی لەڕاست فەقێیان زمانیان لەخەنجەر تیژ تربوو، جارو بار شەڕیش هەبوو، دەبایە لەفەقێ بداو فەقێ دەست نەکاتەوە... دایكو خوشکی فەقێیان وەقفی خانەقابوو بۆ منالە مەلایەکان زۆرجار تەعدایان لەموستەعیدانیش دەکرد.

هەشیان بوو کەباش بوون، بەڵام ئەم جۆرانە کەم بوون. درونەی شکارتە، جەنجەڕ کردن‌و سواری جەنجەڕ، کاکێشان ساوەرکوتان، قوڕکاری مالی

مامۆستا، باراش هارین، سەرفترە کۆکردنەوە، سەفەرکردن- لەهەندێ شوێن ئاوکێشان بۆ ماڵی مەلا. ئەمانە هەمووی لەسەر ئەستۆی فەقێ بوو، بەلاّم چ غەدر وەکو یەختەی مەلا نەبوو- بەرازێك بوو هەرکات لەپێش چاوان، زمان پیس، بوختان چی، درۆزن زۆریەی فەقێ بەدرۆو بوختانی یەختە دەردەکران.

**لەشاران دیومە :-** فەقێ نابێ بەهاوین لەسەربان بخەون، یاخود دەبایە- ماڵ خەوتنان بچنە سەربان بۆ خەوتن بەبێ دەنگ‌و هەست- ئەوە چ بووە؟

ماڵی جیران کچ‌و شتیان هەبوو لەسەربان دادەنیشتن‌و دەخەوتن، کەچی کچەکانیش بەرۆژێ چێڵە بەکەربوون لەکۆلاّنان، خاوەنیان سەر شۆڕو بێدەنگ، مامۆستاش زەقەی چاوی دەهات‌و حوکمی بەجۆرە لەسەر فەقێکان دەکرد بۆ ئەو جیرانانە، نەکو لەمامۆستا دلگیربن... دیومە مەلا ئیجازەی داوە_ جیران نەیان هێشتوە فەقێ لەحەوشی مزگەوت شایی بکەن نەك‌و کچە جیران لەسەربان تەماشا بکەن، خالّم کچی خۆی پێ بەرزەوت نەدەکرا، بەلاّم دەبایە فەقێ شایی نەکەن بۆ ئیجازە، مامۆستاش دەیفەرموو: بڕۆنە سەحراو دەرەوەی شار شایی بکەن. ڕەزو باخچەی مەلا دەبایە فەقێ خزمەتی بکات- توتن بەداوەوەبکات، ترێش لەباخچە نەخوات.. بەزۆری ئەم ئیشانەیان بەفەقێ دەکردو جەمەنانیشی نەدەدرایێ.. زۆر تا لەئیشی مامۆستا دەهاتەوە نانی راتبەی بۆ نەدەماوە..

زانیم مەلایەك سوختەیەکی سێ سەعاتەرێ ناردە گوندێك دار جغارەیەکی لورکی لەوێ بەجێمابوو بۆی بێنێتەوە کە بەدوو فلوس بوو. مەلایەك نۆ سەعاتە رێ فەقێیەکی نارد بۆ تەنەکە نەوتێك دووعانەشی نەدایێ لەوێ خەرجی بکات. ئەمەش دەبێ بزاندرێ کەهەندێ مامۆستا هەبوو- بێ غەدرو زولم منالّیان پیاوو ئینسان، مەلای سەخی‌و بەرێزو پیاو ئەگەر بلّێی چەم بێ چەقەڵ نابێ، بەلاّم نەك چەمێك‌و هەزار چەقەڵ. خوالێیان خۆشبێ‌و گەردەنیان ئازادبێ.

فەقێش لەسەر ئەم هەموو حالّەدا زۆر بەهەوەس بوون لەسەر خوێندن زۆر رێك‌و خاوێن بوون تا بەو رادەیە: ئەگەر یەکێك خاوێن‌و باوێن بایە دەیان ووت: دەڵێی کوڕە فەقێیە.

## هەندێ لەگەمەو سوحبەتو سەیرانەکانی فەقێیان

لەکژی بەهار فەقێ ئەم یاری‌یانەی دەکرد: تۆ پێنی جغز، سێ باز، یەك باز، سینگە باز، نانی تۆپی، تۆپی هەرستی، تۆپی بەسواربوون، گورز گورزانێ‌یان دەکرد.

بەشەوی سێ شەمو جومعە- کەفەقێ دەرسیان نی‌یە لەم دوو رۆژە تاکو فسلێکی شەو دەچوونە شایی‌و دیلانەو بەستەو چەپلەو مقام بوو، ئەم جۆرە شایی‌یانەیان دەکرد لەگەڵ مقامو چەپلە: شایی سێ پێ‌یی- کەبەلای راست دەسوڕان، شایی چۆپەیی- کەبەلای چۆپە دەسوڕان، شایی چۆپەیی دوو جۆری هەبوو.

أ-چۆپەیی عادەتی.

ب-چۆپەیی لانکانی، شایی سوسکەیی، کەبەلای راست دەسوڕان بەسوکی، شایی ئایی شۆکێ کەنەختێ لەیەکتر جیابوونو سەری پەنجەی یەکتریان دەگرتو بەلای راستەوە دەسوڕان مەیلەو بەسوکی، شایی تەمبۆلە= هەر پەڕین= دبچە ئینجا جاحێلی گوندی دەهاتنو بەشداری شایی‌یەکەیان دەکردکچوکاڵیش لەسەر بانانو لەکۆلانان لەدوورەوە گێڕیان ئەدا مقامەکانو تەماشای شایی‌یەکەیان دەکرد سەردڵیان لێ ئەداو جاحێلی گێلمە- گێلمەی نازانی...هەر جۆرە شایی یەك جۆرە مقامێکی تایبەتی هەبوو، جۆری کردنی شایی‌یەکەش تایبەتی بوو.

مقامی شایی سێ پێ یی: یەکێك دەی ووتو ئەوانی تر بەتێکڕایی دەیان گێڕاوە وەك:

هەروا دەڕوا شۆرە شۆڕە/ کەوای بەری تاقەی سورە/ ماچەکماندێ خوا غەفورە/...

ئەم جۆرە مقامە بۆ ساوەر کوتانیش بەکاردەهات شێوەی مقامی چۆپەیی بەهەردوو جۆرەوە- فەقێیەك مقامەکەی دەووتو ئەوانی تر بەتێکڕایی دەیان گێڕایەوە:

فاتمێ زاڵمێ کیستانم دیتن دیتن
فاتمێ زاڵمێ چەند بە بەفرو جلیتن.
فاتمێ زاڵمێ مەمکی کیژۆران قیتن
...هتد

شێوەی مقامی سوسکەیی، مقامی ئەوشاییەیان بەنێو شیعرەکانی ألفیەی إبنو مالیك دەگەڕاوە یاخود بەحروفەکانی هیجایی.

شیعرەکانی ئەلفیە بە شێوەیەکی سوك دەووترا، بەنزمێکی تایبەت، یەکێك دەی ووت‌و ئەوانی تر بەتێکڕایی دەیان گێڕایەوە

کلا منا لفظ مفید کاستقم
وإسم وفعل ثم حرف الکلم
هتد...

شێوە حروفی هیجاشیان بۆ بەکار دەهێنا، یەکێك دەی ووت‌و ئەوانی تر دەیان گێڕاوە:

الفەکی ئەن ولا ئەئەن- ئەدلە موئەیو ئۆیەن
بێ یەکی بەن ولا بەبەن بەبلەم‌و بەیو بۆیەن
تێ یەکی تەن ولا تەتەن- تەتلەم‌و تەیو تۆیەن
سێ یەکی سەن ولا سەسەن سەسلەم‌و سەیو سۆیەن..هتد

شێوەی مقامی ئایشۆکێ یەکێك دەی ووت ئەوانی تر دەیان گێڕاوە:

ئایشۆکێ وەیشێ وەیشێ/ کیژۆرێ وەیشێ وەیشێ
ئایشۆك کیژێ وەنەوشێ/ کێ دەرێ بەمن ناشێ
دەبێ جوانم لۆڕاکشێ هتد...

شێوەی مقامی تەمبولە= هەرپەڕین= دبچە. بەڵام ووشەی دبچە عارەب بەکاری دێ نن ئەگینا کردنی شایی‌یەکە هەمووی وەك یێکە:

هەسا پێدە پێدە- تەمبۆلەپێدە/ دەچمە بەعشوکێ بەعزانوك ڕێدە چەمێ بەعشۆکێ- چەمەکی قۆرە- بەخۆم لێ چاندیە شترە گندۆرە ماچەکمان بدێ ناسکە کیژۆرە..هتد

شێوەی شایی دبچە: کردنی شایی کەوەکو تەمبۆلەو، بەڵام مقامەکەی بەعەرەبی‌یەکی جلفەیی دەووترێ. فەقێ‌یەك دەی ووتو ئەوانی تریش بەتێکڕایی سەربەندەکەیان دەگێڕاوە بەدووپات کردنەوەی یەهدیە- یەهدیە- یەهدیە- خشفن وارد علی المیه. ئەوسەرە بەندە بەتێکڕایی دەیان گێڕاوە.

یەهدیەو گومی طوخ- شوفینەو دەگع جوخ-

دگن علی زردومج- عگرب وەزویلەل حبە

یەهدیە ولابس عران- نشافت مەی الغدران.هتد

فەقێ هەرچوار فسلی ساڵ شەوی جومعەو سێ شەم ئەم شایی‌و بەزمانەیان دەکرد، بەڵام بەزستان پاش شایی‌و بەزم لەحوجرە تاکو نیوە شەو چەند جۆرەی گەمەی تر هەبوون دەیان کرد.

زۆرجار لەگەمەکانی شەو مامۆستای گەورەو گەورەی دێیەکەش بەشداردەبوون، جگە لەمەو زۆر جاریش خەڵکی لادێیەکەش دەهاتن، لەم یاری‌یانە:

میوگزیرانێ، تەڵەو ڕیویانێ، کارە مستانێ، تەقیلە لەسەر تەقیلە، فڕی فڕی قەل فڕی، قەلو پاشایانێ= قەلو مۆشی‌یانێ، مێش بڕینەوە، هەوێز مارین، دۆشاو فرۆشتن، ئەنگوستیلە شاردنەوە، پەلەپفانێ- لەناو کێوان.

ئەم شتانە فۆلکلۆرە نابێ گوم بن، دوژمن زۆری پێ خۆشە کەوا کورد فۆلکلۆری بابو باپیرانیان لەیاد بچی‌تەوەو نەی زانن، بەڵام خەیاڵیان خاوە.. چونکە بای زانین هەردەمێ نێن.

بەداخەوە زۆر شتیش بەھەڵە وەردەگیرێ پێویستە لەزانایان بپرسـن- نابینی لەبەر نەپرسین لەزانایان چیرۆکی: لاس و خەزار بەنارێکی و ھەڵەیی بەکاردێت.

لاس کوڕی ئەحمەد بەگی شارەزووره، کەچی دەڵێن لاس باڵەکی یە خەزاره شۆڕی مەلا نەبی باڵەکی یە، کەچی دەڵێن شارەزووری یە، خەزار بەمێرد درابوو- کەچی ئەو باسە ھەرناکەن- بەفەقێی ناوچەی بادینان دەوترا: فەقێی ژێ ئەمانە زۆر باشیان دەخوێند وزیرەك بوون، بەڵام ژمارەیان کەم بوو لەسۆران، تێکەڵاوی گەمەو سوحبەتی فەقێ سۆرانیەکان نەدەبوون زۆر هیشك و رەقەکاربوون، ھەردەم مەیلەو سۆفیانی خۆیان ھەڵ دەخست. بەڵام لەزیرەکی ئازابوون تەنانەت لەبن جێگای خەوتن دەوریان دەکردەوە بەزۆری ئەم فەقێیانەی ناوچەی بادینان لەناوچەی سۆران ژنیان دەھێناو دادەمەزران و دەبونە مەلا.

## کاتێ فەقێ خوێندنی تەواو کرد

فەقێ کەدەگەیشتە ئاخیری مادده، چەند کتابێکی دەما بۆ تەواوکردنی (١٢) عیلم، دەچوە خزمەت مامۆستایەك لەمەلا چاکانی ھەرەباش و ناودار، جێگای دەخواستەوە بۆ خوێندنی ئەوەی کەماویەتی و بۆ وەرگرتنی ئیجازە، لەخزمەت ئەو مامۆستایە دەماوە دووساڵ، یاخود ساڵێك و نیو دەرسی لەخزمەت دەخوێند، بەم ماوەیەش مامۆستا تێی دەگەیی شت ئایا ئەم فەقێیە لیاقەتی مەلایەتی ھەیە یان نا؟

زیرەکی چۆنە؟ چونکە مەلایەتی زەحمەتە، ئەبێ بتوانی مەدرەسەو فەقێ رابگری، فتوا بزانی، سەری لەشەریعەتا دەربچێ، ئەگینا ئەگەر مامۆستا ئیجازەی بداتێ ئۆباری لەئەستۆی ئەوە. دەبایە بزانێ ئەم فەقێیە دەتوانێ ئیدارەی گوندەکە بکات و لەگەڵ خەڵك رێك بکەوێت.

**چەند رووداوێك لەم بابەتە/** دێیەکی گەورە ھەبووە مامۆستایەك لەوێ ئیمام و خەتیب بووە. دێیەکەش دوو گەڕەك بووە، گەورەی گەڕەکێك

دووبرا بوورینە:-هەمزەو عەباس. سەرۆکی گەرەکەکەی تریش ناوی مام:
·باپیر) بووە. مامۆستا هەمووجار لەخوتبە دەی فەرموو (والحمزە والعباس)
سەلامی بۆ دەناردن لەدوای پێغەمبەر(د.خ) چونکە هۆردوك مامی
پێغەمبەربوون (د.خ). مام باپیر ئەمەی لەدلْ گران بوو. گەرەکەکەی خۆی
خڕکردەوە ووتی خزمینە دیارە مەلا هەمزەو عەباسۆکی لەئێمە خۆشتر دەوێ
لە هەموو جومعەیەك ناویان دەیەنێ. ئەم جارە ئەگەر مەلا وای کرد ئەوەی
خزمی منە بەتێکڕای مزگەوت بەجێ بێڵێو مەلا مەلای ئێمە نیە،
کابرایەکی خێرخواز ئەم قسانەی بەمامۆستا راگەیاند، چەندی مەلا ووتی
باوکم هەمزەو عەباس مامی خۆشەویستن، من دەگەڵ هەمزەو عەباسی
گەرەکم نیە، بەڵێ سودی نەبوو.. ئینجا ئیشەکە گەورەبوو بڕیاردرا ئەگەر
لەخوتبە ناوی مام باپیر بێنێ (٣٠) بزنی بداتێ، ئەگینا مەلای ئەو گەڕەك
نیە، ئیشەکە ماوە رۆژی هەینی لەجومعە مام باپیر چوە بەر دەمی مەلا هەر
توترکا چاوەنواری خوتبەبوو، ئەس قەزا ئەو رۆژەش دووفەقێی تێ گەیشتو
لەمزگەوت میوان بوون، مەلا کەوتە ئەمری واقع: ئەگەر باسی مام باپیر
دەکا ئەم دوو فەقێیە تێ دەگەنو حەیای دەچێ، ئەگەر باسیشی ناکا
گەرەکەکی گوندەکەی لەکیس دەچێ ناچار لەخوتبە ڕوی کردە فەقێیەکانو
ووتی: أسکت أسکوتون أيها الفقهاؤن المعز ثلاثون لكم عشرة ولي عشرون.

ئینجا دەستی پێ کردو روی لەمام باپیر کرد ووتی: أيها المام باپير إنك لدب كبير مأوايك جهنم وبئس المصير..

مام باپیر فرمێسکی بەچاو دەهاتە خوارو دەیووت: أمنت بالله أمين- أمين خوتبەکراو مام باپیر دڵی تەسکین بوو (٣٠) بزنی ناردو مەلاش دەبزنی دایە فەقێیەکان.

٢- فەقێیەکی زۆر زیرەك هەبوو، عیلمەکانی هەموو خوێندبوو، بەلاّم نەختێ نەفامو نەزانن بوو، داوای ئیجازەی لەمامۆستا کرد مامۆستاش ووتی راستە مەلای، بەلاّم ئیدارە نازانی ماوەیەك عیلمی ئیدارە بخوێنە.. فەقێ

توره بوو ووتی تۆ ئیجازەم بدێ قەیدی ئیـداره ناکـات.. بەهـەرحالْ ئیجـازەی وەرگرت بەرەو مالْ گەڕاوە، لەرێگا لەدێیەك میوان بوو رۆژی جومعەش بـوو دێیەکەش مەلایەکیان هەبوو هەر ئەوەتە مەلا بوو نزیکەی (٣٠)ســالْ دەبـو مەلای دێیەکە بوو، بەلاّم بۆدیەکی رێکـی هـەبوو بەشـانو عـەبا ردێنێکـی جوان.. خوتبەی هەموو بەغەلّـەت دەخوێنـدەوە لەئایـەتو حـەدیس.. مـەلای میوانیـش کـەتازە ئیجـازەی وەرگرتبـوو لێی هەلّساوە، ووتـی کـوڕە مـەلا هەمووت غەلّەتە ئایەتو حەدیسەکان ئەمە جائزنیە، نوێژ لەدوات دروست نیە وهانی خەلکەکەی دا، کەنوێژ خەلاس بوو مـەلای دێیەکـە ووتیـە خەلکەکـە قـاپی مزگـەوت داخـەن ئیشـم هەیـە ئینجـا رووی لەخەلکەکـە کـرد. ووتــی خزمینە ئەمە (٣٠) سالّە من مەلای ئێوەمە کەس غەلّـەتی لـەمن گرتیـە؟ ئەو میوانە بوختانم پیادەکات، یان بەدوعا مەلاتان نیم یان مـارکوژی کـەن ئەمە شەیتانە.. ئینجا خەلکەکە کەوتنە گیان مەلای مێوان مارکوژیان کردو دەریان کرد نانیشیان نەدایێ.

مەلا گەڕاوە لای مامۆستاکەی دەستی ماچ کرد ووتی قوربان قسەی تۆیە من نەزانم لەعیلمی ئیدارە. ئینجا نزیکەی (٦) مانگ ماوە عیلمی ئیدارەی خوێند، هەمسا گەڕایەوە گوندەکە، بەلاّم بەرگی خۆی گۆڕی بـوو کـەس نـەی ناسیەوە دیسان کاتی خوتبەی جومعە بوو، مەلای میوان سەری لەبن گوێی ئەمەی لای راستی ناو وتی : پیری تەریقەت هاتوویتە خەونم (چونکە دێیەکە عائیدی شێخێکی بەدینو باش بوو) فەرمووتی: هەرکەسێ لەرۆژی جومعە. موێك لەرێشی مامۆستا بکاتەوە بەبێ پرسیار دەچێتـە بەھەشـت (بەهەشـت) مـن بۆیـە هاتومـە ئێرە دەشقە خـوا ئـەم خێرەم دەس دەخـات بەمـەی لای چەپیشـی هـەروای ووت. هـەتا خوتبـە خـەلاس بـوو هـەموو خەلکەکـە تـێ گەیشـتن، لـەدوای خوتبـە بـەتێکڕای ووتیـان، نـوری پـاك حبیبـە سـەلەوات، هەلّسـانو مـەلایان لەئـەرزدا کەوتنـە هـەلْ قـەناندنی سـەرو ریشـی تـاکو هەموویان هەلکێشاو دەمو گیانی ببوە خلّتانی خوێن هاوارو رۆرۆشی سودی نەبوو: هەردەیان ووت حەبیبی عالەم رەسولە سەلاوەت ئەمری پیری تەریقەتە.

مەلای میوانیش لەدوور راوەستابو پیّ دەکەنی‌و دەی ووت:
ئەوها تۆڵەت لیّ دەسەنم.

## چۆنیەتی ئیجازە وەرگتنی فەقیّ

فەقیّ بەر لەئیجازە وەرگرتنی، بەخۆی دیّیەکی دیاری دەکرد کەلیّ ببێتە مەلا- یاخود مامۆستاکەی دیّی بۆ دیاری دەکرد، لەدیّیەکە دوو حوجرەو هەیوانەکیان دروست دەکرد بۆ مەدرەسەو فەقیّ، خانوێك بۆمەلا.
یەکێکیش یان لەخزمی خۆی، یاخود لەخێرەو مەندێك کچێکی پێش کەشی دەکرد بۆ مەلا ژناتی. ئەو کەسەی کەبەخێرو پیاوەتی کچی دەدا ئەو مەلایە، بەزۆری وابوو ژنەکە خەرپووشەو نەتەچاو ناشیرین بوو، هەربۆیێ دەماندیت زۆربەی مەلا ژنەکان نەتەچاو بوون، مەشورە: کەشتیّ بەخێر بدریّ نەتەچاوە. فەقیّی هەژار نزیکەی (٢٠) سالّی دەخوێند، جگە لەدەربەدەری‌و هەژاری‌و دەس کورتی ئینجا پیّی دەووترا مەلا کەچی ژنە- بەشەوێك پیّی دەووترا مەلاژن.
**نوکتەیەك**/ مەلایەك لەساڵی ١٩٥٩ی ز ئیشی جنسیەو سەفەری کەوتە پێش، کەئەوساکە معامەلات لەبەغدابوو، تابلیّی قەرەباڵغ بوو- پاڵپاڵانیّ.. ئەس قەزا کاربەدەستێکی زۆر پیاوو دین پەروەر چاوی بەمێزەری مامۆستا کەوت‌و دڵی پیّی سوتا بانگی کردە ژووریّ ئیشەکەی بۆ جیّبەجیّ کرد. کەهاتە دەریّ یەکیّ لەراوەستان خەریکی گاڵتە پیّ کردنی بوو لەچاو پیّ هەڵنەهاتن، ووتی هەر دەڵێن مەلا چ نینەو سوکن- ئەوا دەم‌و دەست ئیشی بۆکرا! خۆزیا منیش مەلابام- کەوای ووت بەپیّ‌کەنینەوەو گاڵتە، مەلاکەش هەڵگەڕایەوەو ووتی، برا مەلایەتی زۆر زەحمەتە بیست ساڵ ماندوبوونی دەویّ. دەربەدەری‌و هەژاری دەویّ.. بەلاّم بەگویّ من بکە وەرە ببە مەلاژن ئەو هەر شەوێکی دەویّ، کابرا کپ بوو مەلاش ڕۆیی... فەقیّیەکە پاش ڕێك کەوتنی تەدارەکی مەلایەتی، دەی ووتە مامۆستای گەورە: ئارەزوومە تەبەڕوکی ئیجازەم بدەیتیّ قوربان! مامۆستایەکە ئەگەر لەشاریایە- چەند

مەجلیسێکی دەبەستو لە دوایی ئەو پیاوانەی دەنارد لەئەهلی گەرەك کەوا لێوەشاوە بانایەو ئەم باسەی هەڵ دەگێرساندو مەتحو سەنای فەقێیەکەی دەکرد ، ئەوانیش بەگوێرەی پیاوەتیان دەستی یارمەتیان درێژ دەکرد ، زۆر بە شانازییەوە ئینجا کاغەزیشی بۆ ئەو پیاوانە دەهەنارد لەدێهاتەکان کەوا بەپیاو حیساب بانایە، ئەوانیش بەدەستو دیاری دەهاتن لە : مەڕو بزن، دانەوێلە، ئارد ، پارەو پوول...هتد پیاوێکیش لیباسی مەلایەکەی دەخستە سەرشانی خۆی لە: کەوا- سەڵتە- جوببە- مەندیل زۆرجار پێڵاو- کراسو دەرپێ... کە ئیجازەشی دەخوێندراوە پارەو پوولێکی باشی بۆ کۆدەکراوە- واتە بۆ فەقێیەکەی بوویتە مەلا.کەئیجازەکەشی تەواو دەبوو- تاخمەیەك فەقێ- جگە لەخزمو کەسی خۆیوو گەورەی دێیەکەی کەلێ بوویتە مامۆستاو هەندێ لەخەڵکی ئەوێ، رەگەڵی دەکەوتن لەوێش یەك دووشەو سوحبەتو سەیران دەکرا.

**بۆ زانین:** لەچەرخی ١٤ی ك- لیباسی ئیجازە لەشاری هەولێر حاجی محەمەد قەرۆك دەی کرد ، جگە لەئیجازەی مەلا فەندێ نەبێ هەمووی عائیدی خۆی بوو.

لەشەقڵاوە میرەی کرد ، لەکۆیە عەبدولواحید حاجی مستەفا دەیکرد لەگەڵ باوکی، لەرەواندز مستەفا فەندی دەیکرد ، لەدێیەگە سولەیماناغا دەی کرد... لەهەر شارێکی کوردستان پیاوێکی ئاوها دەیکرد... زۆر مامۆستاش هەبوو بەخۆی دەیکرد شەرمی بەخۆی بوو داوا لەخەڵك بکات وەك مامۆستای بەناوبانگ مەلا مەعسومی هەورامی- لەدێهاتەکانی دەشتاییش مامۆستا مەشوەرەی دەکرد بە فەلاحەکانو گەورەی دێیەکە، لەناو کێوانیش هەریەم دەستورە. ئەگەر لەشارو ئەگەر لەدێهات تاخمە ژنێك خۆی ئامادە دەکرد بۆ خوا، بۆ دروست کردنی نانو شیوو ئیشوکار زۆر بەشانازییەوە، بەراستی ژنی کورد زۆر جوامێرنو مەردو چاو بڵندن گەر مقارەنەیان بکەین لەگەڵ ژنانی نەتەوە دراوسێکان: لەدێهاتەکان خەڵك

ئامادەبوون کە بەشەوان هەرکەس بەگوێرەی خۆی چەند کەسی دەبردەوە ماڵی بۆ خەوتن، بەیانیانیش نانی ئەدانێ، ئینجا دەگەڕانەوە مەجریسەکە.

لەزۆر شوێن لەدێهاتەکان گەورەی گوند هەموو مەسرەفی ئیجازەکەی دەخستە سەر ئەستۆی خۆی بەتەنیا- سوختەکانی مەدرەسەش لەگەڵ ئەو سوختەی لێوەشاوەبایە- لەدەعوەت کراوەکان- هەمووی ئامادەبوون بۆ خزمەتی ئەو ئیجازەیەو هەڵسوڕاندنی: لەهێ نانی نان و شیو- دامەزراندنی میوان- چایەو جغارە- ئاو هێنان.

**بۆزانین/** هەندێ جار یەك فەقێ ئیجازەی وەردەگرت، هەندێ جار دوو یاخود پێنج من تا (٥) فەقێم دیت کە بەیەکجار ئیجازەیان وەرگت، مەسرەف هەریەك مەسرەف بوو.

**بۆ یادگاری:-**

١-لەساڵی ١٩٥٢ی ز مامۆستا مەلا ئەحمەدی ئاشۆکەیی- کە لەمەلاکانی هەرە چاك بوو ئیجازەی دا بەکوڕە زیرەکەکەی مەلا مەسعود لەگوندی باقرتەی قەراج، زیاتر لە(١٠٠٠) کەس کۆکرابۆوە جگە لەخەڵکی گوندەکەو دەوراپشتی، نزیکەی حەوت شەوو حەوت رۆژ ئەم ئیجازەیە بەردەوام بوو، ئەم هەموو مەسرەفەش تەنیا حاجی مەعروف ئاغای دزەیی، کوڕی حاجی پیرداود ئاغا کردی، هەموو شتیش لەزۆری بوو، دەمایەوە مەعروف ئاغا لەتیرەی فارساغابوو، پیاوێکی هەقوڕەق نەترسو چاو قایم بوو هەموو تیرەکەی خۆیانەوە سەریان پێ بلند بوو دڵێکی پاکو بێ فێڵی هەبوو.

٢-لەساڵی ١٩٥٥ی ز مامۆستای زاناو دانا مەلا ئەبوبەکری کۆیی لەگوندی دوگردکان دەشتی دزەیی پتر لە (١٠٠٠) کەس کۆ ببۆوە جگە لەخەڵکی گوندەکە- کەوا دوبەش بو، هەربەشێك نزیکەی (١٠٠) ماڵ دەبوو پێنج فەقێ ئیجازەیان وەرگرت، ئەو هەموو مەسرەفە لەسەرشانی ئەحمەد حەمەدەمین ئاغای دزەیی بوو لە تیرەی بایزاغە، تابلێی پیاوێکی چاو بڵندو سەخی بوو یارمەتی لەکەس وەرنەگیرا.

کاتی ئیجازە/ بەزۆری لەکۆی پاییز یان بەهار وەردەگیرا چونکە نەساردەو نەگەرمەو پاییز کاتی زەخیرەو مێوەجات زۆری‌یەو بەهاریش کاتی زۆری: ماستو دۆو پەنیرە.

## سودی مامۆستا لەئیجازەدان

١- خێری قیامەت.

٢-پێ گەیاندنی ئەم فەقێیە بۆ مەلایەتی.

٣-بەو کۆبونەوەیە شەوقێکی زۆر پەیدا دەبوو بۆ خوێندنی فەقێ.

٤-ناوو دەنگەکی زۆر بۆ مامۆستای ئیجازە دەر لەناو خەڵك عەشایر.

٥-بەو کۆبونەوەیەو بەزمو سوحبەتە، فەقێ زەوقیان زێدە دەبوو لەسەر خوێندن، هەوەسیان بەخۆ دەهات.

٦-زۆر لەمامۆستاکانی‌ئیجازەدەر- دەس کورت بوون- بەهۆی ئیجازە ئەشیایان بۆ دەماوەو ئیدارەیان پێ دەکرد.

## کۆبوونەوەی ئیجازەو تەدارەکی ئیجازەو رەفتاری خەڵکەکە

پاش رێکخستنی تەدارەکی ئیجازە لەلایەن مامۆستا. ئینجا دەست دەکرا بەنامە ناردن بۆ مەلاو فەقێو گەورەپیاوان. نامەکان دەنووسراو مامۆستا ئیمزای دەکردو لەناو زەرف دەنراو سوختەکانیش دابەشیان دەکرد لەشارو دێهاتەکانو مەدرەسەکان شێوەی نامەکەش بەم جۆرە بوو.

بۆ جناب ملا.... پاش ٩٠٠ عرض سلام احترام- لفلان رۆژ---- بخوتو بفقێیکان تشریفتان بفرمون بو ئیرە بو دەعوەت ئیجازە، بهاتنتان کیف خوش دبین

والسلام امامو مدرس گوندی-----.

شێوەی نووسینی کوردی جاران ئەوەبوو. بەم دوواییینە نیشانەو شت بۆ پیتەکان دانران. لە سەرەتای نامە ئوسولبو ٩٠٠ دەنووسرا لەجیاتی بسم الله، چونکە نامەو شت فرێ دەدراو دەکەوتە ژێر پێیان خەڵك گوناح بار دەبوو. ئینجا لە رۆژی میعاد هەر مامۆستا بوو لەگەڵ فەقێیەکانی خۆی

بەرەو شوێنی حەفلەکە دەهاتن، ئەوساکە هەموو بەپیێیان بوون. هەر چینێك کەدەگەیشتنە نزیك گوندەکە- ڕێز دەبوونو دەستیان دەکرد بەچەپڵە ڕێزانو مقامو قەسیدە، بەرەو پی‌لیان دەچوون کەدەگەیشتنە یەکتر دەس دەکرا بەماندونەبونی یەکتر لەگەڵ موسافەحەکردن، هەموویان بەیەکەوە دەگەڕانەوە- کەدەگەیشتنە گوندەکە هەموویان دەستی مەلای گەورەیان ماچ دەکردو دادەنیشتن چایەو جغارەیان دەدرایێ- بەزۆری وابوو چینی مەلاو فەقێو مەدرەسە بەشەو دەهاتن، یاخود سوبیانان بە فێنکی دەگەیشتنە جێ.

## کاتی سوحبەتو سەیران لەئیجازە

سوبیانان پاش نان خواردن دەست دەکرا بە: بەستەو حەیرانو لاوكو ئەشعارو شایی- بەهەمە جۆرەکانی شایی کەدەبوە پاش کێشتان لەمزگەوت مەجریس دادەمەزرا ئەگەر بەهار بایە لەدەرەوە دادەمەزرا، یان لەحەوشی مزگەوت یان لەسەر جێگای جۆخینان، تەمسیلی پاشا دەکرا لەم شوێنانەی کەعادەت بو دەکرا. نیوەڕۆ بەتاڵ دەکراو دەس دەکرا بەنان خواردن، پاش نانو چایە تاکو دەمی عەسر شاییو مقامو چەپڵە لێدانو بەستەو شیعر بوو، پاش عەسریش هەمسا تەمسیلی پاشا دادەمەزراوە، ئەگەر لەناو کێوان بایە- لەبن دارو گۆڕاییی دادەمەزرا- سەعاتێك بەر لەخۆرئاوا هەموو لەهەموو بەپاشاوە بەچەپڵە ڕێزانو مقامو بەستەو قەسیدە لەدەورەی دێیەکە دەسوڕان، کەدەسوڕان پاشاو دکتۆرو وەزیران لەپێشوو، لەدوای ئەمان مەلاکان ئەوجا موستەعیدەکان ئینجا خەڵکی تر. خۆرئاوا دەبوو نوێژ دەکراو نان ئامادەئەبوو.. (بەڵام لەشاران مەجریس وشت لەحەوشی مزگەوت بوو یان لەناو مزگەوت). پاش نان خواردنی ئێوارە، دیسان شاییو سوحبەتو چەپڵەو مقامو بەستە بوو. پاش نوێژی عیشا مەجریسی ٠مەجلیس) دەبەستراو- نۆبەتی گەمەو تەمسیلو سوحبەت کردن بوو تاکو دووبەشی شەو دەڕۆیی. واش دەبو دیسان پاشایان دادەمەزراندەوە. بۆ پاش نیوەشەو ئینجا هەندێك دەخەوتن، بەڵام زۆر وادەبوو چینی گەنجو سوختەکان خەوتنیان نەبوو.

**بۆزانین/**

١-لەهەندێ شوێن پاشایان دانەدەمەزراند- چونکە لەکۆنەوە عەداوەتو شت رووی دابوو، بەس سوحبەتو سەیرانو شاییو چەپڵەبوو. وەکو کویسنجق- رەواندوز.

٢- ئەگەر ئیجازە لەدێهات بایە گەورەی دێیەکە دادەنیشتو سەرپەرشتی حەفلەکەی دەکرد بە خۆیو بەنۆکەرانی بەم هۆیە کەس حەددی نەبوو ناخۆشی پەیدابکات. ئەگەر ئیجازە لەشار بایە- چەند پۆلیسەکیان لەدەوڵەت وەردەگرت ئەم چەند رۆژە چاوەدێری ئیجازەکەیان دەکرد، تاکو چ ناکۆکی روو نەدات.

٣-خواردنی ئیجازە- سەماوەر هەر لەکاردابوو، نیوەڕۆیانو ئێواران شیوبوو، سوبیانانیش نانو چایەو پێخۆر.

٤-بەزۆری وابوو حەفلەی ئیجازە لەرۆژی دووشەم دەست پێ دەکراو پاش نیوەڕۆی جومعە کۆتایی دەهات، جارو باریش وابوو یەك حەفتە بەردەوام بووە.

## پاشای ئیجازەو تەدارەکی پاشا

زەلامێکی زەبەلاحو سەرزلیان دەهێنا کەوا کەمێك خوێندەواری هەبایە، بەمەرجێ: نابێ پێ بکەنێ، قسەبکات، هەرکات پێ بکەنی بایە عەزلیان دەکردو تێریان لێ دەدا، بانتۆڕێکیان لەپێ دەکرد لەگەڵ جوببە، کڵاوێکی قوچی رەنگاو رەنگیان لەسەر دەنا، وێنەی دەستێکی بەهەر- پێنج پەنجە- لەسەر کڵاوەکە قایم دەکرا پەشتەماڵێکیان لەمل دەئاڵاند، چەند خەتی رەنگاو رەنگ لە پەڕۆك لەسەر هەردووشانیان قایم دەکرد- گوایا ئەمە روتبەی پاشایە. دوومەلای عاقڵی قسەزان لەهەر دوولای دائەنیشتن، ئەمانەش وەزیری دەستەراستو دەستەچەپە، وەزیرەکان قسەیان دەکردو هەریان دەسوڕاند، ئەمانە هەرسێکیان لەسەر یەك تەخت دائەنیشتن، مێزێکیان لەپێش دەمیو کتابێکی گەورەی لەسەر، گوایا ئەمە سیجلە.

**یاوەر/** مەلایەکی چالاکو زیرەکو قسەزان- کورتەکو شەلوارێکی لەبەر کلاوێکی خامەك لەسەر، گورزێکی لەدەست دەمانچەیەکی لەقەد، هەرکات لەبەردەمی پاشاو وەزیران راوەستابوو، بۆ راهێنانی فەرمانو خوتبەو هەرسوڕاندی ئیشوکار. دووکەسی چالاك دەس بەخەنجەری رووتی لەپشت پاشاوە وەستابوون، خەنجەرەکانیان لەسەرشانی راستەوچەپەی راگرتبوو بەروتی، ئەمەش بۆ محافەزەی پاشا. ئەم دووە ماندو دەبوون دوی‌تر دەهاتن بەنۆبەت.

تەختێکی تر لەم لا، مەلایەك لەسەری دانیشتوە، جوببە لەبەر، فیسەکی سوری لەسەر، ئەمەش قازی‌یە، یەکێ تریش لەتەنیشت ئەمەش کاتبە، دەفتەرو کتێبەکەیان لەبەردەم لەسەر مێزێك دانابوو، ئەمەش سیجلەو تەوراتو ئینجیلە، فەقیێەکی چاکەتو بانتۆڕ لەبەر، سەرقوت، عەینەك لەچاو بۆڕیەکی درێژی لەتەك، ئەمەش دکتۆرەو بۆ ڕیەکەش زەڕەبینەو سەماعەیە.

یەکی قوتە ی چوار پەلەستوریشی لەتەنیشت لەسەر تەختێك ئەمەش موزەمیدە، مێزێکیان لەپشتە، سێ نیەکی ی گەورە لەسەرە، پڕی سەری بن پیالەیە، هەربن پیالەیەك جۆرە شتێکی لەسەرە، ئەمەش دەرمانات‌و سەیدەلی‌یە.

**دەرمانەکان:** ماست، ئارد، ئەستریلك، توتن، دۆشاو، نۆك، قشپل، سەرگین، پەلکە قامیشی بەتاڵ، پەمپێك. هەندێ تەپکە سەرگین(پیسایی مانگا) دانراوەو بەنی تێ هەلکێشاوە، هەندێ قشپل کون کراو بەنی تێ هەلکشاوە، هەندێ پارچە حەسیری پیسی چلکاوی بەنیان لێ قایم کراوە. سەرگینەکان گوایا سەعاتە، قشپلەکان تەزبیحە، پارچە حەسیرەکان عەبایە. ئەگەر پاشایەکی خەلات بکردایە- هەریەکی لەمانە لەمل دەکرا، یان لەشانی. سێ پێکێك دانراوەو گوریسێکی پێوەیە، یان دوو دارو پەتێك، ئەمەش قنارەیە، ئەگەر حوکمی ئیعدام درابە یەکێك ملی بەپەتەکەوە دەکرێ، یەکێکی لەدیار وەستاوە، ناشرین پیس، بەرگەکی سپی لەبەرە عەینەگەکی

لەچاوە، دەفتەرێکی لەدەستە ئەمەش مەلایە گەر یەکیان ئیعدام کـرد، ئـەوە تـەرقینی دەدات، بـەڵام چ مـەلا دەڵـێ‌ی زەبانیـەی جحەندەمـە، بـەم مەلایـە دەووترا: زەبانی‌یە شەش حەوت فەقێ‌ی چوستو چالاك، بەجەم لێهاتو، خۆیان هەڵ‌کردوە یـەکو گورزیـان لەدەسـتە ئەمـە جەندرمـەی موکافەحەیـە. پێنـج شەشەکی تر بەرگی شـورتەی دەوڵـەتیان لەبـەرە (کـە خواسـتراوەتەوە) یـەکو تفەنگیان لەدەسـتە بـەبێ فیشـەك، ئەمانـەش جـاندارن- بـۆ هێنـانو بردنـی خەلکی تاوانبار، هـەرچی بیـان ویسـتابایە دەیـان گرتـو لـە عـەردیان دەدا، ئەمانەش پێیان دەوترا هەیتە یان زەفتی‌یە یان جاندار.

کاری پاشا/ سکوتو کڕوکەپی.

کاری وەزیران/ مەحکەمەو جەلب کردن.

کاری قازی/ شەرع کاری

کاری زەبانی‌یە/تەرقین دانی ئیعدام کراو

کاری دکتۆر/معاینەودەرمان دیاری کردن بۆ نەخۆش.

کاری موزەمید/تیمارکردن

کاری موکافەحە/ سزای تاوانباران.

کاری‌جاندارو هەیتە/هێنانو بردنی خەڵك.

کاری یاوەر/خوتبە خوێندنو تێکەولێکە (عەریف حەفل).

**کەئەمانە هەموو تەواو دەبوو یاوەر خوتبەی دەخوێندو خـەڵك گـوێ‌ی لێ رادەگرت، ئەمەش نمونەی خوتبەیەکە بەکوردی رەحمەت لـەوی لـەبابی‌وی جەنابی پاشا لەسەر تەختی عەدالەت دانیشتوە، خەلیفـەی عەزازیلـە، ئـەمیر المنافقین‌ە، حیلمی حماری هەیە، ناهیقەوناتیق نی‌یە، هەتا درۆ هەبێ راست ناکـات، هـەتا ناهـەقی هـەبێ هـەق ناکـات، دوژمنـی فـەقیرەو دۆسـتی دەوڵەمەندە، هـەتا حـەرام هـەبێ حـەرار (حـەڵاڵ) نـاخوات، دەرگـای بـۆ دەوڵەمەندکرایتەوەو لە فەقیر داخراوە، تێر خواردنـی نیـە وەکـو عەزیایـەو دەمی بەش کردویتەوە بۆ بەرتیلو رەشوەت خەزینەی عەمباری عوسمانی‌یـەو**

قەت پڕ نابێ، قەوانی هەیە بۆ فیشەك مەعتەلە، تۆپی هەرئاگرو دوکەڵو بۆنە، ئینجا هەرکەسێ تەمایتی غەدر لەخەڵك بکات- بابێتە پێش بەخۆیو بە بەرتیلەوە ناهەقی بۆ دەکاتە هەق، دوژمنی داوێتە بەندیخانەی بێ سەروبن ئەمێ هێش جەنابی قازیە فەندییە/ لەقورعان بەرۆژییەو شارەزای ئینجیلو تەوراتە، فەقێی عەزازیلە، نێر لەنێر مارە دەکات ژن لەمیرات بێ بەش دەکا، بارگین لەکەرێ چاك دەکا، ئامادەیە بۆ مارە بەجاش، نۆ تەراقی لەلا تەراقێکە، شایەدی بە درۆ رادەبوێرێ، مینەتی قیامەت نازانێ، جێگای لەدۆزەخ بۆ ئامادەکراوە بەتەمای بەهەشت نییە •ومن لم یحکم بما أنزل الله فأولئك هم الکافرون).

کێ فیکری خەراپی هەیەو ناهەقی هەیە با بێتە لای بە خۆیو بە بەرتیلەکی زۆر، هەمو ئیشی بۆ دەکرێ.

ئەمیش جەنابی دکتۆرە/ ساغان نەخۆش دەکا، نەخۆشان دەکوژێ، کەسێ سەری بیەشێ قاچی تیمار دەکا، چاوی بیەشێ کوێرەی دەکا، بەددان بێ کەلۆسی دەکا، سەماعەی بۆری سەماوەرە، شەرینقەی پەمپی ئاوە، دەرمانی هەرە چاکی حب الغەنەمە (قشپل).

دەرمانی بێهۆش توتن لەکەپو (لوت) کردنە، هەرکەسێ دەیەوێ بچێتە لای با وەسیەت بکا، دونیای رۆن بەچاوی خۆی نابینێتەوە..هتد.

ئەگەر یەکێکیان لەقنارە بدابایە- ملیان بەپەتەکەوە دەکردو زەبانیەش تەرقینی دەدا، دوایی کابرایان بەئەرزدا دەدا لەهەموولا خۆلیان پێدا دەکرد وەکو ولاغی گەوزی لێ دەهات، پێش لەقەنارەدانی دکتۆریش سەماعەی بەقینگی وەدەنا گوایا فەحسی دەکا لەپاش قنارە جوان دەیان بچریەوە- گوایا- تەشریحی دەکەن ئەمەش تەرقینی زبانیەکەیە:

أیها الحمار ایها الحمار، تەرسی خۆگانی مردار، کەلبی ئاستانەی دابەرەزبار تەشریفت تۆپی لەدونیای فانی، لەزاتی شەیتان ئیمشۆ میوانی، فریشتە دێنە لاتو وەلام پرسیار، دەس کە بەعەرعەر بەوێنەی حمار، ناوی

یەزدانت قەت نەیێ بەزار، مەچۆرە جەنەت نەکو سەرمات بێ، بچۆرە دۆزەخ هەتا گەرماتبێ، ریێ باوو باپیر، قەت نەکەی لەبیر، تۆش بەنەعلەت بی لەگەڵ مام گزیر، بگۆ: گشت رەسور من لێ بێ بەریم، عوزا پەرستم- ئەسل خەیبەریم، **بۆ زانین/** مەبست لەم هەموو خوتبەو شتە، سوحبەتو پێ کەنینو بەزمو زەوقبوو تاکو پاشا هەڵ دەستا شکاتو شکات کاریو پێکەنین بوو... ئەنواعی شکایەتی سەیر دەکرا.

## گەمەکانی ئیجازە

ئەم یاریو گەمانە بەشەو دەکرا لەمەجریسی: ئاشەوانانی، دۆشاو فرۆشتن، خەیاتانێ، هەویز مارین، میش برینەوە، کاروان کاروانانێ، ئەشقایەتی لەدەوڵەت، کوورە کوورانێو ئاسنگەری.

## روداوێکی خۆش لەسەر ئیجازە

لەساڵی ۱۳٦٦ی ك مامۆستای زیرەکو سەخی کە لەمامۆستایەکانی هەرە چاکی چەرخی ١٤ی ك بوو، مامۆستا مەلا مەعسوم هەورامی، کە لەکۆیێ، مزگەوتی حاجی یە فەندی- ئیجازەی دا فەقێیەك. مامۆستاش ئسلوبی وابوو: دەبایە ئیجازە لەسەر شانی خۆی بایە لەبەر سەخاوەتی، دەوە خوارکەی لەبەر خەڵك نەدەکرد، دەستیشی کورت بوو، مەدرەسەی ئەو زاتە چ کات لە (۳۰) فەقێی کەمترلێ نەبوە مەگەر چۆنها نەبێ، زاتێکی ئەوەندە بەویقار بوو، خەڵك هەموو شەرمی لێ دەکرد کەچاویان پێ دەکەوت، دەست لەسەر دەست رادەوەستان تاکو تێپەر دەبوو، ژنو منداڵ کەچاویان پێ دەکەوت خۆیان دەشاردەوە لەبەر سەنگی ئەم زاتە.

لەکاتی ئەم ئیجازەیەش کوتاڵو شت زۆر گران بوو، کاتی تەموینو بیتاقەو کۆبۆن بوو، ئەمەش لەبەر لافاوی جەنگی دووەمی جیهانی بوو، قوماشی فاسونی هەرزان گەزی لە (۲۰) تا (١٥) دینار بوو مامۆستا کەوتە ژێرباری خەم بۆ لیباسی ئیجازەکە، حاجی مستەفا هەبوو بەزازبوو کۆنە جوبەیەکی رزی هەبوو- رەنگی کردبۆوە.. موستەعیدێکی مامۆستاش

ناوی (م) بوو، ووتیە مامۆستا غەمت نەبێ جوبە عائیدی من بێ- بەهەرزان پەیدادەکەم.

فەقێیەکەی ئیجازەی وەردەگرت لەژێرو عەقر نەختێ دەست کورت بوو، بەڵام لەعیلم زیرەکو قابیل بوو. موستەعیدەکە چوەلای حاجی مستەفا پێی ووت: مام حاجی ئەم کۆنە جوبەیە لەناو پارچە قوماشێکی کسك بنێ، ئێمە دێین بۆ لیباس کڕین، داوای ئەم جوبەیە دەکەین تۆش خۆت گرانکە، دەشقەم فەقێیەکە رازی دەکەین- مامۆستا دەستی کورتەو شەرمی بەخۆیە داوا لەخەڵك بکات. مام حاجی ووتی باشە منیش یارمەتی دەدەم، دوکانی مام حاجی لەقەیسەری بوو، ئەوسا کارەبا لەکۆیێ نەبوو، فەقێیەکەش چرو چاوی تەواونەبوو. فەقێیەکەی ئیجازەی وەردەگرت لەگەڵ موستەعیدەکە چونەلای حاجی بۆ فاسون کڕین، چەند جۆرە فاسونیان دەست دایێو مامرەتیان کرد، لەپاشان موستەعیدەکە ووتی مام حاجی زانیومانە جوبەیەکی بیلادیت هەیەو گرانە، ئەومان بۆ بێنە، فەقێیەکەش ووتی: مام حاجی قسەیتی- دەبێنە، مام حاجی ووتی جوبەیە خۆراکی ئێوەنیە، ئەم پارەیە بەمامۆستا نادرێ، بەڵێ ئیسراریان کرد، مام حاجی جوبەی هێنا لەناو بوخچەیەکی سەوز، دەستیان دایێو فراندیان، چەندی حاجی ووتی نابێ، بامامرەت بکەین، نەخێر بردیان ووتیان لەسەر مامۆستا بنووسەو هەقت نەبێ، مام حاجی ٣٥٠٠ فلسی نووسی، بەبێ ئەوەی: فەقێیەکە تەماشای بکاو تەجروبەی بکات، لەرێ فەقێیەکە دەی ووت: حاجی بەتەمابو فێڵمان لێ بکاتو نەمان داتێ، تەرکێکمان لێدا- وتە-؟ موستەعیدەکەش بوخچەکەی لەدەست بوو دەی ووت: بەخوا تەرکێکی گەورەیە- بەیەکێك هەر دەکەوێ، ئینجا پیاوم دەوێ خۆی لەبەر بگرێ، جوبەیان هێنا، بەبێ ئەوەی کەسیتر بیبینێ، لەقاپی ماڵی مامۆستایان دا ناردیانە ژووری تاکو رۆژی ئیجازە، سەیر ئەوە بوو تاکو رۆژی ئیجازە فەقێیەکە هەرمەتحی جوبەکەی دەکرد دەی ووت: جوبەیەکی بیلادیو چاكو جوانە، گرانە- گران نیە بەقیرسی-

لەکیسەی مامۆستایە. ئیجازە دەس پێ کرا، بەزمو شاییو چەپڵەو مقام دەست پێ کرا، مەسرەف تابڵێی زۆربوو خەلکەکی زۆر کۆببوونەوە... جوبە لەبەرکراو فەقێیەکەیان بەچەپڵەو مقام برد بۆ مەجریسی ئیجازە، جوبە لەلایەك تەسك بوو، لەلایەکی تر کورت بوو لەخوار چۆکی، لەلایەکی تر لەبەر رەنگ کردنەوەی قان قان بوو. فەقێ غەزری ووتی: فرێی دەدەم بەعەمەل نایێ، فەقێیەکانی تریش ووتیان: تۆ چەند رۆژە مەتحی دەکەی دیارە هەموو قسەکانت درۆبوو، عەیبە دەنگ مەکە، لەبەر بکرێ دەقی دەشکێو درێژ دەبێو بەرین دەبێ، هەتاوی لێدا قان قانەکەی یەکتر دەگرێو دەبێتەوە یەك رەنگ، دەنگ مەکە هەزار خەلك لەپیاوی مەجریسە تازە رۆیی- دەنگ بکەی تەسلیمی حکومەتت دەکەن، حوکومات لەکونە رەشت دەنێ، دیارە تۆ قەشمەری بەئیجازە دەکەی ئەوساش خەلك زۆر لەحوکومات دەترسا، فەقێ خۆی مات کردو فزەی نەکرد لەترسی حوکومات فەقێش بەچەپڵەو خۆشی ئەم هەڵبەستەیان بۆ دەووت:

| | |
|---|---|
| هەی پیرۆزە پیرۆزە | ئەم جوبەیەت پیرۆزە |
| بەهەموو رەنگ خۆ دەنوێنێ | جوبەکی گەلێ قۆزە |
| مامۆستامان رەئیسەو | موجاز خەڵکی ئەنگۆزە |

خەلك زۆر پێ دەکەنین یەك بەزم بوو، موجازیش ئەمە بەقسیدە تێ دەگەیشت دەی گوت: قسیدەیەکی خۆشە، دیارە باسی گوندەکەی من- لەقسیدەش دایە، پێ دەکەنیوحریکەی دەهات، لەمەجریسی ئیجازەش نزیکەی (١٠٠) دیناری بۆ کۆبۆوە، لەخۆشیان پێی نەدەکەوتە عەردی، ئەوساکە پارە بەقەدر بوو، فەقێ بەرێ کراو رۆیی بەرەو گوندی: ئەنگۆز- لەنزیك بێتواتە لەناو کێوان.

٢-لەساڵی ١٩٥٧ی ز مامۆستا مەلا شێخ عومەری بالیسانی، زانایەکی گەورەی کورد بوو هەرکات لە (٣٠) فەقێ کەمتر لەمەدرەسە نەبووە مەگەرچۆنها نەبێت، ئیجازەیدا بەمەلا جەعفەری هێلەوەیی.. پاشا دامەزرا،

جاندارو هەیتە هەندێ توتنیان لە کابرایەك گرت خاوەنەکشیان هێنا، ئەمەش داو بوو بۆ پیاوێکی روح زلیان دامەزراند، لەسەروی مەجلیس دانیشتبو، ووتیانە کابرا بۆ چ ئیشی قاچاغ دەکەی؟ کابراش ووتی ئێوە یاغنیشن ئەوە توتن نیە قەرسەقولە، بۆتامی مەرزەم کۆکردوویتەوە، چەندی ووتیان توتنە ئەو هەرووتی قەرسەقولە، کابرای روح زلیان هێنا ووتیان: تۆ عاقڵ‌و خەبیری، چاك لەشتان ئەزانی، ماوەیەکیشت کەراتی کردوە دەزانی تامی قەرسەقول چۆنە، ئایا ئەمە توتنە یاخود قەرسەقولە؟ کابراش جغارەیەکی لەتوتنەکە تێ کردو دایە بەقوم لێدان، ووتی خوا قەبول ناکات ئەمە توتنە، کابرای خاوەن توتن ووتی، بڕواناکەم بەم کابرایە، ئەوە عەقڵی تێك چوە، بڕیاردرا بیبەنە لای دکتۆرو فەحسی بکات بزانێ عەقڵی تەواوە، یاخود خەرفاوە؟ دکتۆر لەسەر گازی پشتیی درێژ کرد چاوی بەستاوە.

نەختێ توتنی کەسکونی هوردکرد لەناوو دوو پلکە قامیشی‌کرد لەکن هەردو کونە کەپوی داناوە لەناکاو بەهێز فوی تێ کردن، توتن تامێشکی گیرنەبوو، کابرا هەڵساوەو دەستی کرد بە: بشمین‌و ئاو لەچاو هاتن سۆرو شین هەڵگەڕا هەند پشمی تاکو کەوتە ئەرز، چونکە مەیلەو یەختیاربوو هەڵیان ساندەوەو نەختێ ئاویان دایێ‌و خواردیەوە، هۆشی هاتەوە، هەمسا لێیان پرسی: ئەمجاغەی گیراوەو توتنەیان قەرسەقولە؟ ووتی باوکم من عەقڵم خەر فابوو نەشەدو بیللا قەرسەقولەو توتن نیە. بەڵام دەزانن بۆ من خەرفایمە؟ ووتیان ناوەڵلە ووتی: ئەگەر نەخەرفابامایە چۆن دەهاتمە ناو ئەو بێ دینانەو بێ رەحمانە، کافرانە باوکی منیان بەگاندا، مانگەکی تریش بەرم خوێنم بزر مەکەن ئەو دختۆرە رافزیە منی کوشت، خەڵك زۆر پێ کەنی شتی وابەزم نەبووە.

٣-عەزەدینی مەلافەندی لەپاش وەفات کردنی باوکی لەشوێنی دانیشت‌و دەستی بە تەدریس کرد هەرکات لە (٣٠) فەقێی کەمتر نەبوو زۆر زاناو سەخی بوو وەك باوکی، ئیجازەی دابە مەلا ئیسماعیل قەتەوی‌و مەلا شێخ

محەمەدی کەپەنك رەشی لەساڵی ١٩٤٨ی. ز، زیاتر لە (١٠٠٠) کەس کۆبیۆوە لەمەلاو فەقێو پیاوی گەورە... هەموش لەسەر مەسرەفی ئەفەندی خۆی بوو، لەمزگەوتی قەڵات خەڵك یەکجار زۆربوون، کەهەولێریەکان چاویان بەم هەموو خەڵکە دەکەوت دەیان ووت! (باخ باخ عزالدین حشری‌تی) تەماشاتەماشا عەزەدین حەشری کردیە، پێنج شەو رۆژ ئەم حەفلەیە بەردەوام بوو (مەسرەفی ئەم حەشاماتە بەقسە خۆشە) هەموو شت لەتێری بوو، شەوە لەلایەك چەپڵەو مقامە، لەلایەك پیاوی گەورە دانیشتوە، مناڵە هەولێریو لۆتی شەللاتی دەورەیان دابوو لە حەوشی مزگەوت. گەمەو گاڵتەیان بەفەقێو مەلاو، حەفلەکە دەکرد.... شتی ناشیرینیان دەکرد وەك جرتو شیرکێشان... فەقێ مەردانە هەردوو قاپی مزگەوتیان داخست دەس کرا بەلێدانی ئەم خۆریانە لێدان ئەمان لێدان چارەشیان نەبوو قاپی داخرابوو زیرو هۆریان دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەك، لەم دیوی مزگەوت.. لەهەر چوارلا قەلاتێ دەورەیان دابو بەپەلاماردان، بەلام سودی نەبوو... هاواریان دەکرد هەبوو دەی ووت خاڵە لێم مەدە گوم خوارد، هەبوو دەی ووت خاڵە...و... بەس لێم مەدە، مەلا حەسەنی حاجی جوامێری سوری ژەیی دەستێکی بالای هەبوو لە لێدانیان، رەشادە فەندی سەرپەرشتی لێدانەکەی دەکردو تانی فەقێیانی دەدا، ئیشی گەورە بوو عەزەدینە فەندی بەتەلەفۆن لەباداوان تێ گەیاندرا... ئەمیش حکومەتی تێ گەیاند مەفرەزەی جاندار هاتن ئەمانەی دەرەوەی مزگەوتیان دابەرلێدان. کەهاتنە ژوورێش ئەمانەی حەوشیان داپەرۆسیەوە دووبارە، رایان پێچان بۆ بەندیخانە.

بەهەزار دەس ماچ کردنی دایکو باوکیان تاعەفوکران ئیجازەکەش بەخۆشی تەواو بوو، شەلاتیش نەوێران چی‌تر تخونی مزگەوت بکەون.

## رۆژی خوێندنەوەی ئیجازە

ئیجازە خوێندنەوە هەرکات، لەهەر شوێن دەبوایە رۆژی هەینی بێ پاش نوێژی جومعە، ئەمەش بۆ بەرەکەتی رۆژی هەینی بوو، دەبوایە لەژووری مزگەوت بایە لەبەر بەرەکەت.

پاش نوێژی جومعە ناو مزگەوت گوڵاو رێژ دەکرا، شەربەت ئامادە دەکرا، هەرکەس لەشوێنی خۆی دادەنیشت کش‌ومات، بێ هەست‌و خوست، کورسیەك لەناوەندی مەجلیس دادەنرا بەرماڵێك (دو گورد) بەچوار قەدی لەسەر کورسی‌یەکە دادەنرا، نوسخەی ئیجازەنامەی لەسەر دادەنرا، ئەگەر ئیجازەکە لەشار بوایە، لەمەحفەلی خوتبە یەکدو قادرمە بۆ مامۆستای ئیجازەدەر تەرخان دەکرا، ئەگەر لەدەشت بایە مامۆستا لەسەر کورسی‌یەکە ئیجازەکەی دەخوێندەوە. بەزۆری وابو بەدانیشتنەوە دەخوێندراوە. ئیجازەنامە بەخەتێکی خۆش دەنوسراوە چوار پێنج لاپەڕە بوو، مامۆستای ئیجازەدەریش چەند فەقەرەیەکی لێ زیاد دەکرد: ناوی فەقێ‌یەکە، ناوی خۆی، لەدوایش مۆری دەکرد، پاش خوێندنەوە ئەم نوسخەیە دەدرا فەقێ‌یەکەی ئیجازە وەرگر، بۆخۆی بوو.

فەقێ‌یەکەی ئیجازە وەرگر دەیان بردە غورفەیەك لەوێ جلیان لەبەر دەکرد: کەواو سەڵتەو جوببە، مەندیلیان بەپانی لەسەر دەبەست، گوڵاو رێژیان دەکردئینجا بە رۆیینەکی زۆر لەسەرەخۆو ماقول دەیان هێنا بۆمزگەوت، ئیجازە وەرگر لەپێشەوە دەڕۆیی، ئەوانی تریش لەدوای ئەو بەقەسیدە خوێندنەوەکی زۆر بە تەئسیر.

**مولاية صل وسلم دائما أبدا علي حبيبك خير ألخلق كلهم هو الحبيب الذي ترجي شفاعتة لكل هول من الاهوال مقتحم**

کەدەگەیشتە مزگەوت سەڵاوی دەکرد، ئەو خەڵکە بە تێکڕایی هەڵدەستاو دەستی لەسەر چاوی دادەنا، مامۆستای ئیجازەدەر لەسەر کورسی‌یەکە دانیشتوە، فەقێ‌یەکەش لەبەردەمی لەسەر چۆك بەرانبەر مامۆستا.

ئینجا یەکی دەنگ خۆش و بەتەئسیر عەشەرەیەکی قورعان دەخوێند، ئینجا مامۆستا دەستی دەکرد بە: خوێندنەوەی ئیجازە نامە بەسەر فەقێیەکەدا: بسم الله الرحمن الرحیم الحمد لله رب العالمین والصلاة والسلام علی خیر خلقة محمد وآلەو صحبة واتباعة اجمعین أمابعد.. پێدا ئەچو ئەمە لەلای ئەوی خوێندوە ئەو لە لای ئەم. تاکو دەگەیشتە ئیمامی عەلی، ئەمیش لە لای محمد صل الله علیە وسلم ئەمیش لەلای جوبرائیل ئەمیش لەخزمەتی زاتی تەعالی- دوبارە لەهەوراز راپێدادەهاتەوە خوارو کەوا خوا ئیجازەی دابە جبرائیل و ئەو بەپێغەمبەر (د.خ) ئەو بە ئیمامی عەلی ... تاکو دەگەیشتە مامۆستای کەئیجازەی داوە بەم مەلایە. ئەوا منیش ئیجازەم دابەم فەقێیە کەببێ بەمەلا- پاش ئەمە کەوا ماوەیەك لەلای من مایەوە، تێی گەیشتم کەوا لاییقە بۆ مەلایەتی و فتواو شەرع و شەرع کاری، ئیجازەم داپێی بەمەرجێ تەدریسی بکاو بەشەفەقەت پێ لەگەڵ فەقێیان.. ئیجازە نامە پڕ بوو لەلوغاتی توندو ناخۆش، پڕبوو لەناوی مەلایان.. دەبایە هەربەزوبانی عەرەبی بخوێندابایەوە.

پاش تەواو بوونی خوێندنەوەی ئیجازە، یەکی زاناش خوتبەیەکی بەزوبانی کوردی ناوچەکە دەخوێندراوە، پڕبوو لەمەدحو زانای فەقێ و مەلاو ئەو کسانەی کەخزمەتی ئایین دەکەن... پڕبوو لەئایەتو حەدیس. ئینجا فەقێی ئیجازە وەرگر هەڵ دەسایە سەرپێ دەستی مامۆستای ماچ ئەکرد دوایی دەستی یەکەیەکەی مەلاکانی ماچ دەکرد ئینجا خەڵکەکەی تر دەهاتن دەستی فەقێیەکەیان ماچ ئەکرد، لایان وابوو لەگوناح پاکژ بوویتەوە هەبوو دەی ووت: بەوەندە سوێندە بۆنی بەهەشتی لێ دێ. ئینجا فەقێیەکە لەشوێنی هەوراز دادەنیشت، نوسخەی ئیجازەکەیان بۆ دەبرد ماچی دەکردو لەسەر سەری دادەناو هەڵی دەگرت بۆخۆی.

لەپاشان دەس دەکرا بەپرژاندنی گوڵاو بەسەر خەڵکەکەدا، ئینجا شەربەت دابەش دەکرا.

نوێژی عەسر بەتێکڕایی لەدوای ئیجازە وەرگرەکە دەکراو دەبوە ئیمام-لەپاش عەسر هەر تاخمەو مەلاو فەقێبوو دوعا خوازی دەکردو بەرەو شوێنی خۆی دەگەڕاوە.

ئینجا مەلایەکەی ئیجازە وەرگر لەگەڵ تاخمە فەقێیەکو خزمو کەسی خۆیو هەندێ پیاو لە خەلکی ئەم دێیەی کەلێ بوویتە مەلا بەڕێ دەکەوتو دەڕۆی پاش دوعا خوازی. لەوێش دووسێ ڕۆژ بەزمو خۆشی بوو.

لەزۆر شوێن پاش خوێندنەوە ئیجازە پارەکۆ دەکرایەوە بەخەڵات بۆ مەلای ئیجازە وەرگر.

بینیم لەکۆیە قایم قام خەڵاتێکی باشی مەلا حەمەدەمین سەر دوری کرد کەئیجازەی وەرگرت لەلای مامۆستای زاناو ناودار مامۆستا مەلا مەعصوم هەورامی لەساڵی ١٩٤٥ دیتم لەعەوێنە شێخ محمد شێخ جەلال عەبایەکی زۆر باشی خەراتی مەلا ئەحمەدی حەمەدەمین کرد مەشورە بە: مەلا ئەحمەدی سێر. ئینجا مامۆستا دەکەوتە ئیسراحەت لەفەقێیی دەردەچوو دەکەوتە ژیانی مەلایەتیو ماڵو حاڵو تەدریس.

## دوانزە عیلم

لەناو کوردەواری مەشور بوو مەلای (١٢) عیلم، دیارە مەبەس لەم دوانزە عیلمە عیلمی عەرەبی‌یە ئەگینا ئەو عیلمانەی کە دەخوێندران لەچەرخی (١٣-١٤)ی ك نزیکەی (٢٤) عیلم بوون. هەندێکیان عەرەبی بوونو هەندێکیان لەبێگانەوە تەرجومەکرا بوون بۆ عەرەبی لەسەردەمی دەوڵەتی عەبباسی‌یەکان، کە ئەوسا (بغداد دارالعلم) بوو.

کتابی (مجمع العلوم) دەڵێ (١٢) عیلم عەرەبی‌نەو ئەوانی تر کراون بەعەربی، عیلمە عەرەبی‌یەکان ئەمانەن:

١-علم الاداب والمناظرة.
٢-علم المعانی والبلاغة.
٣-علم الصرف والاشتقاق.

٤-علم النخو والأعراب.

٥-علم الوضع.

٦-علم البديع.

٧-علم البيان والاسعارات والمجاز.

٨-علم اصول الفقه.

٩-علم الفقه والميراث والشريعة.

١٠-علم الكلام والعقائد.

١١-علم التفسير.

١٢-علم الحديث.

ئەمانە عیلمی ئیسلامەو قورعانو ئەحکامو شەریعەتیان پێ ئەزاندرێو ڕۆن ئەبێتەوە.

عیلمەکانی تر لەبێگانەوە کراون بەعەرەبی فەقێو مەلا بەم عیلمانە هێزیان پێ زیاد ئەبێ.

ناوی عیلمەکان:

١-علم المنطق والميزان والفلسفة.

٢-علم الحكمة والطبيعيات.

٣-علم العناصر.

٤-علم الإلهيات.

٥-علم الهندسة والمقياس.

٦-علم الحساب والجبر.

٧-علم الرياضيات والأفلاك.

٨-علم العروض

٩-علم الخط والانشاء

١٠-علم معرفة الميقات والاوقات وفصول السنة والقنوات.

١١-علم الكفو الرمل والاكاسير

١٢-علم القيافة والخراسة والتشريح

١٣- علم الطلب.

بەڵام مەلاکانو فەقێکان عیلمی (١١-١٢) یان بەکارنەدەهێناو نەیان دەخوێند بەداخەوە کەزۆر بەکەڵك بوون.

## جۆرەکانی مەلا

١-مەلاکانی هەرەچاك

٢-مەلاکانی چاك

٣-مەلاکانی تێ گەیشتوو زیرەك

٤-کۆلکە مەلا

٥-گۆلکە مەلا.

١-فەقێی ئاخر ماددەیان دەچوە خزمەتو ئیجازەشیان دەدا، لەلای پیاوی گەورەو خانەدان رێزو حورمەتیان هەبوو، لەدوایان دەگەڕان بیانکەن بەمەلاو خزمەتیان بکەن، بەمانە دەوترا مەلای دوانزە عیلمو یاخود مەلای إبن الحجر، هەرکات مەدرەسەی ئەم زاتانە لە (٣٠) فەقێی کەمتر لێ نەبوە.

٢-ئەمانەش مەلای دوانزە عیلم بوون فەقێی ئاخر ماددەیان دەچوە خزمەت بۆ خوێندن، بەڵام فەقێی ئیجازەیان لەلا وەرنەدەگرتن، هەرکات لە(٢٠)فەقێ کەمتریان نەبووە، قەدرو رێزیشیان لەلای خەڵك زۆر بوە.

٣-مەلای جوانو زیرەکو تێ گەیشتوبوون، ئیجازەیان وەرگرتبو خاوەن فەقێ بوون لە(١٥) کەمتریان نەبوو لەکتابی جامی بەدواوە تاکو کتابی شرح شەمسی یان لەلا دەخوێندرا. ئەم سێ جۆرە مەلایە جوببەیان لەبەر دەکردو مەندیلیان لەسەر دەنا مەلایەك ئەگەر ئیجازەی وەرنەگرتبایە لەکاتی خۆی مەندیلی لەسەر نەدەناو جوبەشی لەبەر نەدەکرد ئەگینا گاڵتەی پێ دەکرا، مەشوربوو کەسێ ئیجازەی وەرنەگرتبایەو جوببەی لەبەر بکردبایە- پێی دەووترا: خۆی جل کردوە.

٤-کۆلکە مەلا لەکاتی خۆی زیرەكو تێ گەیشتو بوونە، بەلاّم خوا یاریدەی نەداوون کەخوێندن تەواو بکەن، لەبەر هۆی تایبەتی خۆیان، یان کەسی‌یان نەبوە یارمەتی خوێندنیان بدات، یان باوکیان مردوە خەریکی منداڵ بەخێو کردن بوونە یان توشی عەداوەت بوونە ئەم جۆرانە لەدەشتایی عەبایان دەهاوێشتە سەر شانیانو جەمەدانیان لەسەردەنا، لەناو کێوان وادەبوو مەندیلەیان لەسەر دەنا، ئەم جۆرە فەقێو مەدرەسەیان نەبوو، بەلاّم پیاوی نەجیبو عاقرومەندو چاوتێرو زیرەك بوون.

٥-گۆلکە مەلا، هەروەتە ناوی مەلا بوو بەس قورعانو مەولودو یاسینو تەرقینی دەزانیو لەنووسینو شت بێ بەش بوون، نەزانو نادانو لاپەرە سەنگ، هەردەم لەدیوەخان قورپی مەسینەی قاوەیان لەدەست بوو هەروا کیفەی لێوە دەهات یجوزوو ولا یجوزوی لەلایەك بوو.

## نوکتەیەك لەسەر ئەم جۆرەیە(گۆلکە مەلا):

یەکێك لەم جۆرە لەدەشتی کۆیە مەلا دەبێ، پیاوێکیش هەبوو لەدێیەکە حەیوانی دەکڕیو دەیفرۆشتەوە بەپارەی کابرایەکی دەوڵەمەندی شاری هەولێر کەناوی: عوسمان بابش، بەجۆرە قەسابانە دەووترا چەرچی، کابرای چەرچی (٣٠) گیسك(بزن) دەکڕێو بەشوانی خۆی رەوانەی هەولێری دەکات لای عوسمان بابش، داوا لەمامۆستاش دەکات قاغەزێك بنووسێ بۆ عوسمان کەوا ئەم (٣٠) گیسکە جۆتی لەسەر (٣) روپیەیە.

مامۆستاش بەم شێوەیە قاقەز دەنووسێ:

٥ ٥

. . .

ع س م ا ن با فش او |||||||||||||||||||||||||||||||

واتە ئەم وێنەشی لەگەڵ کردبوو.

شوان گەیشتە هەولێرو قاقەزی تەسلیم بە عوسمان بابش کرد چەندی کردیان سەریان لەقاقەز دەرنەچوو... وتیە شوانەکە کەگەڕایتەوە بەعەجەلە مەلام بۆ بنێرە ئیشم پێیەتی..

ئینجا مامۆستا هات چوە سەردوکانی عوسمان بابش، عوسمانیش چەند کەسی بانگ کرد بۆ ئاگاداری، ووتی مامۆستا دە قاقەزە کەمان بۆ بخوێنەوە ئێمە کەسمان سەرمان لەمە دەرنەکرد. مامۆستاش فەرموی: یەکو کۆرە بوینە خۆمن کۆرەنیمە، ئەم ئەلفانە (٣٠) ئەلفن مانای(٣٠) گیسکە ئەم دوو پێنجە گەورەیەش مانای: جۆتە گیسکە، ئەو سێ خاڵانەش مانای (٣) روپیەکەیە، ئەمەکەی پێشەوەش ئەدی کۆرە بوینە، ئەمە عەین نیە، ئەمە سین نییە، ئەمەمیم نیە، ئەمەش ئەلفەو ئەوی تریش نونە یانی عوسمان، ئەمەکەی تریش فشو فشو فش، ئەوجا تێ گەیشتن.

بوە پێکەنینو بەزم، ووتیان جوان تێ گەیشتین. عوسمان بابش دوو روپیەی دا مامۆستا ووتی ئەمە خەڵات بێ مامۆستا هەقی دەستو قەڵەمت مەلاش پارەکەی خەرج کرد بۆ ماڵەوەو گەڕاوە، کەمەلا ژن چاوی بەم ئەشیایانە کەوت ووتی: مەلا تۆ کەڕۆیشتی پارەت پێ نەبوو ئەم هەموو شتە چی‌یە؟

مەلا ووتی، حورمێ بخۆ- پیاو خەتو سیوادی وەکو منی هەبێ کومەعتەل دەبێ؟ هەر بزانە چوم بوومە میرزا لەلای پیاوێکی گەورە.

(بۆزانین: مامۆستام دەناسی ناوی دێیەکەش دەزانین، بەڵام چل ساڵ پترە مامۆستا وەفاتی کردیە خوالێ خۆش بێ، هەر هەندەی زانیوە...).

یەکێتر لەم جۆرە مەلایە لەناو مەجلیسێکی عومدە (گەورە)و پڕ مەلا کتابی خەربوتی- شەرحی قەسیدەی بوردی‌یە لە دەست بوو، دەیووت خەرتۆپی/ چەندی پێیان ووت بفەرموو: خەربوتی- دەیووت: بەتەمانە بەخەرەتی پێم بسەلێنن وەاللە دەنا هەر خەرتۆپی‌یە.

## ئیدارەو رابواردنی مەلاکانی کوردستان لەچەرخی (١٣-١٤)ی ك

سیٚ جۆرە مەلا لەکوردستان هەبوون:-

١-مامۆستاکانی شار.

٢-مامۆستاکانی دێهاتەکانی دەشتایی.

٣-مامۆستاکانی دێهاتەکانی ناو کێوانو شاخان.

بەشێوەیەکی گشتی مامۆستاکانی کوردستان مەعاشیان لەدەوڵەت وەرنەدەگرت.

### ١-ئیدارەی مەلاکانی شار

قلە قلە کەمێکیان یارمەتی لەدەوڵەت وەردەگرت بەتایبەتی لەپاش لاچونی ئیحتلالی ئینگلیز، بەزۆر کەم وابوە لەچەرخی عوسمانیەکانیش شتێکیان هەبوە لە:

بیت المالـە. ژیانیان: زەکاتیان چەنگ دەکەوت لەلایەن دەوڵەمەندەکان- ئەگەرچی هەندێکیش لە دەوڵەمەندەکان ئۆیـن بازیەکیشیان دەکرد: زەکاتیان زۆر دەدا مامۆستاو دوایی لیٚیان دەساندەوە- کەمێکیان بۆ بەجیٚ دەهێشتن، ئەمەش پیٚی دەووترا حیلەی شەرع، دەبایە مامۆستاکان ئەمەیان بۆ نەکەن بەڵام ئاخ دەردی برسێتی گرانە.. سەرفترەشیان وەردەگرت، لەخێرو خێرات سوودیان وەردەگرت هەروەها لەمەسەلەکانی نیکاحو تەراقو دابەش کردنی میراتو اسقاط صلاة، ختمە تەهلیلە، ختمی قورعان مردو بەر جومعە خستن، مەولود خوێندنەوە.. مەلا هەبوولەمارە بەجاش سودی وەردەگرت.

لەچەرخی ئینگلیز هەندێکیان موچەیان درایـیٚ، هەندێك کران بەقازیو وەکیل قازی، لەچەرخی مەلەکی هاشمی لەعیراق زۆر لەمەلاکانی شار بوونە موچەخۆر، بەڵام موچەیەکی کەم.. لەچەرخی رەزاخانی بەهلەوی لەکوردستانی ئێران لەشارەکان مەلا زۆرکران بەقازی..

**ماره بەجاش/** کابرایەك تەراق دەخوا لەژنی خۆی، تەراقی دەکەوێ، ئینجا لەکابرایەکی تر مارە دەکرێ، مەرجە ئەو کابرایە ئیلاقەی ژنەکە بکات دوایی تەراقی بداتەوە، ئینجا پاش عیددە تەواوبوون لەکابرای پێشو هەمسا مارە دەکراوەو دەبۆوە بەژنی:

**هەیاران وەکو جاران بەخێربێتەوە دایکی منالان** ئینجا بلاویان دەکردەوە کەوا: لەگۆزە مارەکراوە، یان لەکولەکە (کودی)، بۆیە وایان دەووت تاکو عەیبەیان لێ نەگرن، ئەمەش زۆر بەنهێنی دەکرا لەبەر عەیبە. بەلام ئیشەکە بێ شەرعی‌نیەو لەقورعان دایە بەم ئیشە دەوترا: مارە بەجاش.. کابرای دووەم کەلێی مارە دەکرا پێی دەووترا: جاش. لێرەدا کابرای یەکەم خاوەن ژنەکە سوودی وەردەگرت‌و ژنەکەی دەبۆوە ژنی‌و مەعتەل نەدەبوو. مامۆستا پارەیەکی باشیان دەدایێ هەقی ئەم تێکەو لێکەیەو دەنگ نەکردنی، کابرای جاش پارەیەکی باشی وەردەگرت‌و تێریش (؟) دەبوو، زۆر جاریش وابووە: جاشەکەو ژنە ئیتفاقیان کردووەو ژنەی تەراق نەداوە، کابرای یەکەم دەستی بەربووە.

مامۆستاکانی شار زۆر خاوێن بوون جلی باشیان لەبەر دەکرد جلو بەرگی هاوین‌و زستانیان جیابوو. خەلك سامی لێ دەنیشت لەراست مەلاکانی شار، بەکورتی ئیدارەیان خەراپ نەبوو.

**نوکتەیەك لەسەر مارە بەجاش/** لەچەرخی (١٣)ی ك، مەلا محەمەد سابلاغی- مەلا محەمەدی گەورە مەشوربوە چ کات لە (٥٠) فەقێی کەمتر لانەبوە، مەشوریش هەم بەمەلا محەمەدی قازی فەقێیەکی زیرەکو جاحێلی خەلکی ولاتی گەرمیانی لادەبێ، بەلام زۆر دەست کورت بوە.

حاجی‌یەکی دەولەمەندی دوکاندار هەبوو تەمەنی لەدەوری (٧٠) سالی دابوو، ژنێکی جاحێلی هەبووە جوانو بەشەوکەتو نەرم‌و نۆلۆ ناسك...، حاجی بێ ووجاغ بووە مالەکەشی هەمووی لەقەبەر ژنەکردبوو، رۆژانی جومعە فەقێ جومعانەیان هەیە لەلای پیاوانی حالدار، دەلێنە فەقێی

گەرمیانی بچۆلای ماڵی مام حاجی جومعانە بێنـــە، ئـەویش دێتەبـەر قـاپی لەدەرگا دەداو مام حاجی دێتو دەڵێ: هاتۆچیت؟ چیت دەوێ؟

دەڵێ: فەقێی مەدرەسەمەو هاتوومە بۆ جومعانە، حاجی دەڵێ: راوەســتە دەچم بۆت دێنم... دێتەوە لەماڵ پارچەیەك لەكندر (پەت) دەكاتــەوە بەقـەد باڵێك، دەی دات بەفـەقێو دەڵـێ: بگـرە فـەقێ ئەمـە جومعانـەت، فـەقێش دەڵێ: ئەمن چ لەو كندرە بكـەم؟ دەڵـێ لـەملی خۆتـی گـرێدەو خۆتـی پـێ بخنكێنە، ئەو زەغەڵیەو تەمبەڵیو سالۆسییە چیە ئێـوە لەسـەرن؟ بچـۆ بـۆ خۆت كاریكە، فەقێ كندرێ هێناوە زۆر غەمگین بوو، ئـەو رۆژێ لەخەفـەتان نانی بۆنەخورا. چەندی فەقێیەكانی هاورێی پێیان دەووت بۆ عاجزیو نـان ناخۆیتو دەرس ناخوێنی؟ دەی ووت نەخۆشـم. لـەپاش چـەند رۆژێـك وارێـك كەوت حاجی لەسەر دوكان دزییەكی لەكرپارەك كرد، كرپارەكە شـكی كـرد كـەحاجی لێ دزیـوە خـەڵك كۆبوونـەوە حـاجی سـێ بەسـێ تـەراقی خـوارد كەبەرییە لەم دزییە، بەڵام خواكردی دەمو دەســت شـتەكەی لێ ئاشـكرابوو، كەوتنە دوای حاجی كەوا تەراقی كەوتووە، حاجی ژن زانـیو لێی تـۆراو مـام حاجی موراجەعەی مامۆستای گەورەی كـرد، مـامۆسـتاش بریـاری دا كـەوا تەراقی كەوتووە، پاش عیددە هــەڵاتن بریـاری مـارە بەجاشـیان داو خانمیـان لەفەقێ هەژارەكەی گەرمـیان مارەكرد لەبەر ئەوەی هەم خـەڵكی ناوچەكـەش نەبوو.

فەقێ حاجی دەناسیەوە، كـەچی حـاجی فـەقێی نەناسـیەوە فـەقێ پارچـە كندرەكەی لەباخەڵ ناو چووە لای حاجی ژن شەوێ. لەهۆدەی خاوێن، دۆشەكو مافور، باليف (سەرین لەكوركی كەوێ، ئینجا فەقێ چیت دەوێ، خانوەكەی حاجی بەگەچ سپی كراوە، لالەو سورەیا دەسوتێ، فەقێ نازانێ خاتون سـپی ترە یان قسرەكە، لالەو سورەیا بەشەوق ترە یان خاتون، فەقێ ناوی خوای لێ هێنا قـاچی سـپی خـاتونی گرتـە دەسـتو هاوێشـتییە سـەر رانی كلچوكـی گەیاندە كلدانی، لەهەشت نۆی ئاواكرد تابەیانی، خاتون كەتەماشـای كـردو بیری كردەوە:

داروکەی حاجی بەعەستەم لەدەرکی هی ئەم دەڕوات هەتا ناوکی
حاجی لەمانگیٚ گەربیٚ یێك جار ئەمیش بەسیسیو بەنەرمیو کالیار
هی ئەمە بەشەویٚ تیٚ پەڕی لەنۆ
ئەمە خۆڕاستەو خەیاڵ نییەو درۆ
بۆیەکی وەك حاجی موفتی زەهاوی فەرمویەتی:
**پڕوای پیٚ مەکە ئەلفەکەی سیسە**
**ئەگەرچی ئەلفە... ئەلفی تەئنیسە**
خاتون کەتەماشای کرد دیقەتی دایێ ووتی
این کجا وانکجا ئەمە لەکویٚو ئەو لەکویٚ؟ ووتیە فەقیٚ:

بەقوربانت بم نەکەی تەراقم بدەی، بڵیٚ ئەم شەو دەخلم نەکردوە، سوبەی شەویش هەروا بڵیٚ، ماڵ هەمووی هی منەو حاجی سەرکارە، حاجی دەردەکەین. بەیانی حاجی لەقاپی داو بانگی فەقیٚی کرد: وەرە بابچینە لای مامۆستا، فەقیٚ لای مامۆستا ووتی قوربان شەرم گرتمی دەس نوێژم لیٚ نەشکاوە، نادریانە لای خاتون تاوەکو بزانن فەقیٚ راست دەکات، خانمیش لەوەڵاما ووتی: ئەم فەقیٚیە بڕوا ناکەم نێراتی هەبیٚ، من بۆ لای دەچم ئەو ڕای دەکرد، مامۆستاش فەرمووی: ئەم شەویش باوابیٚ چونکە لەمارە بەجاش مەرجە ئیلاقەی ژنە بکات، ڕۆژی دوایش فەقیٚو ژنە هەر بەم حاڵەیان رابوارد، ڕۆژی سیٚیەم کەحاجی هات فەقیٚیەکە پارچە کندرەکەیدا دەستیو ووتی: فەرموو حاجی، حاجی ووتی: ئەمە چییە؟ ووتی بچۆ خۆتی پیٚ بخنکێنە ئەمە کندرەکەی خۆتە لەفلاَن کات لەباتی جومعانە پێت دام، حاجی ژنیشی لەباڵەخانە بانگی کردو ووتی: پیرە گەمبۆل بڕۆ رانەوەستی چەندی حاجی موراجەعەی مامۆستای کرد فەقیٚ تەراقی نەداو حاجیش ڕۆیی بەبیٚ ماڵوحاڵ.

لەوماڵو لەوماڵ، لەو مزگەوتو لەم مزگەوت، هەرگری خوارد تاکو لەخەفەتو مەراقو داخ بەزگی داو وەفاتی کرد. خوادەفەرمووی:

( فمن اعتدى عليكم فاعتدوا عليه بمثل ما اعتدى عليكم )

### ٢-ئیدارەی مامۆستاکانی ناوکێوان

زۆربەی دەسکورتو بێ حاڵ بوون... لەگەڵ هەندێش وەکو ئاگرو پووشی بون لەسەر کتابو عیلمو تەدریس، کەواو سەڵتەیان لەبەر دەکردو مەندیلیان لەسەردەنا، کەم وابوو جوببە لەبەر بکەن، بەزۆری کورتەکو شەڵواریان لەبەر دەکرد... ساڵانەیان هەبوو لەدێیەکە، لەکاتی لیرە ساڵانە یان دووسێ لیرە بوو، بەم دواییینە شەش حەوت دینار بوو، کەم وابوو ببێتە (٢٠) دینار، ساڵی ماڵو بارە دارێکیان ئەدانێ لەگەڵ چەند شوە توتن، چەند تەنەکە مێوژ، چەند باتمان دۆشاو، واش دەبوو لەزەکاتی مێوژ بەشیان دەدان، لەسەلاتو ئیسقاوختەو ژن مارە کردنو تەراق... شتیان بەدەست دەکەوت واش دەبو بە بەراوێکی مزگەوتی دەکردە توتن... هەرکات مامۆستایانی ناوکێوان پێڵاویان بەپێنەبوو کراسو دەرپێیان خام بوو یاخود: جاوبوو. ناو کێوان (دار العلم) بوو مامۆستاکانیان زۆریان ئیجازەیان دەدا.

### ٣-ئیدارەی مامۆستاکانی دەشتایی

حاڵیان باش بوو، کەواو سەڵتەی باشیان لەبەر دەکرد جوبەو عەبای چاك... جلی باش... زۆریان خاوەن مانگاو حەیوان بوون، ماینی سواریان هەبوو... شکارتەیان بۆ دەکردن... خاوەن دێیەکەش نیو عەلبە گەنمی بۆ دەچاند بۆی دەدوریەوە... نزیکەی ساڵانە ٧٠-٨٠ عەلبە دەغری دەهات. گوندی عەلیاوەی شێخان مەلا نزیکەی (١٥٠) عەلبە دەغری وەردەگرت زۆربەی هی حاجی شێخ محمد ئەمین شێخ حسن بوو.

## هەندێ لەبەرهەمی مامۆستا ئایینییەکانی کوردستان

ئەم تەئلیفاتو تەسنیفاتو تەعلیقاتی مەلاو فەقێی کوردستان کردوویان هەرنەبوەو نابێ هاوتای نیە.

بنوارە ئەمانە:-

**تەفسیری مەحمودی زەمەخشری، بەیزاوی، حاشیەی کەشاف هی تەفتازانی، تەفسیری جەنابی مەلای کۆیو ماموستا حسین شێخ سەعد، شەریعەتی باجوری هی شێخ ئیبراهیم،ئەنواری مەزن، تەعلیقاتی حاجی برایم کومەسرا- لەسەر ئەنوار، تەئلیفاتی ماموستای بێتوشی لە: سەرف (العنایە)و شێخ مەعروفی نۆدەهی لەسەر فەریدەی عیلمی بەیان هەروەها تەئلیفاتی ئەم زاتانە: (بهاالدین العاملی) زانای حەیدەریەکان، ابن أدم، مەلای خەتی، مەلا یەحیای مزوری، مائیەکان، ماموستا مەلا سالحی کۆزەبانکەیی بەتایبەتی لەسەر تەفسیری مەدارك، ماموستا ئیسماعیل جدیدەییو ماموستا (عبدالله) مودەڕیس کتابی (کما الدین)، ماموستا شێخ عومەری بالیسانو ماموستا محەمەدی برای، ماموستا (عبدالکریم) مودەڕیس، ماموستا مەلا (سید محمد)ی پیرداودی، مەلا قادری سنجاوی مەلا (عبدالله) بورهانی مەلا خەلیلی سنجاوی ماموستا مەلا (عبدالله) ی فەرهادیو ماموستا عوسمانی جەعفەری... زۆر لەماموستایانی تر لەئێستا ناووم بەیاد نایەن داوای لێ بوردنیان لێ دەکەم.**

## ئەم شوێنانەی فەقێ ئیجازەی لێ وەردەگرت

ئەم شوێنانەی کەفەقێ ئیجازەیان لێ وەردەگرت لای ماموستا بەرێزەکانی کوردستان بوو وەك: ماموستاکانی حەیدەری، شێخ وەتمانی، خەیلانی، شێخ سولەیمانی حەقیو مەلا محەمەدی نەوەی قازی کوردستان لەچەرخی پاشای گەورە، (ابن ادم)، جەلیزادەکان بەتێکڕایی، بنەماڵەی مەلا فەندی هەولێرو بۆخۆیو بابو باپیرانی، شێخ ئەبوبەکری هەولێریو شێخ مستەفا زاناو دانا، مەلاسالحی تورکی لەگوندی جەلدیانی کاك هەمزە، (عبدالرحمان) پێنجوێنی، قزلجی، شێخی قەرەداغی، مەلای چوڕستانی، شێخ مەعروفی نودەهی بنەماڵەی مائی، شێخ عومەری بالیسانیو مەلا محەمەدی برای، مەلا تەهاو سادقی شەقلاوەیی، ماموستا عەبدولکەریم لە بیارە، ماموستا سالح کۆزەپانکەیی، (سید محمد)ی پیرداودی، ماموستا مەعسوم هەورامی،

محەمەدی شـیروانی، عوسمـان خورماڵـەیی، (بـەحری علـوم احمـدی) بانـەیی، ئەبوبـەکری سـارتکەیی، ئەبوبـەکر کۆیـی، (محمـد)ی بێتواتـەیی، ئەحمـد ئاشۆکەیی، (عبداللە) شێخ مەموندی، موفتی (هیبة اللە) لـەئاکرێ، مـەلا قادری کانی دەربەندی، فەتاحی شوان، سادقی دایە خەجێ ...زۆریتر. بـەڵام ئەوەندەم ووتوە بۆ نمونەو بەس.

## ئافەرین بۆ میللەتی کورد

ئافەرین- هەزار ئافـەرین بـۆ گـەلی کـورد، لەسـەر ئـەو دەسـت کورتـیو هەژاری غەدرو زوڵمە کەوا بەسەرو بەماڵو بەروحو بەگیان- خزمـەتی مـەلاو فەقێو مەدرەسەیان دەکرد بەهەمەو جۆرێك بەدڵێکی زۆر خۆش لەزۆر شـوێن خزمەتی شێخو تەکیەو خانەقاشیان لەسەر ئەستۆ بوو جگـە لەخزمـەتی بابـە خەلیفە.

ئەگەر فەقێ راتبەی ماڵێکیان نەهێنابایە توورە دەبـوو- دەی ووت دیـارە مـن بـەپیاو نـازانن راتبـەی مـاڵم ناهێننـەوە؟ زۆرجـار وابـو زیافـەتێکی (دەعوەتێکـی) گـەورەی دەکـرد بـۆ هـەموو مـەلاو فـەقێ، تـاکو راتبـەی بهێننەوە، گومـان نیـە کەیـەزدان لـەو جـۆرە کەسـانە خۆشـی دەبـێ، چونکـە فەرمودەی پێغەمبەرە (د.خ) دەڵێت:

**لەرۆژی قیامەت، شەهید، سەخی ئەچن بۆ بەهەشت لەگەڵ خوێنـدەواری ئایینی، بەڵام خوا دەڵێتە خوێندەوارەکە: کێ خزمەتی کردی، کێ بەخێوی کردیو یارمەتی دای- بەبێ ئەوان مەچۆرە بەهەشت.**

هەزاران ئافەرین بۆ ئەم گەورانەی میللەتی کورد کەچۆن خزمـەتی فەقێو مەلاو مەدرەسەیان دەکرد لێنەدەگەران کەسێ دەست درێژی بکاتە سەریان.

# ناوەرۆك


وتەیەك ..... 5
پێشەكی‌و پێش دەست ..... 7
سەرەتای خوێندنی فەقێیاتی ..... 19
سەرەتایی چوونە ناو فەقێیاتی كورە فەقێ ..... 23
ناوی قەدەغە كراو لەفەقێیاتی ..... 24
جۆرەكانی فەقێ ..... 24
ئەرێ بابەی فەقێیان ..... 33
گواستنەوەی فەقێ لەمەدرەسەیەك بۆ مەدرەسەیەكی تر ..... 35
سەردانی فەقێ بۆ ماڵی باوكی ..... 36
مانگی رەمەزان ..... 37
سەردانی مەدرەسەكان بۆلای یەكتر ..... 39
یەختەی مەلا ..... 40
كێخوای فەقێیان ..... 42
راتبەی فەقێیان ..... 44
میوانی فەقێیان ..... 46
دەفتەر ..... 47
چەند نوكتەیەك لەسەر فەقێ‌و كیژۆكاڵ ..... 48
دەی فەقێیان ..... 52
تخفیف من ربكم ..... 52
دا پیری فەقێیان ..... 53
رابواردنی فەقێ‌و ئیدارەكردنی لەمەدرەسە بەگشتی ..... 55
ئیدارەكردنی فەقێ هەركەس بۆ خۆی ..... 56
نوكتەیەك لەسەر سەلات‌و ئیسقا ..... 57
دەستوری دەوركردنەوەی فەقێیان بەشەوان ..... 58
چۆنیەتی دەرس خوێندنی فەقێ ..... 59

دەرس خوێندنی ماموستای گەورەو موستەعید ........ 59
ئاگرو روناکی فەقێی کوردستان لەچەرخی ١٣-١٤ك ........ 60
چایەی فەقێیان لەمەدرەسە ........ 62
کاتی تەموین و فەقێی مەدرەسە ........ 64
چایەی فەقێیان لەکاتی تەموین ........ 66
شوێنی فەقێ و مەدرەسە ........ 66
غەدرکردن لەفەقێی مەدرەسە ........ 67
هەندێ لەگەمەو سوحبەت و سەیرانەکانی فەقێیان ........ 69
کاتێ فەقێ خوێندن تەواو کرد ........ 72
چۆنیەتی ئیجازە وەرگرتنی فەقێ ........ 75
سودی ماموستا لەئیجازە ........ 78
کۆبونەوەی ئیجازەو تەدارەکی ئیجازەو رەفتاری خەڵکەکە ........ 78
کاتی سوحبەت و سەیران لەئیجازە ........ 79
پاشای ئیجازەو تەدارەکی پاشا ........ 80
گەمەکانی ئیجازە ........ 84
روداوێکی خۆش لەسەر ئیجازە ........ 84
دوانزە عیلم ........ 91
جۆرەکانی مەلا ........ 93
ئیدارەو رابواردنی مەلاکانی کوردستان لەچەرخی ١٣-١٤ك ........ 96
مارە بەجاش ........ 97
ئیدارەی ماموستاکانی ناوکێوان ........ 100
ئیدارەی ماموستاکانی دەشتایی ........ 100
هەندێ لەبەرهەمەکانی ماموستاکانی کوردستان
ئەو شوێنانەی فەقێ ئیجازەی لێ وەردەگرت ........ 101
ئافەرین بۆ میللەتی کورد ........ 102



## نوسەر لەچەند دێڕێکدا

* لەساڵی ١٩١٩ لەدێی گرد عازەبانی سەر بەناوچەی قوشتەپەی دەشتی هەولێر لەدایك بوە.

* لە ١٩٤٩/١٠/٧ ئیجازەی مەلایەتی لەپایتەختی میرانی سۆران، شاری پاشای گەورە، ڕەواندوز، لەلای مامۆستا مەلا عبدالكريم ئەسعەدی خەیلانی وەرگرتوە.

* لە ساڵی ١٩٦٠ بوەتە مامۆستا لە قوتابخانەکانی میری.

* لەساڵی ١٩٨٠ خانەنشین بووە.

* لە ١٩٨٥/١٠/٢٠ کۆچی دوایی کردوە.

* ئەم نوسراوانەی لە پاش بەجێ ماوە.

1- ساڵنامەو فۆلکلۆری کوردی (٢) بەرگە.

2- غەم ڕەوێن. (٨) بەرگە.

3- دیوانی شیعر.

4- بەسەرهاتی ژیانی خۆی.

5- مصباح الطالب في المطالب، في علم النحو.

6- مصباح الظلام للحجاج الكرام (٢) بەرگە.

7-فتاوى علماء الكرد (٢) بەرگە.